# چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا

نامەیەکە

**مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ . ی . د . فەرەیدوون عەبدول محەمەد

(2710)ی کوردی (2010)ی زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو:پ.ی د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

ڕۆژ: / / 2010

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / /2010

ئێ مه ئه ندامانی لیژ نه‌ی هه‌ڵ سه‌نگاندن، ئه‌م نامه یه‌مان خوێ نده‌وه و له گه‌ڵ خوێنکاره که‌دا گفتوگۆ مان ده‌ر باره‌ی ناوه‌ڕۆك و لایه نه‌كانی تری كرد و بڕیارما ندا، که شایه‌نی ئه‌وه یه، به پ له‌ی ( ) بڕوانا مه‌ی دکتۆرای له زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.ی.د.محمد عبدالفتاح حمه سعید
ئه‌ندام
ڕۆژ: / 11 / 2010

ناو: پ.د.وریا عمر أمین
سه‌رۆکی لیژنه
ڕۆژ: / 11 / 2010

ناو: پ.ی.د.بکر عمر علی
ئه‌ندام
ڕۆژ: / 11 / 2010

ناو: پ.ی.هۆگر محمود فرج
ئه‌ندام
ڕۆژ: / 11 / 2010

ناو: پ.ی.د.أبوبکر عمر قادر
ئه‌ندام
ڕۆژ: / 11 / 2010

ناو: پ.ی د. فریدون عبدول محمد
ئه‌ندام و سه‌رپه‌رشت
ڕۆژ: /11/ 2010

له لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی كۆلیژی زمانه‌وه په‌سه‌ندكرا.

ناو: د.کاوان عوسمان عارف
ڕاگری كۆلیژی زمان
ڕۆژ: / / 201

پێشکەشە بە :

- گیانی پاکی مامۆستای پایە بەرز

( پ.د. محمەد مەعروف فەتاح )

- هاوسەر و هاوڕێی ڕۆحم ( بارام )

- جگەر گۆشەکانم ( گلارە و سەما)

# سوپاس و پێزانین


**سوپاس و پێزانینم بۆ :-**

- مامۆستای سەرپەرشتم پ.ی.د.فەریدوون عبدول محەمەد، که بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.
- پ.ی.د.محەمەد عەبدول فەتاح و پ.ی.د.بەکرعومەر عەلی لە هەموو کاتێکی پێویستدا هاوکارییان کردووم و وەڵامی پرسیارەکانیان داومەتەوە.
- پ.د.وریا عومەرئەمین و پ.ی.د.ساجیدە عەبدوللا فەرهادی، کە لە بەدەستخستنی هەندێك لە سەرچاوەکاندا یارمەتیان داوم.
- هەردوو هاوڕێم د.کاروان عومر قادر و م.ئاڤێستا کەمال مەحمود،کە بەبەردەوامی هاوکارییان کردووم.
- د.ئەبوبەکر عومەر و د.عبدولجەبار مستەفا بۆ هاوکاریکردنم لە چەند بابەتێکدا.
- د.تەها ساڵح ئەمین بۆ وەرگێڕانی پوختەی کارەکەم بۆ زمانی عەرەبی.
- م.ژووان عوسمان ئەحمد وم.تەحسین تەها و بێستان حەسەن محەمەد،کە لە وەرگێرانی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا یارمەتیدەرم بوون.

# ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ---- | ---- |


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 3-1 |
| **بەشی یەکەم: ئاراستە تیۆرییە پێویستەکان** | 4 |
| 1/1) تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە | 5 |
| 1-1/1) ڕۆڵی بابەتانە | 7 |
| 2-1/1) دروستەی قووڵ | 8 |
| 3-1/1) دروستەی ڕووکەش | 11 |
| 4-1/1) ئاستی فۆڕمی لۆجیکی | 12 |
| 5-1/1) کردارbەندی | 12 |
| 2/1) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی | 14 |
| 1-2/1) دۆخی ڕێزمانیی بکەریی | 15 |
| 2-2/1) دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ڕاستەوخۆ | 17 |
| 3-2/1) دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | 18 |
| 4-2/1) دۆخی ڕێزمانیی دەرخەریی | 19 |
| 3/1) پێدانی دۆخ | 20 |
| 4/1) بەربەستەکانی حوکمکردن | 21 |
| 3/1) دروستەی فرێز و ڕستە | 22 |
| 1-3/1) دروستەی فرێز | 22 |
| 2-3/1) فرێز | 24 |
| 1-2-3/1) چەشنەکانی فرێز | 25 |
| 2-2-3/1) پەیوەندی نێوان فرێزەکان | 35 |
| 3-3/1) دروستەی ڕستە | 37 |
| 1-3-3/1) جۆرەکانی ڕستە لەڕووی دارشتنەوە | 39 |

2-3-3/1) پێکهاتەی داری ڕستە 45
3-3-3/1) گۆکردنە ڕێزمانییەکانی پێکهاتەی ڕستە 50
**بەشی دووەم: یاساکانی گواستنەوە و سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکان لە سینتاکسی شێوەزاری هەورامیدا** 52
1/2) یاساکانی گواستنەوە 53
1-1/2) یاساکانی لە بریدانان: 53
1-1-1/2) یاساکانی گواستنەوەی کردار 53
2-1-1/2) یاساکانی گواستنەوەی کاتوکەس 54
3-1-1/2) یاساکانی گواستنەوەی فرێزی ناوی 59
1-3-1-1/2) یاسای گواستنەوە لە دروستەی بکەر نادیاردا 59
2-3-1-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی بەرزکردنەوەدا 59
3-3-1-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی ئەرگەتیڤیدا 60
4-1-1/2) یاساکانی هەڵواسین 61
1-4-1-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیاری 61
2-4-1-1/2) یاسای گواستنەوەی ڕستەی سەرجێناویی 62
3-4-1-1/2) یاسای گواستنەوەی نەرێکردن 62
4-4-1-1/2) یاسای گواستنەوەی باسمەند 63
5-4-1-1/2)- یاسای قرتاندن 63
2/2) ڕیزبوونی کەرەستەکانی فرێز 64
1-2/2) فرێزی ناویی 64
2-2/2) فرێزی ئاوەڵناوی 68
3-2/2)- فرێزی پێشنناوی 71
4-2/2) فرێزی ئاوەڵکرداری 72
5-2/2)- فرێزی کرداری 74
3/2) ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە و قاڵبەکانی 88

1-3/2) ڕیزبوون لە ڕستە هەواڵیەکاندا 89
2-3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستە بکەر نادیارەکاندا 93
3-3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی پرسیاریدا 93
3-3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستە فەرمانییەکاندا 94
4/2)- ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی لێکدراودا 94
5/2)- ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی ئاوێتەدا 95
**بەشی سێیەم: دیاردەی قرتاندن و ئەرگەتیڤی لە شێوەزاری هەورامیدا** 99
1/3) قرتاندن و دەرنەبڕین 100
1/1/3) کەرەستە بەتاڵەکان 102
1-1-1/3) بنەماکانی کەرەستەی بەتاڵ 103
2-1-1/3) جۆرەکانی کەرەستەی بەتاڵ و ڕۆڵی لە تیۆری GB دا 103
3-1-1/3) چەشنەکانی pro 104
4-1-1/3) نیشانە تایبەتیەکانی pro 105
5-1-1/3) چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەستەی بەتاڵ لە شێوەزاری هەورامیدا 106
1-5-1-1/3) قرتاندنی بکەر 106
2-5-1-1/3) قرتاندنی بەرکار 107
1-2-5-1-1/3) جۆرەکانی قرتاندنی بەرکار 108
3-5-1-1/3) کۆپیکردن 110
4-5-1-1/3) قرتاندنی کەرەستە لە ڕستەی ناسادەدا 110
2/3) ئەرگەتیڤی 117
1-2/3) ئەرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی 119
1-1-2/3) شوێن یاخود ڕیزبەندی کەرەستەکان 120
2-1-2/3) مارکە لێدان 121
3-1-2/3) ڕێککەوتنی کرداری 128
2-2/3) ئەرگەتیڤیی لە سینتاکسدا 131

| | |
|---|---|
| 3/2-2-1) بەرزکردنەوە | 131 |
| 3/2-2-2) قرتاندنی فرێزی ناوی | 131 |
| 3/2-2-3) پێکهاتەی ڕستەی لێکدراو | 132 |
| **ئەنجام** | 135 |
| **سەرچاوەکان** | 143-136 |
| **الخلاصة** | 144 |
| Abstract | 145 |

# پێشەکی

# پێشەکی

**ناونیشان و بواری نامەکە**

نامەکە بۆ ( چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا) تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە شیکردنەوەو روونکردنەوەی کردەسینتاکسییەکانی ( گواستنەوەکان، ڕیزبوونی کەرەستەکان، دەرنەبڕین و قرتاندن، ئەرگەتیڤی) لە شێوەزارەکەدا، هەرچەندە کردەسینتاکسییەکان ژمارەیان لەم کردانەی کەلەم نامەیەدا خراونەتەڕوو زیاترە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە**

ئەم کارە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو لایەنانەی، کە بە شێوەیەکی تایبەتی تائێستا لە شێوەزارەکەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە،هەروەها هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی دیاردە سینتاکسییەکانی زاری هەورامی لەروانگەی رێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە.

**کەرەستەی نامەکە**

کەرەستە و نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی شێوەزارەکەیە، کەئاخاوتنی شارۆچکەی (تەوێڵە) کراوە بە بنچینە بۆکارەکە، وەك سەنتەرێکی ڕۆشنبیری هەورامان، کە لە ڕاگەیاندنەکان و گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا وەك شێوەزارێکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە**

بۆ لێکۆڵینەوە لە کردەسینتاکسییەکان، ڕێبازی شیکەرەوەی پەسنکەرانە ڕەچاوکراوە، لە تێڕوانین و لێکدانەوەکانیشدا پشت بە زاراوە و بیروبۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بەستراوە.

**بەشەکانی نامەکە**

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

بەشی یەکەم لە سێ پار پێکهاتووە.

**پاری یەکەم**: هەوڵدراوە ئەو تیۆرانە بخرێتەڕوو، کە بۆ شیکردنەوە و ناسینەوەی کردەسینتاکسییەکان پێویستن ، لەگەڵ تیۆرەکانیشدا چەند پراکتیکێك کراوە بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرانەی، کە لەگەڵ زارەکەدا دەگونجێن. هەروەها ئەو بنەما تیۆرییانە بۆ پارەکانی تری نامەکە بەپێی پێویست سوودیان لێوەرگیراوە.

**پاری دووهەم**: لە پاری دووهەمدا دۆخە ڕێزمانییەکانی بکەر و بەرکار لە شێوەزارەکەدا باسکراوە.

**پاری سێیەم**: بۆ دەستنیشانکردنی دروستەی فرێزو ڕستەو چەشنەکانییان تەرخانکراوەو هەنگاوەکانی جیاکردنەوەی فرێزەکان لە ڕستەدا دەستنیشانکراون، لەگەڵ ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی، کەلە پێکهاتەی ڕستەدا بەکورتی هەن.

بەشی دووەم لە دووپار پێکهاتووە:

**پاری یەکەم**: تایبەتە بە یاساکانی گواستنەوە لەم زارەدا.
**پاری دووەم**: ڕیزبوونی کەرەستەکانی فرێز و ڕستە دەستنیشانکراون، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کەلە ئەنجامی شیکردنەوەکانماندا بەدەستمان هێناون، خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم لە دوو پار پێکهاتووە، ئەوانیش:

**پاری یەکەم**: تایبەتە بە دەڕنەبڕین و قرتاندنی ئەو کەرەستانەی، کە لە ڕستەی زارەکەدا ڕێگەیان پێدراوە.
پاری دووەم: باس لە ئەرگەتیڤی کراوە، هەوڵدراوە شێوەزاری هەورامی وەك شێوەزارێکی تاڕادەیەك ئەرگەتیڤی شیبکرێتەوە، چونکە ناتوانرێت وەك زارێکی ئەرگەتیڤی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە کۆتایی نامەکەشدا، ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# ئاراستە تیۆرییە پێویستەکان

## 1/1) تیۆری  بەرهەمهێنان و گواستنەوە

یەکێك لە تیۆرییەکانی زمان، تیۆری بەرهەمهێنان وگواستنەوەیە. بەپێی ئەم تیۆریە، زمان بریتییە لە کۆمەڵێك ڕستەی بێسنوور. درێژی هەر ڕستەیەکیش سنووردارە، کە لەچەند یاسایەکی سنووردار پێکهاتووە[1].

ئەم تیۆرە ئەوە دەخاتەروو، کە ژمارەی ڕستەکان یەکسان نین بە ژمارەی یاساکان، چونکە لەڕێی چەند یاسایەکەوە ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنرێت. هەرکاتێك ڕستەیەکی نارێزمانی بەرهەمبهێنرێت ئەوە دەگەێنێت، کە لە یاسای ڕێزمانی دەرچووە و پەیڕەوی یاسا نەکراوە، ئەگەر هۆکەی نەزانینی زمانەکەبێت یاخود پەیرەونەکردنی یاسا ڕێپێدراوەکان بێت لەزمانەکەدا، چونکە هەموو زمانێك سینتاکسی هەیە، تەنانەت کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش زمانێکیان هەیە، کەزمانیش هەبوو مانای وایەدەبێت بەپێی پەیڕەوێك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و گەیاندنی بیرۆکە کاربکات.

کاتێك دەوترێت هەموو زمانێك سینتاکسی هەیە، ئەوەدەگەیەنێت، کە زمان تەنیا بریتی نییە لە کۆمەلێك وشەی بەدوایەکداهاتوو، بەڵکو ئەم  وشانە یەکدەگرن بۆ دروستکردنی فرێز و ڕستە ( ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاڵۆز ).

سینتاکس بەواتای دروستکردنی ڕستە و مانای خوێندن و لێکۆڵینەوە لە سیفاتەکانی پێکها تە و ستراکچەری زمان دێت [2] .

کاری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە تەنها پەسنکردن نییە، بەڵکو ڕۆدەچێتە ناوەوەی زمان بۆ مەبەستی زانینی زانیاری هۆشەکیی ئاخێوەر لەبارەی زمانەکەیەوە، بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ، کەپێشتر نەگوتراون وکەسیش نەیبیستوون.

ئەو یاسایانەی، کە دەتوانن ڕستەی رێزمانی و پەسەندکراو بەرهەمبهێنن، ڕستەی نارێزمانی بەرهەمناهێنن .

چەند ئەدگارێك لەم ڕێزمانەدا بەدیدەکرێت، لەمانەش:

1– تیۆرێکی هۆشەکییە، بەو پێیەی ئەقڵی مرۆڤ چەند زانیارییەکی خۆڕسکی تێدا هەڵگیراوە، کە قۆناغ بەقۆناغ گەشە دەکات، ئەو یاسایانە رێپیشاندەرن بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی دروست لە نادروست، ئامانجی تیۆرەکەش هێنانە کایەی ڕێزمانێکی سەراپاییە.

---

Chomsky(1957:13) 1

Tallerman Maggie (1998:1) 2

2- جیاکردنەوەی هەردوو لایەنی توانست و توانایە، زاراوەی توانست، کە لەم تیۆرەدا بەکاردێت زانیاری هۆشەکی قسەکەرە لەبارەی زمانەکەیەوە، سیستەمی ئەو یاسایانەیە، کە ئاخێوەری زمانەکە شارەزایی تەواوی لە بارەیانەوە هەیە، لە رێی ژمارەیەکی دیاریکراو لە یاساوە ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، ئەم زاراوەیە بە واتای بە ئایدیاکردنی زمان دێت[1].

زاراوەی توانا بەکارهێنانی زمانە، زۆرجار قسەکەر لە بەکارهێنانی زمانەکەدا، لەبەر هەرهۆیەك بێت ئەگەر ماندوو بون بێت یاخود هەر هۆکارێکی تر دەکەوێتە هەڵەوە[2] ، لێکۆلینەوە لەم هەڵانە کاری زمانەوان نییە، چونکە توانا کۆتاییەکی کراوەی هەیە، ئاخێوەران توانای جیاوازی شێوازی دەربڕینییان لەکاتی قسەکردندا هەیە ، بەلاَم کاتێك گوێگر گوێی لە ڕستەیەکی ناڕاست دەبێت هەوڵ دەدات ڕاستی بکاتەوە، چونکە توانستەکەی ڕێگە بەم ڕاستکردنەوەیە دەدات.

1- *پار ملمیْ پەی سەیرانی.

*پار دەچین بۆ سەیران.

لە نموونەی (1) دا : بەکارهێنانی مۆرفێمی کاتی ( م-) بۆ کرداری ڕانەبردوو ڕێگەپێدراوە، بەلاَم لەگەڵ ئاوەڵکرداری (پار) دا واتایەکی نادروست دێنێتە ئاراوە، کاتێك گوێگر گوێی لەم دەربڕاوە دەبێت، بەم شێوەیە ڕاستی دەکاتەوە:

2- پارلوایمیْ پەی سەیرانی.

پار چووین بۆ سەیران.

3- زمان دیاردەیەکی یەکجار ئالۆزە، بۆیە لەڕێی فۆنێمەکانەوە، کە ڕەمزن بۆ دەنگەکان لە بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێکۆتا لە وشە و فرێز بەشداریدەکەن ، کە لە ژمارەیەکی سنووردار لە فۆنێم کۆمەلێك بەرهەمی بێسنوور دێنە بەرهەم. خودی چەمکی بەرهەمهێنانیش لەماتماتیکەوە وەرگیراوە، زمانیش وەك ماتماتیك لەجییاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی وناڕێزمانی لە یەکتری پەیڕەوی یاساکان دەکات.

4- ئەم ڕێزمانە لە بەرهەمهێنانەوە دەستپێدەکات لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانرێت لەو فۆنێمانەی، کە هەر زمانێك بۆ خۆی هەڵیبژاردوون، کەرەستەی بێکۆتا بەرهەم بهێنێت.

---

1 سلام ناوخۆش (59:2005)

2 دیار علی (21:2002)


لێرەوە چۆمسکی (ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز) پەسەند دەکات، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، ئەرکی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێت.

## 1-1/1) ڕۆڵی بابەتانە

تیۆرەکە چەند یاسا و پرنسیپێکی بۆ سەرجەم زمانەکانی جیهان پەسەندکردووە ، لەگەڵ بوونی ئەم هاوبەشی و ناوکۆییانەدا جیاوازییەکانی هەر زمانێکیش لە شێوەی تایبەتمەندێتی ئەو زمانەدا دەردەکەوێت. ڕۆڵی بابەتانەش ئاماژە بە ڕۆڵی بابەتانەی ئارگومێنتەکانی کردار دەکات، مامەڵە لەگەڵ داواکارییە گونجاوەکانی کردار دەکات. ئەو داواکارییانەش دەکەونە ژێر مەرجی گونجاندنەوە[1].

بەشەکردارو جێکەوتەکان دوو جەمسەری سەرەکیی ڕۆلی بابەتانەن. واتە ئەگەر ئارگومێنتەکان لەو جۆرە نەبن، کە پریدیکەیت داوایان دەکات ئەوا ڕستەکان ناڕێزمانی دەردەچن. پریدیکەیتیش لە هەڵبژاردنی ئارگومێنتەکاندا پشت بە واتا دەبەستێت، واتە چەند ئارگومێنت توانای تەواوکردنی واتای هەیە لەگەڵ پریدیکەیت دا، بەم پێیە داواکاری پریدیکەیت ڕۆڵەکان پێکەوە دەبەسستێت[2].

لەم تییۆرەدا هەر ڕستەیەك تا بەرهەمدێت بەم ئاستانەدا تێدەپەڕێت:




کەرەستە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵ دەگوێزرێنەوە.

---

1 مەرجی گونجاندن واتە داواکارییەکان هەڕەمەکی و بێبنەما نین، لەلایەك پشت بە تایبەتیە واتاییەکان دەبەستێت و لەلایەکیی تریش پشت بە ڕۆڵی سیمانتیکی دەبەستێت کە لەلایەن ئارگومێنتەکانەوە جێبەجێدەکرێت.

2 محەمەدی مەحویی (18:2001)

## 2-1/1) دروستەی قووڵ

لەم ئاستەدا (دروستەی قووڵ) یاساکان بە وەچەدیاریکردن هەڵدەستن، لەڕێگەی تیۆری (X-بار)ەوە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن، ئاستی قووڵ لە یاسا سەرەکییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت، کە ئەوانیش یاسا فەرهەنگییەکان و یاساکانی ڕۆنانی فرێزن، کە تا رادەیەك ئەم یاسایانە لە هەموو زمانەکاندا وەك یەکن، بۆیە هەوڵی دانانی ڕێزمانێکی سەراپا دراوە[1].

لە ئاستی قووڵدا رێسای بابەتییانە کاردەکات "کەهەر تەواوکەرێك یەك ڕۆڵی بابەتانەی هەڵگرتووە هەر ڕۆڵێکیش تەنها بە تەواوکەرێك دەدرێت[2]".

3- *من ئادَم وت　　　　　　*من ئەوم نوست

لە ڕستەی (3)دا : (وت، نوست) ناتوانێت دوو ڕۆڵ بدات، بۆیە دەڵێین یاساکە ڕێگە بەم دەربڕراوە نادات، چونکە  نوست  یەك ڕۆڵی بابەتانەی هەیە، بەڵام لە ڕستەی-4-دا

4- نەسرینە نامەکەش کیاست.　　　　　　نەسرین نامەکەی نارد.

لە ڕستەی (4)دا، ڕۆڵی بابەتیانە بە تەواوکەرەکە (نامەکەش) بەخشراوە، هەروەها دەبێت هەر وەچە پێکهاتەیەك گۆکردنێکی لە ڕستەدا هەبێت کە لەرێی ڕێسای لێکدانەوەی تەواوەوە دەبێت ، لە ڕێی هەندێك لە نیشانە تایبەتییەکانی لێکدانەوە، ڕێگەی دەستووری بە بوونی هەر کەرەستەیەکی سەرەتایی لەسەر ئاستی LF،PF درابێت[3]،بڕوانە (5،6).

5- زاوڵەکە ساوی وارد.　　　　منالْ سێو خوارد.　　　　DS

6- زاوڵەکە ساویش واردە.　　　منالەکە سێوی خوارد.　　　SS

دوای ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی قووڵداو وەرگرتنی ڕۆڵی بابەتانە و جێگرتنیان بۆ گواستنەوە بۆ دروستەی ڕووکەش SS ئامادەدەکرێت ، لێرەدا ئەگەر گواستنەوە ڕوویدا ئەوا داڕشتەیەکی فۆنۆلۆژی PF

1 دیار علی (26:2002)

2 محەمەدی مەحویی (26:2001)

3 سەرچاوەی پێشوو ل 24.

دێتە ئاراوە. لە ڕێگەی ئاستی فۆرمی لۆجیکیشەوە LF وە دەتوانین گۆڕانەکان لێك بدەینەوە. ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر ڕستەکەدا هاتوون، ئاستی قووڵی ڕستەکەیان بۆ ئاستی ڕووکەش گۆڕیوە.
لەم ئاستەدا ڕۆڵی سیمانتیکی وەك (کارا، کارتێکراو) دەبەخشرێت، کە لە بیری قسەکەر/نووسەر و گوێگر/خوێنەردایە، بڕوانە (7).

7– زاوڵەکە ساویش واردە.  مناڵەکە سێوی خوارد.

ڕستەی(7) دەربرینی فۆنۆلۆژییە پاش هەڵبژاردنی وشە فەرهەنگییەکانی دواتر بۆ ئاستی قووڵ دەگوازرێتەوە و پاش ڕیزبوونی وشەکانی بە پێی قاڵبی زمان ڕۆڵی بابەتیانەیان لە ئاستی ڕووکەشدا پێدەدرێت[1].

(زاوڵە ، ساوی، واردش)

(مناڵ ، سێو ، خواردی)

↓

زاوڵە ساوی واردەش

مناڵ سێوی خوارد.

↓

α بجوڵێنە

↓

SS

زاوڵەکە ساویش واردە

مناڵەکە سێوی خوارد

PF LF

1 سەرچاوەی پێشوو ل25.

ئاستی قوولْ DS گۆکردنی ڕاستەوخۆی ئەرکە ڕێزمانییەکانە، کە ڕۆڵە بابەتییانەکە بە گۆکردنە ڕێزمانییەکە دەبەخشرێت، لەم ئاستەدا گۆکردنە ڕێزمانییەکە بیٚ کەم و کورتییە.

لە ئاستی قووڵدا یاسا بنەڕەتییەکان بەرهەمدێن و لە ڕێگەی تیۆری( X–بار) و وەچە دیاریکردنی کەرەسە سەرەتاییەکانی ناو فەرهەنگەوە دێنە ئاستەکەوە. لە ئاستی قووڵدا هەر ڕەگەزێك خاوەنی سەرێکی ڕێزمانییە لەگەلْ سەرە ڕێزمانییەکەی خۆیدا پرۆژەیەك دروست دەکەن.

هەر پرۆژەیەك بە سەرە ڕێزماییەکەیدا دەناسرێتەوە کرداری تێنەپەڕ تەنها پرۆژەیەك دروست دەکات، بەلاّم کرداری تێپەڕ پێویستی بە ڕەگەزی تر هەیە. بڕوانە(8–أ،ب).

8–أ: کوڕەکە ئاما. کوڕەکە هات. تێنەپەڕ

8–ب: کوڕەکە نانەکەش وارد. کوڕەکە نانەکەی خوارد. تێپەڕ

فرێزی کرداری، داوای بکەر وەك تەواوکەری دەرەکی دەکات ، ڕستەش بەبیٚ بکەر (ناو ) نابێت.

9– لوە بڕۆ واتە (تۆ) بکەری ڕستەکەیە

جێبەجێکردنی کردەی کردار لە لایەن بکەرەوە وا لە کردار دەکات، کە بکەر چالاك بێت.

بکەر، تەواوکەرێکی دەرەکییە، چونکە لەدەرەوەی VP یە، بەلاّم بەرکار تەواوکەرێکی ناوەکی یە و لە VP دایە.

10– ئەدَاکیْ زاوڵەکەش وسنا . دایکەکە منالّەکەی خەواند.

لە ڕستەی (10)دا (ئەدَاکی، دایکەکە : تەواوکەری دەرەکییە) و (زاوڵەکە، منالّەکە: تەواوکەری ناوەکییە) بەشەکردار زالّە بەسەر تەواوکەری دەرەکی و ناوەکیدا، کرداری تێپەر پێویستی بە تەواوکەر هەیە چ ناوەکی و چ دەرەکی. کرداری تێنەپەڕیش تەنها پێویستی بە تەواوکەری دەرەکی هەیە و بوونی تەواوکەری ناوەکی لە کرداری تێنەپەڕدا سەرپشکییە. فرێزی پێشناوی وەك تەواوکەری ناوەکی لە VP دا ڕۆلْ دەبینێت و تەنها زانیاری زیاتر دەربارەی VPدەدات[1]. بڕوانە(11).

11– ئازاد هیزی کتێبە کەش جە پیشانگاکەنە ئەسا. ئازاد دوێنیٚ کتێبەکەی لە پێشانگاکە کڕی.

---

1 چاوپێکەوتن لەگەلْ د.محەمەدی مەحوی، کۆلیجی زمان ، لە 1–2–2009

ڕستەی (11)ش (هیزی، دوێنێ)، (جە پێشانگاکەنە، لە پێشانگاکە) : تەواوکەری ناوەکیی سەرپشکین، چونکە زانیاری زیاتر لەبارەی کات و شوێنی ڕووداوەکە دەدەن. لەم ئاستەدا ڕستە دەردەکەوێت، کە بەرهەمی ئەلفا(α) بجوڵێنەیە، ئەم ئاستە گرنگیی خۆی هەیە چونکە، دروستەی قووڵ لێڵ و نادیار دەکات، پاشتر لامان ئاشکرا دەبێت، کە هەندێك لە جۆرە ئازادەکانی وشە ڕیزبوون و جێکەوتەکانیان لەسەر ئاستی ڕووکەش لەڕێی یاساکانی جێگۆڕکێوە پەیدا دەبن. لە دروستەی قووڵدا یەك ڕۆنان بەرامبەر زیاتر لە ڕۆنانێکە لە دروستەی ڕووکەشدا[1]. بڕوانە (12–15 ).

| | | |
|---|---|---|
| 12–من نانەکە واردەی. | من نانەکە خواردن. | ئاستی قووڵ |
| 13– من نانەکەم بە دەس وارد. | من نانەکەم بەدەست خوارد. | ئاستی ڕووکەشی یەکەم |
| 14– نانەکەم، (من) بە دەس وارد | نانەکەم، (من) بەدەست خوارد. | ئاستی ڕووکەشی دووەم |
| 15– بەدەس، (من) نانەکەم وارد . | بەدەست، (من) نانەکەم خوارد. | ئاستی ڕووکەشی سێ یەم |

## 3–1/1) دروستەی ڕووکەش

دروستەی ڕووکەش پەیوەندیی بە ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە هەیە، هەر لە دەنگەوە تا کەرەستە گەورەکانی دوای دەنگ.

ڕێزمانی کوردی بە یاسا و مەرجی تایبەتی کار دەکات، بۆئەوەی واتای ڕستەکان و مۆرفۆسینتاکسەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە:

1ـ ئەو یاساو مەرجانەی ڕێگە بە دارشتە فۆنەتیکییەکان دەدەن .
2ـ ئەو یاساو مەرجانەی ڕێگە بە دارشتە سیمانتیکییەکان دەدەن.

ئەو یاسا و مەرجانە دەستەجووتی دارشتەی فۆنەتیکی و دارشتەی سیمانتیکی بۆ هەر ڕستەیەك بەرهەم دەهێنرێت[2].

1 دیار علی (28:2002)
2 محەمەدی مەحوی (10:2001)

## 4-1/1) ئاستی فۆڕمی لۆجیکی

لەم ئاستەدا داڕشتەی فۆنەتیکی و داڕشتەی واتا پێکەوە گرێدەدرێن، ئەرکی ئەم ئاستە، بەپێی یاسای جێگۆڕکێ دۆزینەوەی شوێنی دەرچوون و نیشتنەوەی ڕەگەزە جولاوەکانە[1]، بڕوانە (ڕ16و17).

| | |
|---|---|
| 16-کناچەکی لوا پەی لادەگای. | کچەکە چوو بۆ لادێ. |
| 17-کناچەکی لوا پەی X. | کچەکە چوو بۆ X . |
| کام X، کناچەکی لوا پەی X . | کامە X کچەکە چوو بۆ X . |

لەئاستی فۆرمی لۆجیکدا ئەو ڕەگەزە بەهۆی گۆڕاوی X شوێنەکەی دیاری دەکرێت و ئەو شوێنەشی کەلێوەی هاتووە دیاری دەکرێت.

ئەم ئاستە لەدروستەی ڕووکەشەوەو لەڕێی گواستنەوەی وشەی پرسیارو کوانتیفایەرەکانەوە هەڵگوێزراوە [2].

## 5-1/1) کرداربەندی

ڕێگەی دەستووری بە بوونی هەندێك کەرەستەی سەرەتایی LF،PF دەدات، بۆ ئەو کەرەستانەی کە دەتوانن دەربکەون[3].

ئەم تیۆرییە بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە کەرەستەکانی ناو ڕستە لە ڕێی کرداربەندییەوە ڕێی دەستوورییان پێدەدرێت، کە دەبێت لە سەرەتاوە بوونیان هەبێت.

لێرەوە کردار کەرەستەکانی تر بە خۆیەوە دەبەستێت، ڕێگە نادات وەچە پێکهاتەیەك هەبێت، ئەگەر کردارەکە بەخۆیەوە بەندی نەکردبێت.

18-أ کوڕەکە پەلە ئاما. کوڕەکە پەلە هات. ئاستی قووڵ

---

1 محەمەدی مەحویی (26:2001)
2 تارا محسین ( 16:2004)
3 محەمەدی مەحویی (28:2001)

بەلأم لە ئاستی قووڵدا ئەم دەربڕراوە نادروستە .

18-ب کوڕەکە بە پەلە ئاما.  کوڕەکە بە پەلە هات.  ئاستی ڕووکەش

(پەلە) لە ئاستی قووڵدا بەڕەلأیە، بڕوانە(18 أ،ب)، بۆ یە پێویستی بە(بە) یە، بۆ ئەوەی بە کردارە کەوە بەند بێت، ئاڕاستە کردنەکەش لە چەپەوە بۆ ڕاستە، بەلأم لە فرێزە پێشناوییەکاندا لە ڕاستەوە بۆ چەپە . داواکارییەکان دەکەونە ژێر مەرجی گونجاندنەوە، پریدیکەیت یش لە هەڵبژاردنی ئارگومێنتەکا ندا پ شت بە واتا دەبەستێ، بۆ نموونە (واردەی، خواردن ) پێویستی بەو کەرەسەیە هەیە، کە بە کرداری (خواردن)ە کە هەڵدەستێ و هەروەها ئەو شتەی، کە کاریگەریی خواردنەکەی دەکەوێتە سەر[1]، بەلأم (خوا، پێکەنی) تەنها پێوستی بە بەشداربوویەك هەیە، ئەویش ئەو کەرەسەیەیە، کە کردارەکە جێ بەجێ دەکات.

هەر ئارگومێنتێك تەنها یەك رۆڵ وەردەگرێت، هەر کاتێك کەرە ستەیەك دوو ڕۆڵی وەرگرت ئەوا ناڕێزمانی دەردەچێت.

خوا ، پێکەنی  کارا  V

واردەی ، خواردن  کارتێکراو  کارا  V

هەروەها بە شەکردار لە ڕێ گەی دەروازە فەرهەنگییەکە یەوە دەتواذ ێت کاتیگۆری یە تەواو کەرە کەی دەستنیشان بکات.

بە شەکردار داوای ئارگومێ نت دە کات، هەر کاتێك نیشانە واتایەکانی تۆڕی بابەتا نەی بە شەکردار (نیشانەواتاییەکان) لە گەڵ نیشانە و ڕۆ ڵی بابەتا نەی ئارگومێنتەکا ندا ڕێک کەوتن و گونجان، ئەوا ئەو پریدیکەیتە دەتوانیت داوای ئەو ئارگومینتانە بکات و ڕۆڵی بابەتانەی پێببەخشێت[2].

---

1 صباح رشید (73:2007)

Chomsky (1997 :159) 2

## 2/1) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی

ئەم تیۆرە ئاماژەکردنە بە فۆڕمە جیاوازەکانی فرێزی ناوی و هەندێك جاریش ئاماژە بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی تر دەکات، کە پشت بە ئەرکی ڕێزمانی فرێزەکە دەبەستێت وەك :

نۆمینەتیڤ Nominative: بە بکەر NP دەبەخشرێت.

ئەکۆزەتیڤ Accusative: دەدرێتە پاڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ.

داتیڤ Dative: بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەدرێت[1].

هەر زمانێك سیستەمی دۆخی تایبەت بە خۆی هەیە، زۆربەی زمانەکان خاوەنی دۆخی مۆڕفۆلۆژیانە بوون، دوواتر هەندێکیان لە دەستیان داوە و لای هەندێکیشیان پاشماوەی دۆخ ماوەتەوە.

زارەکانی زمانی کوردی بە ڕێژە و شێوازی جیاواز دۆخیان تێدا بەدیدەکرێت، شێوەزاری هەورامی یەکێکە لەو شێوەزارانەی، کە حاڵەتەکانی دۆخی پاراستووە و تیایدا بەرچاودەکەوێت، زۆر جار لەم زارەدا دۆخ مۆڕفۆلۆژییانە دەردەکەوێت.

مەودای کارکردنی دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدایە، لەلایەن کەرەستەیەکی فەرهەنگییەوە، بە فرێزێکی ناوی دەدرێت، ئەو کەرەستەیەش سەری ڕێزمانییە، کە توانای حوکمکردنی هەیە، حوکمکەرەکانیش ڕەگی کردار و پێشناوو وەچە پێکهاتەی INFL سەری ڕێزمانین و توانای حوکمکردنیان لە ڕستەدا هەیە ، دۆخ لە لایەن ئەو کاتیگۆریەوە بۆ VP یەك دیاری دەکرێت، کە حوکمی دەکات[2]. لەم زارەشدا هەر فرێزێکی ناوی، لە ڕۆنانیدا نیشانەی دۆخی ئاشکرا یان نائاشکرا دەبێت دۆخی ڕێزمانی وابەستەی دروستەیە.دۆخ بە هۆی نزیکترین حکومکەرەوە بەNP دەبەخشرێت کەA دەسەڵاتی بەسەرB دا دەبێت و A سەرەیە و نابێت هیچ کۆسپێك لە نێوان A و B دا هەبێت[3].

بەپێی تیۆری دۆخ هەموو زمانێك دۆخی هەیە، ئاشکرا بێت یاخود نائاشکرا، لەم تیۆرەدا هەموو فرێزێکی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخ وەردەگرێت. هەر فرێزێکیش دەرکەوتنی فۆنۆلۆژی هەبوو، دۆخی وەرنەگرت ئەوا نادروستە[4]، بۆ ئەو زمانانەی، کە بکەر و بەرکار لە شوێنی خۆیاندا دەگوازرێنەوە لەڕێگەی شوێنپێیەکەوە حوکم دەکرێن و دۆخ وەردەگرن بۆیە دەبێت بکەر بۆ وەرگرتنی دۆخ بگوازرێتەوە شوێنپێیەك بە جێدەهێڵێت، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە دەبێت هەموو ئارگومێنتە دەرکەوتوەکان (NP) دۆخ وەربگرن.

لە تیۆری دۆخی ڕێزمانییدا، دوو جۆر دۆخ جیا دەکرێتەوە:

---

1 حاتەم ولیا(99:2006)

2 تارا محسن (33:2004)

3 ڤیان سلێمان (104:2007)

4 صباح رشید (44:2007)

**1–دۆخی ڕێزمانیی بنجی :** بەهەندێك لە ئارگومێنتی پریدیکەیتەکان لە ئاستی قووڵدا دەدرێت، لە شێوە زاری هەورامیدا ئەم دۆخە نی یە[1].

**2– دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی:** لە ڕۆنانی سەرەوەدایە، پاش ئەوەی گواستنەوە یان جێگۆڕکێ ڕوودەدات[2].

لەم شێوە زارەدا سیستەمێکی جیاواز پەیڕەو دەکرێت،کە زۆربەی دۆخە ڕێزمانییەکان بە مۆرفێم دەردەکەون و هەندێکیشیان نادیارن و دەرناکەون، (بڕوانە (1/2–1، 1/2–2). دەبێت ئەوە بزانین،کە بوونی دۆخ بەدیارو نادیارەوە، دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە هەروەك تیۆرەکەش بۆ هەموو زمانەکان سەلماندوویەتی.

لەم کارەدا هەوڵ دەدەین فۆرمە جیاوازەکانی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیدا بخەینە ڕوو، کە هەندێکجار لەشێوەی مۆرفێمی جیاواز بۆ نێر (ی) بۆ مێ(ی) بۆ کۆش(ا) دا دەردەکەوێت.

## 1/2–1) دۆخی ڕێزمانیی بکەریی

لە جێکەوتەی بکەریدا فرێزی ناوی دۆخی ڕێزمانیی بکەری پێدەدرێت، ئەگەر فرێزە ناوییەکە ناوی تایبەتی مرۆڤێك بێت، لە ئێستای زارەکەدا دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی لە شێوەی مۆرفێمدا گونجاوە، یاخود ئەگەر فرێزەکە لە ناوێکی تایبەتی فراوانتر بوو، ئەوا لەشێوەی مۆرفێمدا لە کۆتایی فرێزەکەدا دەردەکەوێت. ئەم نموونانەی خوارەوە ئاماژە بۆ ئەم بارەدەکەن[3]:

## 1/2–1–1) دۆخی ڕێزمانیی بکەری لە کرداری ڕابردوودا

وەك لە نموونەکانی( ڕ19–أ،ب ،پ) و(ڕ20–أ،ب،پ)و(ڕ22–أ، ب،پ)دا دەرکەوتنی مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانیی بکەری ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە (ڕ21–أ،ب،پ)دا مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانیی بکەری دەرناکەوێت. چونکە کرداری ڕابردووی بەردەوام لە ڕەگی کرداری ڕانەبردووەوە وەردەگیرێت.

**لەکرداری ڕابردووی سادە دا :**

| | |
|---|---|
| 19–أ نێر : سیروان /سیروانی نانش وارد. | سیروان نانی خوارد. |
| 19–ب مێ : شیرینە/ شیرینی نانش وارد. | شیرین نانی خوارد. |
| 19–ت کۆ : ئادَیشا نانشا وارد. | ئەوان نانیان خوارد. |

1 سەرچاوەی پێشوو ل44

2 محەمەدی مەحویی (155:2001)

3 فەرەیدوون عەبدول محەمەد (85:1998)

**لە کرداری ڕابردووی نزیک دا :**

20–أ نێر : سیروان/ سیروانی نانش واردەن.      سیروان نانی خواردووە.

20–ب مێ: شیرینە/شیرینی□ نانش واردەن.      شیرین نانی خواردووە.

20–ت کۆ : ئادَیشا نانشا واردەن.      ئەوان نانیان خواردووە.

**لەکرداری ڕابردووی بەردەوامدا :**

21–أ نێر : سیروان نان وەری□.      سیروان نانی دەخوارد.

21–ب مێ: شیرینە نان وەری□.      شیرین نانی دەخوارد.

21–ت کۆ : ئادَی□ نان وەرێنی□.      ئەوان نانیان دەخوارد.

**لەکرداری ڕابردووی دووردا :**

22–أ نێر : سیروان/ سیروانی نانش واردەبی□.      سیروان نانی خواردبوو.

22–ب مێ: شیرینە/شیرینی□ نانش واردەبی□.      شیرین نانی خواردبوو.

22–ت کۆ : ئادَی□/ ئادَیشا نانشا واردەبی□.      ئەوان نانیان خواردبوو.

لە فرێزی خستنەپاڵدا، مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانی بکەریی بەخورتی دەردەکەوێت،وەك لە (23–أ،ب) دا دیارە.

23–أ کورەکەو ئازادی/نەسرینی□ تۆپەکێش ئیستو□.      کورەکەی ئازاد/نەسرین تۆپەکەی دۆزییەوە.

23–ب کناچەکو□ من زیرەکەنە.      کچەکەی من زیرەکە.

وەك لە نموونەکاندا دیارە، کە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفێمە ڕستەی ناڕێزمانیی دروست ناکات.

لە کرداری ڕابردووی ئینشائی دا دۆخی ڕێزمانیی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی سەرپشکییە بڕوانە (ڕ24).

24– وەشڵەی ئازاد/ئازادی لەندەنش دییەبیی□.      خۆزگە ئازاد لەندەنی بدیایە[1].

1 محەمەدی مەحویی (174:2001)

## 2-1-2/1) دۆخی ڕێزمانیی بکەریی لە کرداری ڕانەبردوودا

دۆخی ڕێزمانیی لە کرداری ڕانەبردوودا بۆ ئێستا و داهاتووش نادیارە و بە مۆرفێم دەرناکەوێت. وەك لە نموونەکانی( 25،26) دا دیارە:

**لە کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتندا:**

25- سەربازەکە دوژمنەکەیش کوشای کوشو□.          سەربازەکە دوژمنەکەی دەکوژێت.

**لە کرداری ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتن :**

26- پیاکە ماساوەکی□ مسانو□.          پیاوەکە ماسیەکە دەکڕێت.

لە ڕستەی (25)دا کرداری (کوشای کوشو□) ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتنە، کە بە دوبارەکردنەوەی کردارەکە دادەڕێژرێت، بەڵام کرداری (مسانو□) لە ڕستەی (26)دا کرداری ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتنە.

## 2-2/1) دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ڕاستەوخۆ

فرێزی ناوی دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری وەردەگرێت، ئەگەر حوکمکردنەکەی لە لایەن کردارەوە بێت، کەبەدروستەیی حوکمدەکرێت، لەم زارەدا دەشێت دارِشتەیەکی دیار یاخود نادیاری هەبێت، کە دۆخی ڕێزمانیی بە فرێزێکی ناوی دەدرێت، کە لەشوێنی خۆیدا بێت[1]، واتە دۆخ بەجێکەوتەکان دەدرێت.

لەم بارانەدا مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانیی لەسەر بەرکاری کردار (ڕانەبردوو بۆ ئێستا و داهاتوو، بەرکاری کرداری داخوازی)، بەرکاریش دەبێت ناسراو بێت بە (ناوی تایبەتی، جێناوی کەسی نەلکاو، جێناوی نیشانەی لە پێشەوە بێت)، بەڵام ئەگەر بەرکار ناوێکی گشتی یان نەناسراو بێت ئەوا مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانی وەرناگرێت، ئەمانە مارکەی دۆخی ڕێزمانییان لێدەدرێت بەشێوەیەکی دروستەیی لە لایەن دۆخ بەخشەکانەوە، کە سەری ڕێزمانین حوکمی دۆخی ڕێزمانیی دەکەن.

لە کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن بەهەمان شێوە لەم بارەشدا مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری دیار و ئاشکرایە. بڕوانە ڕستەکانی (27،28،29،30 ).

---

1 فەرەیدوون عبدول محەمەد (87:1998)

27– من ئاوێسەری/ شیلانی کیانای کیانوو پەی بازاڕی.　　　من ئاوێسەر/شیلان دەنێرم بۆ بازاڕ.

**لە کرداری ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتندا**

28– تو بەرهەمی/سۆزانی مشناسی.　　　تۆ بەرهەم/ سۆزان دەناسیت.

**لەکرداری داخوازییدا**

29– شمە یانەکەی بساندی.　　　ئێوە خانووەکە بکڕن.

30– تو قاڵیەکی بارە.　　　تۆ فەرشەکە بهێنە.

ئەو مۆرفێمانەی لە ڕستەکانی(27,28،29،30)دا، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە مۆرفێمی دۆخن.

## 3–2/1) دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ناڕاستەوخۆ

لەم زارەدا دوو جۆر پێشناو جیاکراونەتەوە، پێشناوی ڕەسەن و پێشناوی ناڕەسەن.

**پێشناوی ڕەسەن:**

ئەو پێشناوانەن، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون دەهێنرێنە ناو ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بە، پەی، جە....هتد[1].

31– ئێمە یانەکەما پەی ئادێشا ئەسا.　　　ئێمە خانوەکەمان بۆ ئەوان کڕی.

32– ئـادَ ئینا جە زانکۆنە.　　　ئەو لە زانکۆیە.

33– ئاراس بە پێ لوا پەی بازاڕی.　　　ئاراس بەپێ چوو بۆ بازاڕ.

**پێشناوی ناڕەسەن:**

ئەو پێشناوانەن، کە لە فەرهەنگدا بە سەربەخۆیی تۆمار نەکراون، بەڵکو وەك بەشێکی بنەڕەتی کردار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کرداریش وەك سەری ڕێزمانیی ڕستە لەڕێگەی پێشناوە ناڕەسەنەکانەوە، کە لە

---

1 محەمەدی مەحویی (18:2001)

ڕستەدا بوونەتە پێشناوی ڕەسەن حوکمی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانیان دەکەن. کەواتە پێشناوە ڕەسەنەکان کەرەستەی حوکمکەرن[1].

لەم زارەدا ناوی ناسراو و نەناسراو دوای پریپۆزشنەکان مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن و لە کۆتایی ناوەکەدا دەردەکەون.

| | |
|---|---|
| 34– من کتێبەکەم/کتێبم دا بە ئـازادی. | کتێبەکەم/کتێبم دا بە ئـازاد. |
| 35– ئادَ ساوەکێش/ساویش دا بە شیرینی. | سێوەکەی/سێوی دا بە شیرین. |

## 4–2/1) دۆخی ڕێزمانیی دەرخەریی

کەرەستەی سەرەتایی حوکمکەر بۆ بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی دەرخەری، کاتیگۆریەکی حوکمکەر بەم شێوەیە دەناسرێت:

"حوکمکردن $\dot{X}$ ڕەگەزی حوکمکەرە بۆ Y ئەگەر Yگەورەترین گرێی ڕستە یان PN بێت، ئەو کەرەستە سەرەتاییەی تێدا بێت کە حوکمی Y دەکات[2]".

أ– ناوی تایبەتی مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرێت لەNP ی بکەری و بەرکارییدا، کە دەرخەر بێت. بڕوانە( 38،36،37)، کە ناوە تایبەتییەکان مۆرفێمی دۆخیان (ی،ی، ا)دا لەسەر دەرکەوتووە.

| | |
|---|---|
| 36–أ : کورەکو ئازادی لوا پەی دەگی. | کورەکەی ئازاد چوو بۆ لادێ. |
| 36–ب : ئەدَا و نەسرینی شۆتش دا بەزارۆڵەکەی. | دایکی نەسرین شیری دا بە مناڵەکە. |
| 36–پ : هامساکەو ئادَیشا گەشتش کەرد. | دراوسێکەی ئەوان گەشتی کرد. |
| 37–أ : من کتێبەکەو زانایم وەنۆ. | من کتێبەکەی زانام خوێندەوە. |
| 37–ب: تۆ قاڵیەکو نەسرینێت ئەسا. | تۆ فەرشەکەی نەسرینت کری. |
| 37–پ : ئالان یانەکەو ئادَیشاش ڕازناوە. | ئالان خانووەکەی ئەوانی ڕازانەوە. |

ب–کاتێك دەرخەر جێناوی نەلکاو بێت بۆ کەسی سێیەم لە حاڵەتی بەرکارییدا.

| | |
|---|---|
| 38–أ نێر: من شارەکەو ئادَی گێڵانی. | من شارەکەی ئەو گەرام. |

---

1 محەمەدی مەحویی (180:2001)

2 سەرچاوەی پێشوو ل 181

38–ب مێ :   من شارەکەو ئادَی گێلّانی□.                    من شارەکەی ئەو گەرام.

38–پ  کۆ:   من شارەکەو ئادَیشا گێلّانی□ .                    من شارەکەی ئەوان گەرام.

دەتوانینNP فراوانتر بکەین، ئەو کاتە مۆرفێمی دۆخ لە کۆتایی فرێزەکەدا دەردەکەوێت، بڕوانە(ڕ 39).

39– من شارە گۆرە وەشە قەرەباڵغەکەو ئادَی /ئادَیشا گێلّانی□.

من شارە گەورە خۆشە قەرەباڵغەکەی ئەو/ئەوان گەڕام.

پ–ناوی پاش جێناوی نیشانە مۆڕفێمی دۆخ لە باری بەرکارییدا وەردەگرێت بڕوانە (40–أ، ب).

40– أ: تو□ ئا زاوڵەیە خەلآت کەرە.                    تۆ ئەو مناڵە خەڵات بکە.

40–ب: شمە ئا نامەو پیرۆزباییا کیاندی□.                    ئێوە ئەو نامەی پیرۆزباییە بنێرن.

لە (40–أ)دا (زاوڵە) مۆڕفێمی دۆخی وەرگرتووە، وە لە (40–ب)دا مۆڕفێمی دۆخەکە کەوتۆتە کۆتایی فرێزەکەوە.

## 3/1) پێدانی دۆخ

هەموو فرێزێکی ناوی دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرێت، تەنها سەرەکانیش دۆخ بە فرێزە ناوییەکان دەبەخشن، کرداری تێپەر دۆخی بەرکاری بە بەرکارەکانی خۆی لە چوارچێوەی سەرەو تەواوکەرەکەیدا دەدات، هەروەها پێشناویش دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات و دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە[1].

فرێزی ناویی تەواوکەر، دەبێت ڕاستەوخۆ لەتەنیشت سەرێکی ڕێزمانییەوە بێت بۆ ئەوەی دۆخی ڕێزمانیی لێوەربگرێت. واتە دۆخی ڕێزمانی بەپێی مەرجەکانی (حوکمکردن و وەچەئاراستەکردن) پەیوەست بە بنەمای خوشکایەتییەوە دەدرێت و گرێکە بەسەریاندا زاڵدەبێت[2]، بڕوانە (41–أ،ب).

1 صباح رشید (54:2007)

2 محەمەدی مەحویی (16:2001)

41–أ  ئازادم جه بازاڕیەنه/بازاڕەنه دی.                    ئازادم له بازاڕدا بینی.

41–ب من کتێبه کەم جه هونەری/شانازی هۆرگرت.        من کتێبەکەم له هونەر/شاناز وەرگرت.

## 4/1) بەربەستەکانی حوکمکردن

ئەو ڕەگەزانەی وەك بەربەست ئەرك دەبینن، گەورەترین پرۆژەن[1]، وەك (فرێزی کرداری لەو ڕستانەی که کردارەکانیان تێپەڕن، فرێزی پریپۆزشنی، ڕستەی تەواوکەر)[2]، کاتیگۆری S- له شێوەزاری هەورامیدا یەکێکه له بەربەستەکانی حوکمکردن، بڕوانه ( 42).

42– من مزانوو، که ئادَ بەرمشو.                    من دەزانم که ئەو دەردەچێت.

بکەری (42) (من) لەلایەن کرداری (بەرمشو) وە حوکمدەکرێت، چونکه نۆدی S- له گەورەترین پرۆژەکانەوە بەربەستێکه بۆ حوکمکردن، کرداری (مزانوو) ناتوانێت ئەم بەربەسته تێپەڕێنێت و حوکمی دۆخی ڕێزمانیی پاڕسته بکات، چونکه لەو بارەدا ئەگەر ئەو بکەره له لایەن ئەو کردارەوە دۆخی ڕێزمانیی پێبدرێت، ئەوا دوو جار حوکم دەکات ئەمەش بەپێی فلتەری دۆخ ڕێی پێنادرێت و یاساکه بریندار دەکات، بڕوانه (43).

43– من ئامانی، ئادَ لوا.                    من هاتم، ئەو ڕۆیشت.

---

1 سەرچاوەی پێشوو ل 182

2 ئازاد أحمد (88:2009)


## 3/1) دروستەی فرێز و ڕستە

### 1–3/1) دروستەی فرێز


ڕستە شێوەیەکی سادە و ساکاری نییە، بەڵکو بریتی یە لە یەکگرتنی وشەو مۆرفێم بۆ پێکهێنانی فرێز، فرێزەکانیش یەکدەگرن بۆ دروستکردنی فرێزی گەورەتر و ڕستە (ڕستەی سادەو ڕستەی ناسادە)[1].

دەتوانرێت ڕستە بۆ دوو بەشی سەرەکی جیابکرێتەوە، ئەم بەشانەش لە بەشی بچووکتر پێکدێن تا دەگاتە ئەوەی کە وشەکان بە تەنیا دەمێننەوە، دوو بەشەسەرەکییەکەش بەشی بکەری و بەشی کردارین بەشی بکەری لە جێکەوتەی فرێزی ناوییدایە و بەشی کرداریش لە جێکەوتەی فرێزی کرداریدایە، چونکە زارەکە سەرکۆتایە واتە کردار لە کۆتایی ڕستەدا دەبێت. بوونی ئەم دوو بەشە لە ڕستەدا خورتییەو دەبێت بوونیان هەبێت[2].

44 – زاوڵەکە تۆپەکێش ئێستۆ. مناڵەکە تۆپەکەی دۆزییەوە.




هەریەك لەم فرێزانەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبنەوە:




کەواتە وشەکان دەبنە بنەمای پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکان، یاسا سینتاکسییەکان ئەوە دیاریدەکەن، کە کام لەم پێکهاتانە توانای جێگۆڕکێکردنیان هەیە بەبێ ئەوەی لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەیەکی نادروست بێت ئەگەر لەڕووی واتاشەوە نادروست بێت. ئەگەر ( *45) بەم شێوەیە بگۆڕین :

*45– تۆپەکی زاوڵەکەش ئێستۆ. *تۆپەکە مناڵەکەی دۆزییەوە.

---

1 Tallerman Maggie (1998:22)

2 عەبدولجەبار مستەفا (5:2005)

ڕستەی(45) لە ڕووی واتاوە نادروستە، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕستەیەکی ڕێزمان دروستە، چونکە جێکەوتەی بکەر و بەرکار فرێزی ناوین، کەواتە ئەو ڕەگەزانەی کەدەکرێت لە جێی یەکتری بەکاربهێنرێن، دەبێت لە هەمان کاتیگۆری سینتاکسی بن. وەك لە ڕستەی (44،45 ) دا (زاوڵەکە و تۆپەکی) هەردووکیان فرێزی ناوین و فرێزە ناوییەکانیش لە جێکەوتەی بکەر و بەرکاردا دەبن[1].

بۆ ناسینەوەی کاتیگۆرییە سینتاکسییەکان پێویستە پێکهاتەکانی ڕستە دەستنیشان بکەین. بۆ ئەمەش پێکهاتەی (زاوڵەکە) تاقیدەکەینەوە[2]:

-1 هەر پێکهاتەیەك لەڕووی دابەشبوونەوە وەك یەکەیەکی دروستەیی ڕەفتاردەکات و لە جێکەوتەیەکی تری ڕستەدا وەك یەکەیەك دەردەکەوێتەوە و دابەشناکرێت. بڕوانە (ڕ46–أ،ب وپ).

46–أ: زاوڵەکە شو تەکەش مت. منالەکە شیرەکەی رشت.

بکەر

زاوڵە+ کە

46–ب: ژەنەکی ْ زاوڵەکەش شت. ژنەکە منالەکەی شت.

بەرکار

زاوڵە+کە+ش

46–پ: من زاوڵە ژیرەکەم وسنا. من منالە ژیرەکەم خەواند.

دەرخراو

زاوڵە

-2 پێکهاتەلە پاش و پێشیەوە فراواندەکرێت بڕوانە(47–أ،ب ،پ)

47–أ: زاوڵە چەرمەکە شو تەکەش مت. منالە سپییەکە شیرەکەی رشت.

47–ب: ئازاوڵە چەرمەیە شو تەکەش مت. ئەومنالە سپییە شیرەکەی رشت.

47–پ: ئا دووە زاوڵە چەرمەهاری شوتەکەشا مت.

ئەو دوو منالە سپییە هارە شیرەکەیان رشت.

---

1 محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر (38:2004)

2 عەبدولجەبار مستەفا(6:2005)

پێکهاتە توانای بچووککردنەوەی هەیە، دەتوانین بیگۆڕین بە جێناو یان وشەی پرس، وەك لە نموونەی (48–أ، ب ، پ) دا دیارە.

48–أ: زاوڵەکە شو□تەکەش مت. منداڵەکە شیرەکەی رشت.

48–ب: ئادَ/ئادَە شو□تەکەش مت. ئەو شیرەکەی رشت.

48–پ: کیْ شو□تەکەش مت. کێ شیرەکەی رشت.

ئەگەر ڕێزمانی زمانەکە ڕێگە بدات ئەوا پێکهاتەکە پێکەوە لادەبرێت بەبێ بەش بەشکردنی دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ جێکەوتەی دیکە[1]. بڕوانە ( 49–أ،ب ،پ).

49 □أ: زاوڵەکە شو□تەکەش مت. منداڵەکە شیرەکەی رشت.

49–ب: pro شو□تەکەش مت. pro شیرەکەی رشت.

49*–پ: شو□تەکە زاوڵەکەش مت. *شیرەکە منداڵەکەی رشت.

ڕستەی( 49–پ) ڕێزمان دروستە، بەڵام واتا نادروستە. واتە ڕێزمانی زارەکە رێگا بەئاڵوگۆرکردنی ئەم پێکهاتانە دەدات.

پاش ڕوونکردنەوەکانی فرێز، ئەم پێناسەیە دەکەینە سەرەتایەك بۆ چوونە سەر چەشنەکانی فرێز.

## 2–3/1) فرێز

کەرەستەیەکی ڕێزمانییە، لەڕستەدا وەك یەکەیەکی سینتاکسی لە جێکەوتەی ڕستەدا هەمان بەکارهێنانی هەیە، لە کەڕستەیەك یان کۆمەڵە کەرەستەیەك پێکدێت، یەکێك لەو کەرەستانە بەسەر کەرەستەکانی تردا زاڵدەبێت، لەسەر ئەو بنەمایەش چەشنەکانی فرێز دەستنیشان دەکەین[2].

---

1 محمد عومەر عەول (5:2008)

2 George Davidson (2006:36)

## 1-2-3/1) چەشنەكانی فرێز

## 1-1-2-3/1) فرێزی ناوی

لە سادەترین شێوەیدا وەك ناوێك یان جێناوێك دەردەكەوێت[1]، بەڵام لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئاڵۆزەو بەوشێوە سادەیە نامێنێتەوە، گەلێك فۆرمی تر وەردەگرێت و فراوان دەكرێت، دروستەی سادەترین فرێزی ناوی لە شێوەی ($N \longleftarrow N'$)دایە.

ناو یا جێناو دەبێتە بناغەی فرێزی ناوی، كەسەری واتاییەو لە جێكەوتەی بكەر و بەركاردا دەردەكەوێت بڕوانە (50-أ،ب،ت) ناوی تایبەتی بە شێوەیەكی چالاك دەتوانێت ببێتە سەری ڕێزمانیی فرێزی ناوی، دەگونجێت ناوی گشتیش ئەم ڕۆڵە ببینێت، چونكە هەردووكیان لەهەمان جێكەوتەدان، بەڵام لەم بارەدا قورسایی دەكەوێتە سەر. بڕوانە (50-أ ،ب).

50-أ: من ئالانم كیاست پەی بازاری. من ئالانم نارد بۆ بازار.

50-ب: من كوڕم كیاست پەی بازاری. من كوڕم نارد بۆ بازار.

ئاوەڵناویش لە هەندێ دروستەدا دەتوانێت جێگەی سەری فرێزی ناوی بگرێت، كە لە دروستەی قووڵدا ئاوەڵناو بوون. بڕوانە (51).

51-گۆرە ماچۆ: هەتا مەردەی چەم جەكەردەی. گەورەدەڵێت: هەتامردن چاولەكردن.

## 1-1-1-2-3/1) دروستەی ناوەوەی فرێزی ناویی

فۆرمە جیاوازەكانی ناو كەدەبنە سەری فرێزی ناویی لەگەڵ ئەو مۆرفێمانەی كە تایبەتن بە ناو، ئەركی دیاریكردن دەبینن. وەك مۆرفێمەكانی (ەكە، ەكی°، یٚ ، یْو، یْوە، مۆرفێمەكانی خاوەنیەتی) كە بە كۆتایی ناوەكەوە دەلكێن[2].

كوڕ+ەكە ⟵ كوڕەكە        كوڕ+یو ⟵ كوڕیو

كناچی□ + ەكی□ ⟵ كناچەكی°        كناچی□ + یْوە ⟵ كناچیوە

كوڕ+ ی□ ⟵ كوڕی°        كناچی□ +یٚ ⟵ كناچی□

كوڕ + +ەكی□+ ی□ +ما ⟵ كوڕەكیْما

---

1 وریا عومەرئەمین (1986:183-189)

2 Fattah M.M. (1997:196)

لە باری ئاساییدا ئەم مۆرفێمانە دەچنە سەر ناوی گشتی، بێجگە لە هەندێك باری تایبەت نەبێت، وەك لە ( 52–أ،ب) دا دیارە:

52– أ : ئانە ئالان و ئاڤانە بینیˆ ئامیˆ.      ئەوە ئالان و ئاڤان بوون هاتن.

52–ب : ئالانەکەشا برام بیˆ، بەڵام ئاڤانەکیشا هامساما بیˆ.

ئالانەکەیان برام بوو، بەڵام ئاڤانەکەیان دراوسێمان بوو.

دروستەی ناوەوەی فرێزی ناویی شێوە زاری هەورامی مۆرفێمەکان لە فۆرمی نێر ومێ دا دەردەکەون وەك لە( 1=1=1=2=3/1)دا ئاماژەمان پێکرد.

ئەو ناوانەی ئەم مۆرفێمانەیان پێوە دەلکێن خاوەنی نیشانەی [ +گشتی / +ژمێردراو ] ن.

چونکە ناوە تایبەتییەکان خۆیان هەڵگری نیشانەی ناسراوین، جارێکی تر پێویست بە ناساندن ناکەنەوە تەنها لەو بارەدا نەبێت، کە لە (52–أ،ب) دا دیارە [1].

## 2–1–1–2–3/1) دروستەی دەرەوەی فرێزی ناویی

لەمجۆرە دروستەیەدا، سەری فرێزەکە بەهۆی دەرخەری پێش سەرەکان و پاش سەرەکانەوە فراواندەکرێت[2]، کە هەندێکجار ناوێکی گشتی ڕووت یاخود مۆرفێمی ڕێزمانیی تایبەت بە ناوی دەچێتە سەر، سەریش لە فرێزی ناوییدا لانابرێت، ئەگەر فرێزەکە بچووك بکەینەوە بۆ تەنها وشەیەکیش ئەو وشەیە ناوێك دەبێت، کە لەگەڵ فرێزەکەدا هەمان کاتیگۆرییان دەبێت.

سەری فرێزی ناویی، کە ناوێکە بە دەرخەر لە پێش و لە پاشەوە وەسف دەکرێت[3]، بڕوانە ( 53، 54).

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (13:2005)

2 Nigel Fabb (2004:20)

3 George Davidson (2006:46)

53– واڵە گۆرەکێم          خوشکە گەورەکەم
دەرخراو   دەرخەر

54– ئی واڵێمە.          ئەم خوشکەم.
دەرخەر   دەرخەراو

### 2–2–3/1) دەرخەرەکانی ناو فرێز

ئەو وشانەی بەشداری دارشتنی فرێز دەکەن:

1–ڕادە و ژمارە : ناوەکە سنووردار دەکات و ژمارەی دەداتێ ، لەشێوەزاری هەورامیدا ڕێککەوتن لە نێوان ژمارە/ڕادە و ناوەکەدا هەیە، لە ژمارە دووە وە دەرخراوەکە مۆڕفێمی کۆ وەردەگرێت. بڕوانە (55،56).

55–چوار کتیبێش ئەسیۨ.          چوار کتێبی کری.

56–گرد ئۆسێکێش کیاستیۨ.          هەموو وەستاکانی نارد.

لە (55 ) دا، (چوار) کە ژمارەیە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێککەوتنی دروست کردووە، هەروەها (گرد) لە (56)دا، کە ڕادەیە لەگەڵ ناوەکەدا بە هەمان شێوە ڕێککەوتنی دروست کردووە.

2–وشەی نیشانە: هەر لەم شێوە زارەدا بۆ نزیك و دوور و دوورتر لە فۆرمی جیاوازدا دەردەکەوێت، کە ناوەکە دەکەوێتە نێوان جومگەکانی مۆڕفێمەکەوە[1]. بڕوانە(57).

| | | | |
|---|---|---|---|
| 57– | ئی...ە /یۨ/یۨ | ئا...ە /یۨ/یۨ | ئو... ە/یۨ/یۨ |
| | ئی کوڕە | ئاکوڕە | ئوکوڕە |
| | ئی کناچیۨ | ئاکناچیۨ | ئوکناچیۨ |
| | ئی یانیۨ | ئا یانیۨ | ئو یانیۨ |

1 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە  فەرەیدوون عبدول (43:1998) و عەبدولجەبار مستەفا(92:2005)

3–ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا: لەم پلەیەدا ئاوەڵناو مۆرفێمی (تەر)ی دەچێتە سەر بۆ پێدانی پلەی باڵا و دەکەوێتە پێش سەرەوە، بڕوانە(58).

58–بەرزتەرین کەشش دی.        بەرزترین چیای بینی.

4–هەندێك وشەی پرسیار و نەریٚ(چ، کام، هیچ...هتد): ئەمانیش دەکەونە پێش ناوەکەوە، بڕوانە(59، 60).

59–چ کتێبو موانییۆ؟        چ کتێبێك دەخوێنیتەوە؟

60–هیچ نامیٚوم نەکیاستەن.        هیچ نامەیەکم نە ناردووە.

1– نازناو(شێخ، ئۆسا،مەلا،...هتد) : وشەکانی نازناویش زۆرجار دەکەونە پێش ناوەکەوە، بڕوانە(61).

61–ئۆسا ئارام ئاما.        وەستا ئارام هات.

دەرخەرەکانی پێش سەرەی فرێزی ناوی لەگەڵ ناوەکە لێکدەدرێن، فرێزی ناوی پێکدەهێنن و ناوەکان دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن و هەندێك جار لەگەڵ مۆرفێمی توخمدا یەکدەگرن و لە ناویەکدا دەتوێنەوە.بێجگە لە ئاوەڵناو کە بەیارمەتی ئامرازی خستنەسەر فرێزەکان دروست دەکات، فرێزەکانی تر بەبێ یارمەتی ئامراز سەرو دەرخەرەکە لەیەك دەدرێن. بڕوانە (55 تا 61).

دەرخەرەکانی پاش سەرەی فرێزی ناویی، مەبەست لەو کەرەستە ڕێزمانییانەن، کەوەك دەرخەرێك دەکەونە پاش سەرەو بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەر ( ی / و) کە لای چەپی فرێزەکە فراوان دەکەن. ئاوەڵناو لەم زارەدا دەرخەرێکی چالاکە هەندێك جار بە(ی) فرێزی خستنەپاڵ دروست دەکەن بە (و) فرێزی خاوەنداریەتی دروست دەکەن، بەلاّم بۆ کۆ لەشێوەی (یـ) دا دەردەکەوێت، وەك لە نموونەکانی(62،63) دەردەکەوێت. لەم زارەدا فرێزی خستنەپاڵ سەرە و دەرخەرەکەی بە (ی/یـ) پێکەوە دەبەسترێن، بەلاّم فرێزی خاوەنداریەتی بە ( و) پێکەوە دەبەسترێنەوە و مۆرفێمی دۆخ دەدرێت، حوکمکردنەکەش لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

62–قاڵیی ئێرانییە        فەرشی ئێرانی

63– قاڵییو ئێرانییە        فەرشی ئێران

ئەمانەی خوارەوە دەبنە دەرخەری پاش فرێزی ناوی:

**1–فرێزی ناویی** (ناو و جێناو) بڕوانە(64–أ، ب،پ).

| | | |
|---|---|---|
| 64–أ: کوڕو ئالانی ئاما. | کوڕی ئالان هات. | تاك |
| 64–ب: کناچو° سیروانی ئاما. | کچی سیروان هات. | تاك |
| 64–پ: کوڕیَ° نەسرینی ئامیَ. | کوڕانی نەسرین هاتن. | کۆ |

مۆرفیٚمی خستنەسەر بۆ نیٚرومیٚ و کۆ لە فۆرمی( و/ ۆ/یَ/ە) دا دەردەکەویٚت, دەرخەرەکە مۆرفیٚمی دۆخ وەردەگریٚت.

**2–ئاوەڵناو**

أ–ئاوەڵناوە گشتییەکان(زەریف/زەریفە،بیٚمەك/بیٚمەکە،...هتد): ئەم ئاوەڵناوانە دەکەونە پاش ناوەکەو لە توخم و ژمارەدا ریٚککەوتن لە نیٚوانیاندا دەبیٚت[1].بڕوانە( 65)

65–کناچە زەریفەکیَ° ئاما. کچە جوانەکە هات.

ب–ئاوەڵناوی تەمەن و ڕەنگ (تازە، کۆن، سیاو، چەرمە،...هتد): بە هەمان شیٚوە ئەمانیش دەکەونە پاش ناوەکە. بڕوانە(66).

66–یانەی تازەش ئەسا. خانووی نویٚی کڕی.

پ–ئەو ئاوەڵناوانەی کە واتای ولاٚت و خەڵك و خیٚڵ وەردەگرن [2] بەهەمان شیٚوە دەکەونە پاش ناوەکە. بڕوانە(67).

67–نویسەرە ئەڵمانییەکە وتارەکەش نویست. نوسەرە ئەڵمانیەکە وتارەکەی نووسی.

وەك لە نموونەکانی (65–67)دا دیارە، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو دەرخەریٚکی چالاکە.

1 فەرەیدوون عەبدول محەمەد(30:1998) و محمد عومەر عەول(2008:12)

2 George Davidson (2006:47)

لەم شێوە زارەدا فرێزی خستنەپاڵ و خاوەندارێتی جیادەکرێنەوەو لە ڕێی مۆرفێمی جیاوازەوە دەناسرێنەوە. فرێزی خستنەپاڵی سەرودەرخەرەکەی بە / ی،یٌ/ پێکەوە دەبەسترێن، بەڵام فرێزی خاوەندارێتی سەرە و دەرخەرەکەی بە /و/ پێکەوە دەبەسترێنەوە. بڕوانە(62،63 ).

**3–چاوگ** (واردەی، وراستەی، کەردەی،بەردەی،...هتد): چاوگیش وەك بەشێکی ئاخاوتن ئەرکی دەرخەر دەبینێت، سەرە ودەرخەرەکە بە مۆڕفێمی /و/ پێکەوە دەبەسترێن. واتای خاوەندارێەتی دەگەیەنن و بۆ یەکدەگەڕێنەوە. بڕوانە (68):

68–چەنو وراستەی                    دەرزی دوورین

**4–ژمارەی تەرتیبی** (یەکەم، دووەم،...هتد): لە جۆرەکانی ژمارەدا، ژمارەی تەرتیبی دەبێتە دەرخەری سەرەی فرێزی ناوی بە مۆرفێمی / ی،یٚ/ پێکەوە دەبەسترێن. بڕوانە(69):

69–زاوڵەی یەکەم شیرینتەرا.                    منالْی یەکەم خۆشەویسترە.

**5–نازناو** (کارەباچی، بەرگوراز، پینەچی،...هتد): هەندێکی تر لە جۆرەکانی نازناو پاش سەرە دەگرن بە یارمەتی مۆڕفێمی ( ی) پێکەوە دەبەسترێن، هەندێك جاریش ئەم فرێزە بەبێ یارمەتی مۆڕفێمی خستنەسەر دروست دەبێت. بڕوانە ( 70–أ،ب).

70–أ: سیروانی پینەچی                    سیروانی پینەچی
70–ب: ناهیی بەرگورازە                    ناهی بەرگدروو

6–لەهەندێك باردا ناوی فامیلی دەکەوێتە پاش سەرەوەو بەبێ ئامراز فرێز دروست دەکات.بڕوانە (71).

71–ئازاد هۆرامی شەهیدکریا.                    ئازاد هەورامی شەهیدکرا.

**7–ڕستەی شوێنکەوتوو:–**

دیارخەری فرێزی ناوی لە شێوەی لاڕستە (clause )دا دەردەکەوێت، بڕوانە( 72).

72–ئاکناچی، کەئیناچی، والْیمەنە.                    ئەو کچەی،کە لێرەیە، خوشکمە.

هەروەها بەرهەمی دروستەی فرێزی ناوی دەتوانرێت بە فرێزی هاوشانی خۆیەوە ببەسترێت، کە هەریەکەیان وەك یەکەیەکی ڕێزمانیی سەربەخۆ ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن[1] بڕوانە (73). شایانی باسە بەرهەمی ئەم دروستانە بەشێوەی جۆراوجۆر دووبارەدەبنەوە و دروستەی فراوانتریان بۆ ریزبوونی کەرەستەکان لێدادەرێژرێت[1].

73–لالۆ و لاوە شۆتشا وارد. لالۆ و لاوە شیریان خوارد.

## 2–1–2–3/1) فرێزی ئاوەڵناوی

سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی بریتییە لە ئاوەڵناوێك، ئەگەر فرێزەکە تەنها لە سەرەیەك پێکهاتبوو، ئەوا بە فرێزی ئاوەڵناوی ناودەبرێت، بەڵام ئەگەر لە ئاوەڵناوێك و دەرخەرێك پێکهاتبوو، ئەوا فرێزێکە ئاڵۆزە. دەرخەرەکانیش لەپێش یاخود لەپاش سەرەوە دێن، سادەترین دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی لە شێوەی ( A ⟵ A")دایە.

زۆرجار فرێزی ئاوەڵناوی لە پلەی بەراورد و باڵاشدا دەردەکەوێت، یاخود ئاوەڵکردارێکی لەگەڵدا دێت، بڕوانە(74).

74–ئادَ فرە زیرەکا. ئەو زۆر زیرەکە.

## 1–2–1–2–3/1) دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناویدا، مۆرفیمی(تەر/تەرین) بەشداری دارشتنی دەکات. لە پلەی بەراورددا دەکەوێتە پاش سەرەکەوە، بەڵام لە پلەی باڵادا دەکەوێتە پێش سەرە[2].بڕوانە(75–أ،ب).

75–أ: کورێوی زیرەکتەر ئاما. کورێکی زیرەکتر هات.

75–ب: زیرەکتەرین کناچینە. زیرەکترین کچە.

---

1 محمد عومەر عەول(12:2008).

2 ئەورحمانی حاجی مارف (60:1992)

## 2-2-1-2-3/1) دروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

لە دروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناویدا، دەرخەرەکان ڕۆڵی فراوانکردنی فرێزەکە دەبینن ئاوەڵناوەکە سەرەیەو لە سەرەتا و کۆتایی ئاوەڵناوەکەوە فراوان دەکرێت.

**أ–دەرخەرەکانی پێش سەر:** زۆرجار ڕادە ئەم ئەرکە دەبینن و دەبێتە دەرخەری سەرەکە، **هە**ندێك جاریش ئاوەڵکردارێك پێش سەرەکەدەکەوێت. بڕوانە (76–أ،ب،پ).

76–أ : ئازاد شارێوی فرە گۆرەش دییەن. ئازاد شارێکی زۆرگەورەی بینیوە.

76 ب: پیاکە کەمێو نەوەشا. پیاوەکە کەمێك نەخۆشە.

76–پ: ئادَ بەڕاستی توڕەن. ئەو بەراستی توڕەیە.

**ب– دەرخەرەکانی پاش سەرە:** فرێزی ئاوەڵناوی لەدروستەی بەراوردا بە**هۆ**ی فرێزی پێش ناوییەوە فراوان دەکرێت، بەڵام هەندێکجاریش بە یاریدەی/ ی، یٚ/ ی خستنەسەر فراوان دەکرێت[1]، بڕوانە( 77–أ،ب).

77–أ: مێزێوی گۆرەتەرەش جە ئەوێتەریٚ ئەسا.

مێزێکی گەورەتری لەوەی تر کری.

77–ب: توتێوی چەرمەی گۆرە پاسەوانیش پێکەروٚ.

سەگێکی سپی گەورە پاسەوانی بۆدەکات.

مۆرفێمی / و/ دەورێکی چالاك لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا دەبینێت ، چونکە ئەم مۆڕفێمە توانای بەستنەوەی زیاتر لەچەند وشەیەکی لە ڕستەدا هەیە. بڕوانە (78).

78 – کوڕێوی ئازا و ژیر و باڵابەرز کێلەکیش بەردۆ.

کوڕێکی ئازا و ژیر و باڵابەرز یارییەکەی بردەوە.

1 محمد معروف فتاح (86:1990)

## 3-1-2-3/1) فرێزی پێشناوی

دروستەی فرێزی پێشناوی لە پێشناوێك پێكدێت، كە بەدوایدا ناوێك یان جێناوێك ( لەفەرهەنگدا) یان فرێزێكی ناوی (لە سینتاكسدا) یاخود ئاوەڵكردارێك دێت. كەواتە شوێنی پێشناوەكانیش پێش تەواوكارەكانیانن. پێشناوەكە سەرێكی حوكمكەرە، ئاڕاستەكەی لەڕاستەوە بۆ چەپە، لە جێكەوتەی فرێزی ناوییدایە[1]، لە ناو بەشەكردار ( پریدیكت) دایە، پەیوەندی لەگەڵ كردار دا هەیە.

دروستەی فرێزی پێشناوی، لە شێوەی ( P' ⟶ Preposition + N'' ) دایە. دوو جۆر لە م شێوەزارەدا بەرچاودەكەون :-

**أ-پێشناوە ڕەسەنەكان:** “بە”، “پەی”، “جە”...هتد، پێشناوە ڕەسەنەكان دەچنە سەر ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار. لەو فرێزانەدا كەپێشناوی ڕەسەن دەچێتە پێش ئاوەڵكردارەوە دەگونجێت پێشناوەكە لابرێت بڕوانە(ڕ 79،80).

79-شمە بەپێ لۆدی.          ئێوە بەپێ بڕۆن.

80- ملكەكەتا (جە) تەنیشتوو هانەیۆن.          باخەكەتان لەتەنیشت كانییەوەیە.

**ب- پێشناوە ناڕەسەنەكان:** “پنەخوای”، “ونەدای”....هتد، پێشناوە ناڕەسەنەكان دەچنە سەر چاوگ (ناوی ڕووداو)، (بڕوانە ڕ81).

81-بە فلیمەكەی خوا.          بەفلیمەكە پێكەنی.

## 4-1-2-3/1) فرێزی ئاوەڵكرداری

سەری دروستەی فرێزی ئاوەڵكرداری تەنها ئاوەڵكردارێكە، جێكەوتەی فرێزە ئاوەڵكردارییەكان[2]، لە جێكەوتەی فرێزی پێشناویدایە. دروستەی فرێزی ئاوەڵكرداری دەشێت یەك ئاوەڵكردار بێت لە شێوەی ( AP ⟵ Adverb ). بڕوانە( 82).

82-وەشڵەی هەرگیز نەدییەبیێم.          خۆزگە هەرگیز نەم دیبایە.

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (64:2005)

2 محمد عومەر عەول (20:2008)

## 5-1-2-3/1) فرێزی  کرداری

فرێزی کرداری پێکهێنەری ڕاستەوخۆی ڕستەیە، کە لە پریدیکەیتدا بوونی بە خورتییەو ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت، ڕستەش بەبێ ئەم فرێزە دروست نابێت، دروستەکەی بەم شێوەیە یە:

$$VP \longrightarrow V\ (N'')$$

لەم شێوە زارەدا، فرێزی کرداری پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتری هەیە لە فرێزەکانی تر، چونکە (ڕەگ، کات، کەس، توخم) لە بنیاتی دروستەی فرێزی کرداریدا بە خورتی بەشداری ڕستە دەکەن. هەندێکجار فرێزی پێشناویش بەشداری دارشتنی دەکات[1].

لەکرداره ناتەواوەکاندا هەبوونی فرێزەکان بە خورتییە، چونکە ئەو کردارانە بێهێزن و بەتەنها ناتوانن واتای ڕستەکە تەواو بکەن و ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی بدەن. بڕوانە(83).

83–وەزەکی کۆرەنە.                    گوێزەکە کوێرە.

بۆخستنەڕووی ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییانەی کەبەشداری لە دروستەی فرێزی کرداریدا دەکەن و هەریەکەیان جۆرە پەیوەندییەك دروست دەکەن، پێویستە لێکۆڵینەوە لە دروستەی ناوەوەو دەرەوەی فرێزی کرداری بکەین.

## 1-5-1-2-3/1) دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری

مەبەست لەم دروستەیە خستنە ڕووی ئەو مۆڕفێمانەیە کەبەشداری دارشتنی کردار دەکەن، لەڕووی دروستەوە کردار دروستەیەکی ناسادەی هەیە، ئەم شێوە زارە خاوەنی دروستەی تایبەت بە خۆیەتی چونکە:

**1–مۆرفێمی توخم،** لەم شێوە زارەدا مۆڕفێمێکی چالاکە لە زۆربەی کردارەکاندا بوونی هەیە، چونکە شێوەزارێکی ئەرگەتیڤیە بڕوانە (84–أ،ب) و پەیوەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ کەڕستەکانی تری ڕستەدا دروست دەکات.ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕبوو، بکەر مۆڕفێمی توخم بەکردار دەبەخشێت ، بەڵام ئەگەر تێپەڕبوو ئەوا بەرکار مۆرفێمی توخم بەکردار دەبەخشێت[2] بڕوانە (85–أ،ب).

84–أ:  کوڕەکە وتەن.                    کوڕەکە نووستووە.

84–ب: کناچەکیْ وتیْنە.                    کچەکە نووستووە.

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (69:2005)

2 باسێکی بلاْونەکراوەی فەرەیدوون عەبدول محەمەد جێکەوتەی مۆرفێمی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا

85–أ: کوڕەکە نانش واردەن.                کوڕەکە نانی خواردووە.

85–ب: کناچەکی˚ ئاویش واردێنە.        کچەکە ئاوی خواردووە.

لە ڕستەی (ڕ 84–أ) دا بکەر نێرە و مۆڕفێمی نێری (–ە–)بەکردار بەخشیووە، لە ڕستەی (84–ب) دا بکەر مێیە و مۆڕفێمی مێی (–ێ–) بەکردار بەخشیوە، بەڵام لە ڕستەی (85–أ) دا بەرکار نێرە و مۆڕفێمی نێر (–ە–)ی بەکردارەکە بەخشیووە لە ڕستەی (85–ب)دا بەرکار مێیە و مۆڕفێمی مێی (–ێ–) بەکردارەکە بەخشیوە.

2–لەم شێوە زارەدا پێنج کۆمەڵ لە کلیتیکەکان بەشداری دارشتنی کردار دەکەن[2].

## 2–5–1–2–3/1) دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری

مەبەست لە فراوانکردنی فرێزەکەیە لە ڕستەدا بەهۆی ئەو فرێزانەی کە پێشتر باسکراون، بەپێی ئەو یاسایانەی کە فرێزەکان دەیانگرێتەوە. واتە فرێزەکان دەتوانن چەندجارێك دووبارە ببنەوەو فرێزەکردارییەکە بۆ سنوورێکی ناکۆتا فراوان بکەن، ئەو فرێزانە زۆرجار ئەرکی تەواوکەرو سەرباریان پێدەسپێردرێت[1] بڕوانە (86–أ،ب،پ).

86–أ: ئالان/ئالانی یانەکەش ورەت.        ئالان خانووەکەی فرۆشت.

86–ب: ئالان/ئالانی یانەگۆرەکەش ورەت.        ئالان خانووەگەورەکەی فرۆشت.

86–پ: ئالان/ئالانی بە دۆلار یانەگۆرەکەش ورەت.        ئالان بە دۆلار خانووەگەورەکەی فرۆشت.

## 2–2–3/1) پەیوەندیی نێوان فرێزەکان

لەشێوەزاری هەورامیدا پەیوەندی نێوان فرێزەکان جیاوازە، ئەگەر بڕوانینە پەیوەندیی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کرداری بەپێی جۆری کردارەکە جیاوازە. ئەگەر کردارەکە ڕابردووی تێپەڕبوو بکەر بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوی لکاو بەکردارەکە دەدات. کردارەکە حوکمی بکەر دەکات، بکەریش مۆڕفێمی

---

1 بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:ل 55 ئەم نامەیە.

2 حاتەم ولیا (2000:81و82)

توخم بەکردارەکە دەبەخشێت، تەنها لەکرداری ڕابردووی سادە دا نەبێت کە بۆ کەسی سێیەم دەردەکەوێت. بڕوانە( 87).

87–نەسرینە شیعرەکێش نویستە.        نەسرین هۆنراوەکەی نووسی.

لە فرێزی کرداریدا فرێزی ناویش بەشداریی دارشتنی ڕستەکە دەکات. بە پێی جۆری کردارەکە بەرکار وەك فرێزێکی ناوی لەناو فرێزی کرداریدا دەردەکەوێت. فرێزی بەرکاری بەپێی جۆری کردارەکە دەردەکەوێت، ئەگەر کردارەکە ڕابردووی تێپەربێت، ئەوا بەرکار بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناو بەکردارەکە دەبەخشێت، لەهەمان کاتدا مۆرفیمی توخم/کۆ بە دروستەی کردارەکە دەدات و فرێزە بەرکاریەکەش لە دۆخی ئەکۆزەتیڤ دا دەبێت.
لەکاتێکدا ئەگەر کردارەکە رانەبردووبێت، ئەوا بەپێی جۆری فرێزە بەرکارییەکە مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانی لەسەر دەردەکەوێت و لە دۆخی ئەکۆزەتیڤ دا دەبێت، مەبەستمان لە جۆری فرێزە بەرکارییەکە ئەوەیە کەسەری فرێزەکە ناوێکی (گشتی، نەناسراو، ناسراو) ببێت[1]. بڕوانە (88).

88 – من نامەکەی کیانوو.        من نامەکە دەنێرم.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دۆخ لەم زارەدا بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆژی دەردەکەوێت، بۆیە بەپێی جێکەوتەکان دروستەکان بۆ وەرگرتنی دۆخ گۆرانکارییان بەسەردا دێت.
فرێزی ناوی لە دۆخی نۆمینەتیڤدا دەبێت کەئەرکی بکەر ببینێت، وە لە دۆخی ئەکۆزەتیڤ دا دەبێت لەئەرکی بەرکاریدا وە دۆخی داتیڤی دەبێت لە بەرکاری ناڕاستەوخۆدا و نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت. بڕوانە (89–أ،ب،پ).

89–أ : ئازادی / ئازاد مەلیش کەردە.    ئازاد مەلەی کرد.    نۆميناتيڤ
89–ب: ئادَ یانەکا ورەشۆ.    ئەو خانووەکان دەفرۆشێت.    ئەکۆزەتیڤ
89–پ: سیروان جە کوڕەکەی تەرسۆ.    سیروان لەکوڕەکە دەترسێت.    داتیڤ

کەواتە ڕێککەوتن لە نێوان فرێزەکاندا هەیە، هەربەوشێوەیەش ڕێککەوتن لە نێوان پێکهاتەکانی ڕستەدا هەیە، کە بکەرو کردار لە توخم و جێناوی کەسی لکاودا پێکەوە ڕێکدەکەون[2]. بڕوانە ( 90 ).

1 د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد (وانەی تایبەت زانکۆی سلێمانی 2–6–2010)
2 بۆ ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکان، بڕوانە ل 118 ئەم نامەیە.

90– من وتێنا–وتەنا . من نووستوم.

بەڵام ئەگەر کردارکە رانەبووردوو، بوو ئەوا بکەر وکردار تەنها لە جێناوی کەسی لکاودا ڕێکدەکەون، بڕوانە (91).

91– من کتێبەکەی مسانوو. من کتێبەکە دەکرم.

هەموو کردارێکی ڕابووردووی تێپەر بەرکارەکەی دوو مۆرفێم بە کردار دەبەخشێت، ئەوانیش مۆرفێمی توخم و جێناوی کەسی لکاون. مۆرفێمی توخم دەکەوێتە پاش ڕەگی کرداروەکە، بەڵام جێناوی کەسی لکاوی بکەریی بەبەرکارەوە دەلکێت. لە هەمان کاتدا بەرکاریش جێناوی لکاوی بەرکاری بەکردار دەبەخشێت، کە لە ( بەشی سێیەمدا ) باس لە ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکان دەکەین. بڕوانە(92).

92– ئادَ منش نویستەنا / نویستێنا. ئەو منی نوسیوە.

ش: کلیتیکی بەرکاری — ە: مۆڕفێمی نێر — یـ: مۆڕفێمی مێ

ن: ڕوکاری ڕابردووی نزیك — ن: ڕوکاری ڕابردووی نزیك

ا: کلیتیکی بکەری — ا: کلیتیکی بکەری

## 3–3/1) دروستەی ڕستە

ڕستە گەورەترین یەکەی ڕێزمانە، کەرەستەکانی لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەیە و پێکەوە بەستراون، لە ڕستەی تری زمانەکە دابراوە و وەك یەکەیەکی سەربەخۆ رەفتاردەکات لە ڕێزماندا[1].

لە دروستەی ڕستەدا چەند جۆرە ڕێکخستنێك دەبینرێت، بۆ دیاریکردنی دروستەی ڕستە دەبێت بەشەکانی ڕستە و جۆرەکانی پۆلێنبکرێن.

ڕستە دانەیەکی ڕۆنانبەندە، واتە خاوەن ڕۆنانە، ڕۆنانیش چەندین کەرەستە لە خۆدەگرێت، کە سەربە پۆلی بەشەکانی ئاخاوتنن و ئەرکی ڕێزمانیان هەیە[2].

لەسادەترین ڕۆناندا ڕستە خاوەنی دووکەرەستە یاخود زیاترە، ڕۆنانە ئاڵۆزەکانیش لەمانەوە دادەڕێژرێن. زمانەکان لە سیستەمی ڕیزکردنی کەرەستەکانیاندا ( بکەر و بەرکار و کردار) داجیاوازن. واتە سەرە یەك

---

1 محمد معروف فتاح (1990:98و99)

2 ڤیان سلیمان(2006:44)

شوێن لە زمانەکاندا ناگرێت، بەڵکو جێکەوتەی جیاوازی هەیە[1]، زمانەکان یان سەر سەرەتان یاخود سەرکۆتان. زمانی کوردی لە جۆری سەرکۆتایە بەشێوەی (بکەر+ بەرکار+کردار) کەرەستەکانی ریزدەبن کە بکەرێك و ئارگومێنتێك و بەشەکردارێکی هەیە. لەپەیوەندییە تەکنیشینییەکان دروستەی ڕستەیەك پێکدێت.

هەر رەگەزێکی فەرهەنگی دەبێت لە لایەن سەرێکی ڕێزمانییەوە رۆڵی لە دروستەی قووڵدا پێبدرێت ، پاشان کردار داوای کەرەستەکانی تری ڕستە دەکات و داواکاری تەواوکەرەکانییەتی لە دروستەی روکەشدا دۆخی ڕێزمانییان پێدەبەخشرێت[2].

کرداری تێنەپەر تەنها یەك ئارگومێنتی پێویستە، لەکاتێکدا کرداری تێپەڕ پێویستی بە کاتیگۆری بکەر و بەرکار هەیە. لە ڕستە سادەکاندا کردار داوای تەواوکەر لە شێوەی فرێزدا دەکات، بەڵام لە ڕستە ناسادەکاندا ڕستە دەبێتە تەواوکەری کردار(93).

93–أ: سەما ساوەکێش واردە.                سەما سێوەکەی خوارد.

93–ب: باوان/باوانی کتێبەکەش دا بە من.        باوان کتێبەکەی دا بە من.

لەڕستەی (93–أ)دا کرداری واردە پێویستی بەیەك بەرکار هەیە کە ساوەکیْ یە، بەڵام لە ڕستەی( 93–ب) دا کرداری دا پێویستی بە دوو بەرکار هەیە، یەکیکیان راستەوخۆیە و یەکیان ناراستەوخۆیە.

هەرکاتێك کردارێك ژمارەیەکی کەمتر یان زیاتر لەپێویستی خۆی وەرگرت ئەوا ڕستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت و کردارەکە توانای حوکمکردنی نامێنێت. بڕوانە (94–أ،ب).

94–أ:    ئاد وت.                ئەو نوست.

94–ب: *ئاد زاوڵەکە وت.        *ئەو مناڵەکە خەوت.

وت لە ڕستەی دووەمیاندا نە رۆڵی بابەتانە و نە دۆخی ڕێزمانی نادات، ناتوانێت فرێزێکی ناویی وەك بەرکاروەربگرێت،بۆیە دەڵێن کردار لەڕستەدا ژمارەو جۆریبەرکارەکەدیاری دەکات[3].

1 سەرچاوەی پێشوو ل 43

2 عرفان مستەفا(54:2003)

Bekhal Latif Muhedeen(2008:73) 3

## 1-3-3/1) جۆرەکانی ڕستە لەڕووی دارشتنەوە

جۆراوجۆری ڕستە دیاردەیەکی ئاساییە،ڕستەکانی ئەم شێوەزارەش بۆ(سادە، لێکدراو، ئاڵۆز) دابەش دەبن.

## 1-1-3-3/1) ڕستەی سادە

سادەترین ڕستە لە ڕۆنانیدا ناسادەیە، چونکە ڕستە سادەکانیش لە فرێزێکی ناوی و فرێزێکی کرداری پێکدێن، بەڵام ئەم ڕستانە دەتوانرێت بە هۆی فرێزی خستنەپاڵەوە فراوان بکرێن، ئەم ڕستانە لە سینتاکسدا بەرزترین پێکهاتەو دروستەی تایبەت بە خۆیان هەیە[1]. ڕستە لەم زارەشدا سەر کۆتایە و کردار سەری ڕێزمانییەو ڕەگ و کەس بوونی هەمیشەییان لەکرداردا هەیە، مۆرفیمی توخمیش لەگەڵ زۆربەی کردارەکاندا دەردەکەوێت، چونکە شێوەزاری هەورامی بە فرێزێکی ڕێککەوتنی دەژمێردرێت، کە هەمیشە یەکێك لە ئارگومێنتەکانی ڕستە لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەوێت. هەریەك لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بەڕەگی کردارەوە دەلکێن، ناشکرێت لێکجیابکرێنەوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕۆنانەکە ( بڕوانە نموونەی 175، 176 لە بەشی سێیەم لەم نامەیەدا).

## 2-1-3-3/1) ڕستەی لێکدراو

ڕستەی لێکدراو لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، هەریەك لە ڕستەکان لە بنەڕەتدا ڕستەی سەربەخۆو تەواون. ژمارەیەکی ناکۆتا لە ڕستە دەتوانن بەشداری دارشتنی ڕستەی لێکدراو بکەن ( بڕوانە نموونەی 177، 178، 179 لە بەشی سێیەم لەم نامەیەدا).

ئامرازە لێکدەرەکانیش (و، بەڵام، ئینجا، بەڵکو...هتد) ڕۆڵێکی چالاك لە لێکدانی ڕستەکاندا دەبینن ، بەڵام خۆیان نابنە بەشێك لە پێکهاتی ڕستەکان[2]. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕستە بەپێی کات بۆ دووجۆر جیا بکەینەوە:

أ–ڕستەی هاوکات: واتە ڕستەکان لەیەك کاتدا ڕوودەدەن یاخود یەکێك لە ڕووداوەکانی ڕستەکە بەئەنجام دەگات و ئەویتریان بە لاوە دەنرێت. بڕوانە( 95–أ،ب).

95–أ: گرد زاۆڵەکی چنە ئامی بیْنی، یوشا بیبە پزیشك، یوتەرشا بیبە ئەندازیار، یوتەریچشا بیبە شیْوەکار.

هەموو منداڵەکان بەتوانا بوون، یەکێکیان بوو بە پزیشك، یەکێکی تریان بوو بە ئەندازیار، ئەویتریشیان بوو بە شێوەکار.

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (27:2009)

2 عرفان مستەفا (54:2003)

3 عەبدوللا حوسێن رسول (1991:66)

95–ب: گرد روێوو کێلَی کەرینمیْ، یاکتێب وەنیْنمیْ.

هەموو رۆژێك یاریمان دەکرد، یاکتێبمان دەخوێندەوە.

ب–ڕستەی کات=جیاواز: ئەو ڕستانەن کە کاتەکانیان وەك یەك نییە[2]، بڕوانە ( 96–أ،ب).

96–أ: فره هیلاکبیەن، بەڵام مەوسۆ. زۆر ماندوو بووە بەڵام ناخەوێت.

96–ب: ئۆسا لوێنیˆیانە هامساکەما، بەڵام ئیسە مەلو.

ئەوسا دەچووم بۆ ماڵە دراوسێکەمان بەڵام ئیستا ناچم.

ئامرازە لێکدەرەکان زۆرجار جۆری ڕستەکان دەستنیشان دەکەن. ئامرازی (و) ڕستەی پەیوەست دروست دەکات، (یان...یان) ڕستەی جیاکەرەوە بەرهەم دەهێنێت، (بەڵام) لە ڕستەی پێچەوانەدا بەرچاودەکەوێت، هەرچەندە ئەم ئامرازانە ڕستەکان لەیەك دەدەن، بەڵام دۆخی ڕێزمانی بەهیچ یەك لەو کەرەستانە نادرێت، خۆشیان بە هیچ یەکێك لە ڕستەکانەوە وابەستە نین، بەڵام ڕستە سەربەخۆکان ناسەربەخۆ دەکات و داوای ڕستەی دووەم دەکات، ئەورستانەی کەبەمۆرفێمی( و) لێکدەدرێن هاوسەنگن و ژمارەیەکی ناکۆتا لەڕستە بەم ئامرازە لێکدەدرێت[3] .بڕوانە ( 97).

97– ئادَی تەماشوˆ ئادَیش کەرد و هەردویْشا خویْو لویْبەر.

ئەو تەماشای ئەوی کردو هەردووکیان پێکەنین و ڕۆشتنە دەرەوە.

ئامرازێکی تری چالاك لەم شێوە زارەدا ( بەڵام)ە، واتەی پێچەوانەیی دەگەیەنێت، دەکرێت ڕستەکان هاوکاتبن یا دژ کاتبن. بۆ دەرکردنی ڕستەی واتادار، ئەگەر (چ)ی لەگەڵداهات، ئەوا دەبێت هەردوو ڕستەکە ئەریێ بن یاخود نەریێ بنˆ. (بڕوانە 98–أ،ب).

98–أ : یانەکە فره چۆڵ بیˆ، بەڵام پاك بیˆ. ماڵەکە زۆرچۆڵبوو، بەڵام پاك بوو.

98–ب: ئادَ لوا /نەلا، بەڵام منیچ لوانیˆ /نەلانیˆ. ئەو ڕۆشت/نەڕۆشت، بەڵام منیش ڕۆشتم/ نەڕۆشتم.

---

1 عەبدوڵڵا حوسێن رسول (23:1991)

2 بەکر عومەر عەلی (2003:9)

3 عەبدوڵڵا حوسێن رسول (23:1991)

ئامرازی (و، بەڵام) زۆرجار لەڕستەیەکی لێکدراودا پێکەوەدێن[1] ،بڕوانە( 99).

99- من ئالانم دی و باسەکەما تاوتویْ کەرد، بەڵام ئادَ چن من نەبیْ.

من ئالانم بینی و باسەکەمان تاوتوێکرد، بەڵام ئەو لەگەڵ من نەبوو.

ڕستەی هاوکاتیش لە ڕستەی لێکدراودا بەئامرازی (یان...یان) تەنها یەکێك لەڕستەکان جێبەجێ دەکرێت. بڕوانە( 100) .

100- یان بوسە، یان نانەکیت بوەرە. یان بخەوە یان نانەکەت بخۆ.

نەرێکردنی ڕستەی (100) بە (نە..نە، مە...مە) دەبێت، کە هیچ یەکێك لە ڕووداوەکان جێبە جێناکرێن. بڕوانە (101-أ،ب)[2].

101-أ: نەپالاَی تەنگ، نە یانەی بەجەنگ. نە پێڵاوی تەنگ، نەخانەی بەجەنگ.

101-ب: یان نان کەم بوەرە، یان مەواچە نەوەشەنا. یان نان کەمبخۆ یان مەڵێ نەخۆشم.

هەندێکجار ئامرازی تریش وەك (بەشکو، بەڵکو) بۆ لێکدانی دوو ڕستەی سادەی پێچەوانەیی بەکاردێن. بڕوانە (102).

102- من ئی کتێبمە ئاوەردەن، بەڵکو/بەشکو سوودش چنە هۆرگیروو.

من ئەم کتێبەم هێناوە، بەڵکو/بەشکو سوودی لێوەرگرم.

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (72:2009)

George Davidson ( 2006:64)2

## 3-1-3-3/1) ڕستەی ئاوێتە

لە لێکدانی دوو ڕستە یاخود زیاتر دروست دەبێت، یەکێك لە ڕستەکان بە ڕستەی سەرەکی(شاڕستە) و ئەویتریان بە ڕستەی شوێنکەوتوو(پاڕستە) ناودەبرێت.
هەردوو ڕستەکەش بە ئامرازی لێکدەر ( کە ، ئەگەر، تا، پۆچی، وەروئانەیە، چونکە...هتد) پێکەوە دەبەسترێن.
ڕستەی شوێنکەوتوو ئەوڕستەیەیە، کەپشت بە ڕستەیەکی سەرەکی دەبەستێت، جێکەوتەی تایبەت بەخۆی هەیە وەك ڕستەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لەگەڵ ڕستە سەرەکییەکەدا واتای ڕستەیەکی تەواو دەدات. ئاشکرایە کە ڕستە توانای فراوانکردنی هەیە. کەرەستە فراوانکراوەکان "ﭬ لەشێوەی گەورەترین پرۆژەدادەردەکەون بۆ نموونە PP ، $S^{-}$،VP " .

هەندێك لە ڕستەکان لەو جۆرەن کەداوای ڕستەیەکی تر دەکەن وەك تەواوکەرێکی دەرەکی دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕستە سینتاکسیەی کە خۆی سەری ڕێزمانییەتی، بەڵام ئەو ڕستانەی کە داوای تەواوکەرێکی ناوەکیی دەکەن، دەکەونە ژێر ڕکێفی کردارەکە و حوکمی دەکەن و دۆخی ڕێزمانیی پێدەبەخشن. کردار دەبێتە سەری ڕێزمانیی ئەو ڕستەیەی کە تەواوکەری دەرەکی وەك ڕستەیەك داوا ناکات، بەڵام ئەگەر هات و کردارەکە پرۆژەیەکی لەخۆی گەورەتری داواکرد، ئەوا دەبێتە ڕستەی ئاڵۆز، کە ڕستەیەکی کات و کەسدارە.
ئەگەر ڕستە دووکرداری تێدابێت، ئەوا یەکێکیان کردارە سەرەکییەکەیەو لە فرێزی کردارییدایە و ڕاستەوخۆ بە ڕستە سەرەکییەکەوە گرێدراوە، بەڵام کردارەکەی تر کردارێکی شوێنکەوتووە و VP یەکەی لە ڕستەی شوێنکەوتوودایە ئەمیش بە ڕستە سەرەکیەکەوە وابەستەیە. ڕستەی شوێنکەوتوویش لە ناو ڕستەیەکی گەورەتردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.
لە خوارەوە چەند نموونەیەك بۆ ناسینەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو دەخەینە ڕوو[1]:
1-لەدوای ئامرازە لێکدەرەکانەوە ڕستەی شوێنکەوتوو دێت بڕوانە (103-أ،ب).

103-أ: ئادەیْ پاسەشازانا، کە مشیوْ چابوو.　　ئەوان وایان زانی، کە دەبێت لەوێ بم.
103-ب: من چابوو یا چانەبوو، گرنگ نییە.　　من لەوێبم یان لەوێنەبم ،گرنگ نییە.

2-ئەگەر (کە) ڕستەی سەرجێناوی بەدوادا هات، ئەوا لەڕستەی شوێنکەوتوو دایە. بڕوانە (104).

1 محەمەدی مەحویی (18:2001)

104– ئادَیْ گەرەکشانا، کەمن کتێبەکەشا پەی بوانوٚ.
ئەوان دەیانەوێت ،کە من کتێبەکەیان بۆ بخوێنمەوە.

3 – هەرکاتێك توانیمان لەبری ڕستە شوێنکەوتووەکە (ئادَ/ئادَیْ) دابنێن، ئەوا ڕستەکە شوێنکەوتووە. بڕوانە (105).

105– ئازیندانییەی، کەبێبەزیەییانە گیریا، گیانش جەدەستدا.–– ئادَ گیانیش جەدەستدا
ئەو زیندانییەی، کە بە بێبەزەییانە گیرا، گیانی لەدەستدا.–– ئەو گیانی لەدەستدا.

4–ڕستەشوێنکەوتووەکان لە ڕستەدا توانای جوولآندنیان هەیە، بەتایبەتی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان[1]. بڕوانە (106–أ،ب).

106–أ: وەروئانەیە ئێمە دماکەوتیمی، بڕیارشادا دەستکەرا بەواردەی.
لەبەرئەوەی ئێمە دواکەوتین بڕیاریاندا دەستبکەن بەخواردن.
106–ب: بڕیارشادا دەستکەرا بەواردەی، وەروئانەیە ئیمە دماکەوتیمیْ.
بڕیاریاندا دەستبکەن بەخواردن، لەبەرئەوەی ئێمە دواکەوتین.

5–هەندێکجار دەتوانین ڕستەی شوێنکەوتوو بکەین بەوشەی پرس، بڕوانە ( 107–أ،ب).

107–أ: سازانی پنەش واتا کە بلوو چنیش. سازان پێیوتم کەبرۆم لەگەڵی.
107–ب: سازانی پنەش واتا چیش؟ سازان پێیوتم چی؟

**هەندێك کردار لە شێوەزاری هەورامیدا داوای تەواوکەر لە شێوەی ڕستەدا دەکەن( ئەو ڕەگەزانەی کە لەناو ڕستە شوێنکەوتووەکەدان لە لایەن کرداری ڕستە شوێنکەوتووەکەوە حوکمدەکرێن و دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن)[2]، هەرچەندە ئەو ڕستەیەش لە بنەرەتدا خاوەن دروستەیەکی**

1 Nigel Fabb (2004:74,73)
2 محەمەدی مەحویی (142:2001)

سەربەخۆیە لە،بەڵام کاتێك لەڕستەیەکی ئاڵۆزدا ڕۆڵ دەبینێت سەربەخۆیەتی خۆی لەدەست دەدات[1].

واتەی لەو کردارانەیە کە داوای ڕستە دەکات، چونکە سروشتێکی گێڕانەوەیی هەیە، هەندێکجاریش لە ڕستەیەك زیاتر داوادەکات[2]. بڕوانە (108).

108– من واتم ، کە ئادَی پنەش واتا، کە کناچەکی ملو .

من وتم ، کەئەو پێی وتم ، کە کچەکە دەڕوات.

مشیو ش وەك تەواوکەر داوای ڕستەدەکات و ناوەڕۆکێکی مەرجی بەڕستەکەدەبەخشێت. بڕوانە (109).

109– مشیوْ نانەکێت بوەری. دەبێت نانەکەت بخۆیت.

گەرەك بییەی کردارێکی تێپەرەو داوای ڕستە دەکات، دەربڕی ویست و ئارەزووە[3]. بڕوانە ( 110).

110–گەرەکما، بەی لامن. دەمەوێت بێت بۆلام.

بێگومان چەند کردارێکی تریش داوای ڕستەی شوێنکەوتوو دەکەن، بەڵام ئێمە لەم باسەدا تەنها کۆمەڵێك لەو کردارانەمان خستۆتە ڕوو.

هەریەك لە ڕستە شوێنکەوتووەکان دەتوانرێت فراوانبکرێت، ژمارەشیان بەپێی مەبەست و ئارەزووی قسەکەر دەگۆڕێت[4]، وەك ڕستەی شوێنکەوتووی (دیارخەری، کاتی، هۆی، پێچەوانەیی مەرجی، ذیازو مەبەست...هتد)[5].

کاتی کرداریش لەڕستەی شوێنکەوتوودا دەشێت بە کرداری ڕستە سەرەکییەکەوە بەندبێت، یاخود کاتەکەی جیاواز بێت، زۆرجار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

---

1 عرفان مستەفا (66:2003)
2 Nigel Fabb (2004:74)
3 عەبدولجبار مستەفا (73:2009)
4 عەبدوڵلا حوسێن رسول (80:1991)
5 بەکر عومەر عەلی (9:2003)

أ ) ئه گەر كاتی ڕ سته سەرەكییەكە كاتی ئا خاوتن یاخود كاتی پاش ئا خاوتن ب ێت، ئەوا ڕ سته شوێنكەوتووەكە كاتی پاش ئاخاوتن دەبێت. بڕوانە(111):

111 أ : ئادَه ماچای ماچو°، كه ملو°پەی بازاڕی — ئەو دەڵێت كە دەچێت بۆ بازاڕ
111–ب : ئادَه ماچو°كه ملو°پەی بازاڕی

ب) زۆر جاریش وا ڕێكدە كەوێت، ئه گەر كاتی كرداره سەرەكییەكە ڕابردووب ێت ئەوا ڕ سته شوێنكەوتووەكە بەهەردوو جۆرەكەیەوە ڕانەبردوو دەبێت. بڕوانە(112).

112– ئادَی پنەش واتا، كه جەتەنیایی تەرسای تەرسو°. ئەو پێی وتم كە لە تەنیایی دەترسێت.

پ) بەپێچەوانەشەوە دەگونجێت ڕستەی سەرەكی ڕانەبردوو بێت، بەڵام ڕ ستەی شوێنكەوتوو ڕا بردوو بێت. بڕوانە (113 ).

113– من ماچوو، كه ئادَم نەدییەن. من دەڵێم كە ئەوم نەدیوە.

ت) دەشكرێت هەردوو ڕستەكە ڕابردوو بن. بڕوانە (114 )

114– من به ئادَیم وات، كه من ئا هەرمانێمه نەكەردینە.
من بە ئەوم وت، كە من ئەو كارەم نەكردووە.

## 2–3–3/1) پێكهاتەی داری ڕسته

له هێڵی خوار پێكهاتووه، ئەم هێڵانه له قوتابخانەی بەرهەم هێنان و گوا ستنەوەدا پێ یان دەوتر ێت لق ( Branch ) و هەردووانێكیان گرێ یەك (Node ) درو ست دە كەن، كە بەناوی سەره ڕێزمانییەكا نەوە دوولقەكە ناودەنرێن[1].

وەك دەزا نین ڕ سته رووداو ێك پی شاندەدات، كە ڕا ستییەكە ڕوو یداوە یاخود ڕوودەدات، هه ندێك جاریش ڕاستییەكی ڕەهایە. جۆری ڕووداوەكە لەلایەن كردارەوە پیشاندەدرێت. شته ئەب ستراكتو كۆنكری تەكانیش بەشێوەیەكی سەرەكی لەلایەن فریزی ناوییەوە پیشاندەدرێن.

---


1 Nigel Fabb (2004:76)

هەوڵدەدەین ڕستەی (115 ) بۆ روونکرد نەوەی با سەکەمانو شیکردنەوەی پێکها تەی داری ڕ ستە بکەینە نموونەیەك.

115− پیا کڵاو بەسەرەکە بەخێرایی ماساوە گولانەکێش دابە سیروانی.

پیاوە کڵاو بەسەرەکە بەخێرایی ماسیە بچوکەکەی دابە سیروان.

جۆری ڕوودانەکە کاری پێدانی ماسییەکەیە، کە بەکرداری (دا، دان) پێشاندەدرێت، ئەو شتانەی کە لە ڕووداوە کەدا هەن، لەلا یەن دوو فرێزی ناوی یەوە دەگە یەنرێن (پیا کڵاو بە سەرەکە، ما ساوە گولا نەکی°) هەر یەك لەم فرێزا نە بەجیا لە جۆری ڕووداوە کە و شتەکاندا، بە شداری لەگەیا ندنی وا تای ڕستەکەدا دەکەن. بەشێکی تری ڕستەکەش دەتوانێت بارودۆخی ڕووداوە کە پیشان بدات، ئەویش فرێزی ئاوەڵکرداری (بەخێرایی)یە.




لێرەداچەند هەنگاوێك بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەی داری دروستەی ڕستەیەك پەیڕەو دەکرێت ، هەریەك لەو هەنگاوانە یەك بە دوای یەکتردا دێن.

لەم هەنگاوا نەدا پەیوەندی یە هەرەمی یەکانمان لێکداوە تەوە، ئەویش لە پێ ناوی وردکرد نەوەی دا نە پێکهێنەرەکانی رستەدا، چونکە پەیوەندییەکان بە دایەگرام لە دووپەلکی زیاترن، مەبە ستمان جیاکرد نەوەی بەشە ئاخاوتنە فەرهەنگییەکەیە نەك سینتاکسی.

**هەنگاوی یەکەم:−**

گەڕانە بەدوای کردارداو نووسین هێمای (V)ی لە سەرە، کە کرداری (دان)ە، کاتی ڕستەکە شی هەڵگرتووە:

V

**دان**

**هەنگاوی دووەم:** کردارەکە لە فرێزی کرداریدایە بە VP پیشاندەدرێت.

**هەنگاوی سێیەم:**

فرێزی کرداری لە ڕستەدایە.

S
|
VP
|
V

(S) ڕستەیەکە ڕەگی کردارو کەسی تێدایە.

**هەنگاوی چوارەم:—**

(پیا کڵاو بەسەرەکە) دەتوانین (ئادَ) لە بری دابنێین، بەڵام ناتوانین لەبری (ماسییە بچکۆلەکە) راناو دابنێین وەك لە ئینگلیزیدا ڕێپێدراوە، هەروەها دە توانین لەبری ( سیروان) ( ئادَی) دابنێین کە لەم زارەدا مۆرفێمی دۆخ مۆرفۆلۆژیا نە لە سەری دەردە کەوێت، کەوا تە بە ئا سانی هەردوو فرێزە کە لە یەکتری جیادەکرێنەوە. بەم شێوەیە دادەڕێژرێت:—

ئادَ ماساوە گولانەکێش دابە ئادَی. ئەو ماسییە بچووکەکەی دا بە ئەو.

**هەنگاوی پێنجەم:**

فرێزە ناوییەکان هێڵیان بە ژێردا دەهێنرێن و NP بیان لەسەر دەنووسرێت.

پیا کڵاو بەسەرەکە بە خێرایی ماساوە گولانەکێش دابە سیروانی.
NP NP

**هەنگاوی شەشەم:**

لەم هەنگاوەدا ئارتیکلەکان جیادەکرێنەوەو هێڵیان بەژێردا دەهێنرێت (ە کە، ە کی) هێمای art یان لە سەر دەنووسین.

پیا کڵاو بەسەرەکە بەخێرایی ماساوە گولانەکێش دا بە سیروانی.

**هەنگاوی حەوتەم:-**

لە هەنگاوی حەوتەمدا ناوەکان جیادەکرێنەوەو N یان لەسەر دەنووسرێت، کە ئەوانیش (پیا، کلاو، ماساوی، سیروانی)ن.


پیا کلاو بەسەرەکە بەخێرایی ماساوە گولانەکێش دابە سیروانی.

N art N art N N

**هەنگاوی هەشتەم:**

ئامرازەکان دەچنە خانەی (NP) یەوە، ناوەکان بەهەمان شێوە لە خانەی (NP)دان.

پیا کلاو بەسەرەکە بە خێرایی ماساوە گولانەکێش دا بە سیروانی.





**هەنگاوی نۆیەم:-**

ئەم هەنگاوە ناساندنی پریپۆزیشەکانە، کە دەبێت لیستی پریپۆزیشەکان بزانین.


کە (بە) یەو هێمای (P) بۆ دادەنێین.

پیا کلاو بەسەرەکە بە خێرایی ماساوە گولانەکێش دابە سیروانی




**هەنگاوی دەیەم:**

فرێزی پرێپۆشینی بە (pp) دەنوسرێت و دەچێتە ژێرخانەی فرێزی پێشناوییەوە.




**هەنگاوی یانزەیەم:** لێرەدا هەندێك لە کەرەستەکان لە فرێزی گەورەتردان.





ئەم هێڵکارییە دەریدەخات کە کام فرێز بۆ کام فریز دەگەڕێتەوە، کە بۆ جولاندنو گواستنەوەو لەجیاتی دانانی فرێزەکان دروستەی فرێزەکان بە کەڵکن.

**هەنگاوی دوانزەیەم:-**

تا ئێستا شوێنی (بەخێرایی، گولانەکیْ) دیار نییە، (بەخێرایی) ئاوەلکردارە، ڕاستەوخۆ لە NP دانیە.

**هەنگاوی کۆتایی:-**

(گولانەکیْ) ئاوەڵناوە adj لە NP دایە بە دوایدا (art) دێت لە فرێزی (adj) دایە[1].




## 3-3-3/1) گۆکردنە ڕێزمانییەکانی پێکهاتەی ڕستە

لەداڕشتنی ڕستەدا کۆمەڵێك کەرەستە بەشداری پێکهاتنی ڕستە دەکەن. لەوانە:

**1- بکەر** :وشەیەکە یاخود لەکۆمەڵە وشەیەك پێکدێت بۆ ئەوکەسە یاخود ئەوشتە دەگەڕێتەوە کە لە ڕستەکەدا باس دەکرێت، لە شێوەی فرێزی ناویدا دەردەکەوێت، چ وەك بکەری لۆژیکی یاخود بکەری ڕێزمانی. بکەر لە سادەترین شێوەیدا لە تاکە ناوێك یاخود جێناوێك پێکهاتووە، بکەر لە ڕستەدا جێکەوتەی سەرەکیی خۆی هەیە و ڕستە بەبێ بوونی ئەم جێکەوتەیە نابێت[2]. بڕوانە( 116 ) .

116-أ: من ئالانم کیاست. من ئالانم نارد.

116-ب: گۆرە و گولانەشا ئامێ. گەورە و بچووکیان هاتن.

**2-پریدیکەیت(بەشەکردار):** ئەو کەرەستانەن کە بەشێك نین لە بکەری ڕستە، بڕوانە (117).

117-پیاکە بەزوانی ئینگلیزی قسی کەری. پیاوەکە بەزمانی ئینگلیزی قسەی دەکرد.

---

1 Nigel Fabb (2004:78 )

2 **شلێر رسول** (66:2004)

**3–کردار:** لەڕستەدا کردار باس لە بکەری ڕستە دەکات یاخود باسی ئەوەی چی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، بڕوانە(118).

118– ئارام نامەکەش پەی واڵەکێش نویست. ئارام نامەکەی بۆ خوشکەکەی نووسی.

**4–بەرکار:** زۆرجار بەرکار بەشێوەیەکی زۆر راستەوخۆ لە رێی ئەو ڕووداوەوەی کەکردارەکە دەریدەخات کاری تێدەکرێت ، بۆ نموونە بکەری ڕستەکە چی دەکات، یاخود چی بەدەستدەهێنێت، هەندێك جاریش بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەرکی خۆی دەبینێت، بەرکار دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کردارەوە. هەندێکجار لە ڕستەی ئاڵۆزدا وەك ڕستەیەك دەردەکەوێت، بڕوانە( 119–أ، ب،پ).

119–أ : من دیسان ئادَەم دییە. من دیسان ئەوم بینی.

119–ب: من بەپیێ ملوو پەی زانکۆی. من بەپێ دەچم بۆ زانکۆ.

119–پ: ئادَ مزانۆ، کە ئازاد نەوەشا. ئەو دەزانێت، کەئازاد نەخۆشە.

**5–تەواوکەر:** لەڕستەدا زانیاری دەربارەی بکەر و بەرکار دیاری دەدات. بڕوانە(120).

120–درەختەکیٚ سۆزیٚ بیێنیٚ. درەختەکان سەوزبوون.

**6–ئاوەڵکردار:** ئاوەڵکرداریش لەڕستەدا بەشێکی ناسەرەکییە، ئەرکی زانیاری بەخشینە لەبارەی (کات، شوێن،**هۆ**...**هتد**)ی ڕوودانی کردارەکەوە. بڕوانە(121–أ،ب).

121–أ : خێرا بوریٚ. خێرا وەرە.

121–ب: پەریٚ پنەم وات. پێریێ پێم وت.

**7–ئاراستەکردن و بارودۆخ دەربڕ:** بۆ ئاراستەکردنی قسە بۆ کەسێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت[1]، بەڵام بارودۆخ بەمەبەستی دەربڕینی سەرنج راکێشانی کەسانی دەوروپشت دەبێت[2]، بڕوانە(122–أ،ب).

122–أ: گەرەکتا بەی چنیما، شیلان. دەتەوێت بێت لەگەڵمان، شیلان.

122–ب: بدَیە، من ئیتر زەڕت مەدۆپنە. سەیرکە، من ئیتر پارەت نادەمێ.

---

1 George Davidson(2006:36)

2 بواری کارەکەی ئێمە تەنها خستنەرووی ئەرکە ڕێزمانییەکانی ڕستەیە بەکورتی، بەڵام لەراستیدا ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

# بەشی دووەم

## یاساکانی گواستنەوە و سەرە و ڕیزبوونی کەرەستەکان لە

## سینتاکسی زاری هەورامیدا

## 1/2) یاساکانی گواستنەوە لە شێوەزاری هەورامیدا

یاساکانی گواستنەوە لە هەر زمانێکدا بێت بە هەمان پەیڕەو کاردەکات. کەرەستەکانی رستە بە ئەرکی جیاواز و جێکەوتەی جیاوازەوە لە ئاستی رووکەشدا دەردەکەون، بەڵام لە ئاستی قووڵدا هەمان واتا و هەڵکەوتی رێزمانییان هەیە[1].

لەسەر ئەو بنەمایەش یاساکانی گواستنەوە بۆ دوو چەشنی سەرەکی دابەش دەبن:

**1–1/2) یاساکانی لە بریدانان:** ئەو یاسایانەن، کەپێکهاتەیەك دەجوڵێنرێت بۆ جێکەوتەیەکی بەتاڵی رستە[2].

یاساکانی لە بریدانانیش چەند جۆرێکن:

**1–1–1/2) یاساکانی گواستنەوەی کردار:** لە شێوەزاری هەورامیشدا، وشەو فرێزەکان جێکەوتەی چەسپاویان هەیە. ئەم جێکەوتانەش بەکەرەستەی پێویست پڕکراونەتەوە، لەم زارەشدا دیاردەی گواستنەوەی لاگر بەدیدەکرێت کە، لە شێوەی مۆرفێمدا لەسەرکردارەوە بۆ سەر بەرکار دەگوازرێتەوە[3]. بڕوانە(1،2).

1– [زاوڵەکە][ تۆپەکێش[ تەق [ن      [ا      [Ø] ] ] ] ] SS منالەکە تۆپەکەی تەقاند.

بکەر    بەرکار    ڕەگ    م.تێپەڕاندن    ڕابردووی تێپەڕاندن    کلیتیکی بەرکاری

i ← j ← i      j

لە ڕستەی (1)دا بکەر کلیتیکی بکەریی بە بەرکار بەخشیوە، هەروەها بەرکاریش کلیتیکی بەرکاری بەکردار بەخشیوە کە(Ø)ە.

2– [زاوڵەکە][ تۆپەکیْ[ تەق [ن      [ا [ش ] ] ] ] ] DS منالەکە تۆپەکە تەقاندی.

وەك لە ڕستەی(1)دا دیارە، لەم شێوەزارەدا تەنها کلیتیکی کەسی بکەری، کەلەسەر کردارەکەیە، بۆ سەر بەرکار دەگوێزرێتەوە. کەواتە بەشێك لە کردارەکە لەلای چەپەوە بۆ لای راست دەگوێزرێتەوە، بەڵام کلیتیکی کەسی بەرکاری لەسەر کردارەکە دەمێنێتەوە و مۆرفۆلۆژیانە دەردەکەوێت.

---

1 بڕوانە دیار علی کمال (58:2002 ) و د.وریا عومەر امین(237:2003)

2 بڕوانە تارا محسن (60:2001 ) و کاروان عومەر (15:2006)

3 بڕوانە محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر (56:2004 )

شێوەزاری هەورامی پێنج کۆمەڵ لە کلیتیکە لکاوەکانی هەن، کە هەریەکەیان بەرامبەر کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆکانی( من، تو□ ، ئادَ/ئادَە، ئێمە ، شمە، ئادَی□)دێن[1].

**کۆمەڵەی کلیتیکەکان لە شێوەزاری هەورامییدا**

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | کۆمەڵەی سێیەم | کۆمەڵەی چوارەم | کۆمەڵەی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|
| م ما | وو می□ | نی□ نمی□ | ا/ نی□/انی□ یمی□ | ا می□ |
| ت تا | ی دی□ | نی ندی□ | ی یدی□ | ی دی□ |
| ش شا | و□ ا | ∅/ە نی □ | ∅ ی □ | ∅ ی □ |

هەریەك لە کۆمەڵەی کلیتیکەکان بەپێی هێزو تافی کردارەکە ڕۆڵ لە ڕستەدا دەبینن [2]. ئەم کلیتیکانە ڕۆڵی بکەرو بەرکاردا ڕێککەوتنیان لەگەڵ کرداردا دەبێت.

### 2-1-1/2) یاساکانی گواستنەوەی کاتوکەس

هەرچەندە یاساکە خۆی گواستنەوەی کات و کەسە، بەڵام لەم شێوەزارەدا مۆرفێمی توخمیش وەك مۆرفێمێکی چالاك بەشداری دارشتنی کردار دەکات، بەڵام جێکەوتەی مۆرفێمی توخم چەسپاوە، کە بە دوای مۆرفێمی کات دێت، چونکە ئەم زارە بکەرخراوە، کرداری دارێژراو یان لێکدراو، بۆ حوکمکردن و پێدانی دۆخی ڕێزمانی بە جێکەوتەکانی[3]، پێویستی بە گواستنەوەی کات و کەس نییە، بەڵکو کەرەستەکان دەجووڵێندرێن. بڕوانە( ڕ 3و4 ).

3- [من][ م [وس [وو]]]. من دەخەوم.

بکەر م.ڕانەبردوو بناغە کلیتیکی بکەری

پێدانی دۆخی ڕێزمانی( Nominative ) لە لایەن کات و کەسی زەنگینی کردارەوە.

4- [ئادَی□] [ئام[یَ]]. ئەوان هاتن.

بکەر ڕەگ کلیتیکی بکەری

---

1 مهاباد کامل (52:1996)

2 فەرەیدوون عبدول محمد (1998:14-19)

3 محەمەدی مەحویی (238:2001)

لەڕستەی ( 3)دا مۆرفێمی (م، وو) کەمۆرفێمی کات و کەسن، دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤی بە بکەر دەدەن و لە ڕستەی (4)دا مۆرفێمی (ی) دۆخی ڕێزمانی نۆمینەیتیڤی بە بکەر دەدات.

مۆرفێمی توخم، چالاك و سەربەخۆیەو لەجێکەوتەی جیاوازدا دەردەکەوێت، پێڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

مۆرفێمی تایبەت بە نێر (–ا، –ە–) مۆرفێمی تایبەت بە مێ (–ێ –، –ە–) زۆرجار فۆرمیان دەگۆرێت بە هۆی ئەو دەنگانەی دەکەوێتە پاش و پێشیان و هەندێکجار، ئەگەر دەنگی پاش و پێشیان دەنگی ڤاوڵ بێت مۆڕفێمی توخم دەرناکەوێت. بڕوانە (5–أ،ب).

5–أ: [من][ و[ت[ە[ن[ا]]]]]. من نووستووم.

5–ب: [من][ و[ت[ یْ[ن[ا]]]]]. من نووستووم.

لە ڕستەی (5–أ)دا مۆڕفێمی تایبەت بە نێر (– ـە –) کە کەوتۆتە نێوان مۆڕفێمی کات و ڕووکاری ڕابردووی نزیکەوە، لە ڕستەی(5–ب)شدا مۆڕفێمی تایبەت بە مێ (یْ) بە هەمان شێوە جێکەوتەکەی وەکو ڕستەی (5–أ)ە.

بەشێوەکی گشتی دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە مۆرفێمی توخم پۆلێن بکەین:–

**1)** ناوە تایبەتییەکان لەم شێوەزارەدا، واتە ئەو ناوانەی کە لە فەرهەنگدا لە فۆرمی مێدان، ئەگەر مێ بوون ئەوا مۆرفێمی (–ە–) وەردەگرن، لەهەر جێکەوتەیەکدابن. واتە بکەر یان بەرکاربن،مۆرفێمی توخم بۆ نێر دەرناکەوێت. واتە ئەگەر مۆرفێمی مێی نەچووەسەر، ئەوا وەك ناوێکی نێر هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەر ناوەکە بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی مێ (–ە–) دەرناکەوێت. بڕوانە(6–أ )، بەڵام ئەگەر ناوەکە بە کۆنسنانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا بەئاسانی مۆرفێمە مێیەکە دەناسرێتەوە[1]. بڕوانە(6–ب).

6–أ : نەسرینە، شانازە، بەهارە،گلارە

6–ب: هێرۆ، سەما،شنۆ، سارا

**2)** ئەو ناوانەی، کەواتای مێ یان نێریان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، لەگەڵ زمان پڗاندندا منالْ فێریان دەبێت، ئەگەر ناوی (مرۆڤ، ئاژەڵ، کەرەستەکانی دەوروبەر)بن، ئەوا مۆرفێمی ناسراوی و نەناسراوی و ئاماژەی

1 فەرەیدوون عبدول (1998:27–29)

تایبەت بە نێر و مێ وەردەگرن. وەك ( –ەکە ، –ەکی□، –ێو، ێوە، –ە ،–ی□) یان پێوەدەلکێت بەپێی شوێن و تایبەتییان. وەك :

7–أ: کوڕ　　کوڕەکە　　کوڕەکە　　7–ب: ئی یانە　　ئەم خانووە

7–پ: کناچی□　　کناچەکی□　　کچەکە/کچەکان　　7–ت: ئی قالّیی　　ئەم فەرشە

7–ج: پیا　　پییێو□　　پیاوێك　　7–د: کەرگە/کەرگەکی□　　مریشکەکە

7–ر: ژەنی　　ژەنیْوە　　ژنێك　　7–ز: کەڵەشێر/کەڵەشیْرەکە　کەڵەشێرەکە

**3)** لە فرێزەکانیشدا مۆرفێمی توخم دەچێتە سەرکۆتایی فرێزەکان. واتە چەند فرێزەکە فراوان بکرێت، هێندە مۆرفێمی توخمەکەش بەرەو کۆتایی دەکشێـت. لەکاتی بوونی چەند ئاوەڵناوێکدا مۆرفێمی توخم(ە) دەچێتە سەر کۆتاترین ئاوەڵناوی سەر فرێزەکە، بەڵام ئەگەر ناوی تایبەتی لە فرێزەکەدا هەبوو ئەوا ناوە مێیەکە مۆڕفێمی تایبەت بەخۆی بەبێ جووڵاندنی جێکەوتەکەی دەچێتەسەر.بڕوانە( 11،10،9،8).

8– کناچە ئازاو زیرەکەکیْ　　کچە ئازاو زیرەکەکە

9–سەربازە چەڵنگ و ویاکە　　سەربازە چەلەنگ و وریاکە

10–هەوارە و هەتاوە　　هەوار و هەتاو

11–ئازاد و سازانە　　ئازاد و سازانە

ڕێککەوتن لە نێوان کەرتەکانی فرێزدا دیاردەیەکی ئاساییە، ئەگەر ناوەکە مێ بوو، ئەوا مۆڕفێمی تایبەت بە مێ بە فرێزەکەوە دەلکێت، بەڵام ئەگەر نێربوو، ئەوا مۆڕفێمی تایبەت بە نێر بە کۆتایی فرێزەکەوە دەلکێت.

**4)** مۆرفێمی کۆ بۆ نێر و مێ، لەیەك فۆرمدا دەردەکەوێت، ئەویش(ی□)یە، توخمی لەگەڵدا نییە[1]، کەلەسەر ناوە کۆکان دەردەکەوێت. هەروەها ناوەکانیش بەپێی داواکاریی کردار ئەم مۆرفێمە بەکەرەستەکانی تری رستە دەبەخشن. بڕوانە(13،12).

12– [ژەنەکی□] [[جل[ەکیْ[شا] [ش[ت[ی□]]]].　　ژنەکان جلەکانیان شت.

13– [زاوڵەکی□] [و[ت[ی□]]].　　منالّەکان نووستن.

1 فەرەیدوون عبدول (1998:30–42)

له رسته‌ی (12)دا □ژه‌نه‌کی□□ ناوێکی کۆیه، مۆرفیمی کۆ(ی□)ی به‌خۆیه‌وه لکاوه، به‌لاَم □جله‌کی□□ که‌ناوێکی کۆیه و به‌رکاره، مۆرفێمی کۆی به‌کردار به‌خشیوه.

له‌رسته‌ی(13)دا ، □زاوڵه‌کی□□ که‌ناوێکی کۆیه و بکه‌ره، مۆرفێمی کۆ به ناوه‌که‌وه لکاوه، هه‌روه‌ها مۆرفێمی کۆشی به‌کرداره‌که به‌خشیوه، چونکه کردارێکی تێنه‌په‌ڕه.

وه‌ك له هه‌ندێك زمان و زاری تریشدا دیارده‌یه‌ك هه‌یه، ئه‌ویش ده‌رکه‌وتنی مۆرفێمی کۆیه له فۆرمی مێـدا واته ده‌رکه‌وتنیان له‌یه‌ك فۆرمدا، له شێوه‌زاری هه‌ورامیدا ئه‌م دیارده‌یه به‌رچاو ده‌که‌وێت، بڕوانه (7=پ) ئه‌م به‌شه که (کناچی□) له هه‌مانکاتدا واتای مێ و کۆ ی هه‌ڵگرتووه. که :-

1) هه‌ندێکجار له‌گه‌ڵ زمان پڕاندندا منالّ به‌شێوه‌یه‌کی خۆڕسکی ئه‌م مۆرفیمانه ده‌ناسێته‌وه.

2) هه‌ندێکجاریش به‌مۆرفۆلۆژییانه بوونی ئه‌م مۆڕفێمه کۆیه له‌سه‌ر کرداره‌که، ناساندنه‌وه‌ی تاراده‌یه‌ك ئاسان ده‌کات.

**5)** له ڕسته‌دا مۆرفێمی توخم هه‌ڵسوکه‌وتی تایبه‌ت و جیاوازی هه‌یه[1]:

أ- ئه‌گه‌ر بکه‌ر دۆخی رێزمانی له‌سه‌ر نه‌بێت، ئه‌وا مۆرفێمی توخم وه‌رده‌گرێت. بڕوانه (14-17):

| | |
|---|---|
| 14- شیلانه نامه‌که‌ش نویست. | شیلان نامه‌که‌ی نووسی. |
| 15- هه‌سروه‌م ترشیاته‌که‌ش گرتۆ. | خه‌سوم ترشیاته‌که‌ی گرته‌وه. |
| 16- ئازادی نامه‌که‌ش نویست. | ئازاد نامه‌که‌ی نووسی. |
| 17- ئادَی نامه‌که‌ش نویست. | ئه‌و نامه‌که‌ی نووسی. |

له‌ڕسته‌ی(14،15)دا بکه‌ر ( شیلانه ، هه‌سروه) که ناوی تایبه‌تن مۆرفێمی مێیان له‌سه‌ر ده‌رکه‌وتووه، به‌لاَم له ڕسته‌ی (16،17)دا مۆرفێمی دۆخی نێر و (ی) و مۆرفێمی دۆخی مێیان(ی□) له‌سه‌ر ده‌رکه‌وتووه. له‌م باره‌دا مۆرفێمی تایبه‌ت به توخمه‌که نامێنێت، چونکه مۆڕفێمی توخم و مۆڕفێمی دۆخ له په‌یوه‌ندی هه‌مبه‌ریدان. به پێی یاسای دابه‌شکردنی ته‌واوکه‌رانه، که‌ره‌سته‌یه‌ك به‌هه‌مان ئه‌رکه‌وه ناتوانێت شوێنی که‌ره‌سته‌یه‌کی تر بگرێته‌وه[2].

ب- ئه‌گه‌ر به‌رکاریش مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانیی به‌رکاری له‌سه‌ر نه‌بوو، ئه‌وا مۆرفێمی توخم وه‌رده‌گرێت. بڕوانه( ڕ 18 -21).

---

1 باسێکی بلاَونه‌کراوه‌ی فه‌ره‌یدوون عبدول ( جێکه‌وته‌ی مۆرفێمی توخم له شێوه‌زاری هه‌ورامیدا).

2 محه‌مه‌دی مه‌حویی و نه‌رمیین عومه‌ر(35:2004)

18- [من] [[قالی[ەكیْ[م] [چنی[ە]]]. — من فەرشەكەم چنی.

19- [نەسرینە/ئادَە] [[شعر[ەكیْ[ش]]] [نویس[ت[ە]]]]. — نەسرین/ئەو شعرەكەی نووسی.

20- [شمە] [[ئازاد[ی]] [كیان[د[ی[]]]]. — ئێوە ئازاد بنێرن.

21- [شمە] [[نەسرین[ی[ ]] [كیان[د[ی[]]]]. — ئێوە نەسرین بنێرن.

لەڕستەی(18،19)دا بەركار مۆرفێمی توخمی وەرگرتووە، هەروەها بەكرداریشی بەخشیوە، بەڵام لەڕستەی (20،21) دا كە دوو ڕستەی فەرمانین، بەركارەكان مۆرفێمی دۆخیان لەسەرە، بۆیە مۆرفێمی توخم وەرناگرن، لەبەر هەمان یاسای دابەشكردنی تەواوكەرانە كە لە پێشەوە باسمان كرد.

پ- ئەگەر بەركار مێ بوو. ئەوا مۆرفێمی توخم و كۆ بەكردارەكە دەبەخشێت، تەنانەت لە كردارە ناتەواوەكانیش دا[1]. بڕوانە( 22-26).

22- [من] [[چراو[ەكیْ[م]]] [گیسنان[ە]]]. — من چراكەم داگیرساند.

23- من چراوەكێم گیسنینە. — من چراكانم داگیرساند.

24- من تەلەبێنا./مێ — من قوتابیم.

25- من تەلەبەنا./ نێر — من قوتابیم.

26- ئێمە تەلەبێنمیْ./كۆ — ئێمە قوتابین.

بەگشتی دەتوانین بڵێین لەم شێوەزارەدا كەگواستنەوەی مۆرفێمی توخم، بە ئارگومێنتە داواكراوەكانی ڕستەوە بەستراوە ، دەبێت ئارگومێنتەكانی ڕستە ڕێككەوتن لە نێوانیاندا هەبێت مۆرفێمی توخم جێكەوتەی چەسپاوی خۆی هەیە، كە دەكەوێتە پاش مۆڕفێمی كات لە كرداری ڕابردووی سادە و نزیك و دووردا، بەڵگەش بۆ ئەمە تەنانەت ئەگەر گواستنەوەكان سەرپشكیشبن، وەك لە ڕستەی باسمەندا بەرچاو دەكەوێت، ئەم جێكەوتەیە ناگۆڕدرێت. بڕوانە (27-29).

27- ساوەكیْ، من t واردەم. — سێوەكە، من خواردم. — ڕابردووی سادە

i⟶i

28- ساوەكیْ ، من t واردێنە م. — سێوەكە، من خواردوومە. — ڕابردووی نزیك

i⟶i

29- ساوەكیْ ، من t واردێبێم. — سێوەكە، من خواردبووم. — ڕابردووی دوور

1 لەچاوپێكەوتنی تایبەتی د.فریدوون عەبدول 2010/6/6

i———→i

کلیتیکی بکەری جێکەوتەکەی چەسپاوی نییە لە ڕستەکانی(27–29)دا لەکاتی گواستنەوەدا بۆ دروستەی ڕووکەش، کلیتیکی بکەرەکە سەرکردارەکە کە لە ئاستی قووڵدا لەسەر بەرکارەکەیە.

مۆرفێمی توخم لە دروستەی کرداری ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوودا، بە هۆکاری دەنگەکانی دەوروپشتی کە دوو ڤاوڵ ناکەونە تەنیشتی یەکتری دەرناکەوێت[1].

### 3-1-1/2) یاساکانی گواستنەوەی فرێزی ناوی

### 1-3-1-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی بکەر نادیاردا

بکەرنادیار لەم شێوەزارەدا لێکسیمێکی سەربەخۆیە، وەك هەرکردارێکی تر،کردارێکی کاتو کەسدارەو لەفەرهەنگەوە دێتەئاستی قووڵی ڕستەوە و ڕستەی بکەر نادیاری لێ بەرهەمدەهێنرێت. پێویستی بە گواستنەوە نییە بۆ حوکمکردن و ڕێپێدانی، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە فرێزی (جەلایەنوو/لەلایەن) نەماوە و ڕێککەوتنیش هەیە. بڕوانە (30و31و 32*).

30– [ساوەکی] [وریا] . سێوەکە خورا.

31– [ساوەکی] [موریو]. سێوەکە دەخورێت.

32*– ساوەکی جەلایەنومنو وریا. سێوەکە لەلایەن منەوە خورا.

دۆخی ڕێزمانی بکەری لە لایەن کات و کەسی زەنگینەوە بە بکەری لۆجیکی یان ڕێزمانی ڕستەی (30،31) دەدرێت.

### 2-3-1-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی بەرزکردنەوەدا

ئەم یاسایە لە ڕستەی ئاوێتەدایە، کە هەریەك لە ڕستەی سەرەکی و ڕ ستەی تەواو کەر خاوەنی درو ستەی سەربەخۆی خۆیانن، هەریەك لەم دروستانە ڕستەی کات و کەسدارن، حوکمی کەرەستەکان دە کەن. کرداری هەریەکەیان دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانی دەدات. واتە هەر یەك لەکەرە ستەکان لە جێکەو تەی خۆیا ندا ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن و پێویست بە بەرزکردنەوەی بکەری ڕستە ناکات بۆ حوکمکردن وپێدانی دۆخ،

---

1 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی دووەم –پاری دووەم ل 18–20

2 محەمەدی مەحویی و نەرمیین عومەر (2004:43)

چونکه بەبەرزکردنەوەی بکەری ڕستە، پێکدادانی دۆخ دێتە ئاراوەو مەرجی ( تیۆری دۆخی ڕێزمانی) بریندار دەکات [١].

بەشە کرداری ڕستەی ئاوێتە لە زمانی کوردیدا بەرزکردنەوەی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر بێتو بکەری ڕستەی تەواوکەر بۆ جێکەوتەی بکەری بەرزبکرێتەوە، ڕستەی سەرەکیی ڕستە ئاوێتەکە تا ڕادەیەك شیانی وتن دەبێت، بەڵام پەیوەست بە تییۆرەکانی (ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانییەوە ) ڕستەکە ناڕێزمانیی دەردەچێت، چونکە بکەرەکە دوو دۆخی ڕێزمانی و دوو ڕۆڵی بابەتانەی دەبێت [٢]. بڕوانە (33–أ ، ب*).

33–أ: پاسە دیارا، کە شیلانە شوو کەرو. وادیارە، کە شیلان شوو دەکات.

33–ب:* شیلانە پاسە دیارا، کە t شوو کەرو. *شیلان وا دیارە، کە t شوو دەکات.

i ⟶ i

بەرزکردنەوە

**3–3–1–1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی ناوی لە دروستەی ئەرگەتیڤیدا**

ئەم یاسایە ئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکانە[2]. بڕوانە(34).

34– [سیروان] [[تۆ][ش]] [کیاس[ت[ە[ن[ی]]]]]. سیروان تۆی ناردووە.

j i j i

وەك لە ڕستەی(34)دا دەردەکەوێت، بکەر (سیروان) لەگەڵ بەشێکی بەرکار(ش) کەبۆ کەسی سێیەمی تاك(سیروان) دا ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها لە نێوان بەرکار وکرداریشدا ڕێککەوتن هەیە. کردار کلیتیکی لکاوی تایبەت بەبەرکار کە (تۆ)یە پێوەی لکاوە.
هەرچەندە ئەم زارە زارێکی ئەرگەتیڤییە، بەڵام گواستنەوەی تێدانییە، کەرەستەکان لە جێکەوتەی خۆیاندا حوکم دەکرێن ودۆخ وەردەگرن و جگە لە گواستنەوەی کات و کەس نەبێت پێویستییان بە گواستنەوەنییە.

1 کاروان عومەر (22:2006)

2 سەرچاوەی پێشوو ل 24

ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکان( بکەر و بەرکار) لەلایەك ( بەرکار و کردار) لە لایەکی ترەوە بۆ دروست دەربڕینی کەرەستەکان ڕێخۆشکەرە، بۆ نموونە هەڵەکردن لە تاك و کۆدا. بڕوانە (*35و*36).

*35– ئادَ ساوەکا موەرا .　　　　　　*ئەو سێوەکان دەخۆن.

*36– ئادَی ساوەکی موەروو.　　　　　　*ئەوان سێوەکە دەخوات.

لە ڕستەی(35) دا، بکەرکەسی سێیەمی تاکەو بەرکار کۆیە. کردار جێناوی بەرکاری تایبەت بە کۆی وەرگرتووە. واتە لە نێوان بەرکار و کرداردا ڕێککەوتن هەیە، بەڵام هەڵەبوونی ئەم ڕستەیە، ڕێککەوتنی بکەرە لەگەڵ کەرەستەکانی تری ڕستەکەدا.

لەڕستەی (36)یشدا، بکەر و بەرکار ئاساین، بەڵام کردار بەهەمان شێوە.لەگەڵ کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکەدا ڕێککنەکەوتووە.

ئەم هەڵانە (35،36) کەلە ڕستەکاندا هەیە، پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیەوە هەیە. واتە پەیوەندییە ئەرگەتیڤییەکان بواری هەڵەکردنیان لە زماندا نەهێشتووە.

## 2-1/2) یاساکانی هەڵواسین

### 1-2-1/2) یاسای گواستنەوەی فرێزی پرسیاری

لەڕستەی پرسیاردا هیچ ناگۆێزرێتەوە، چونکە لە ئاستی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت و لە ئاستی رووکەشیشدا دۆخ وەردەگرێت. بڕوانە(37 –أ).

37–أ: تۆ کێت دی؟　　　　　　تۆ کێت دی؟

(دی) لە شوێنی خۆیدا حوکمی (کی) دەکات، پێویست بە گواستنەوە ناکات، بەڵام زۆرجار بە پێی پێویستی قسەکەر و گوێگر سەرپشکییانە دەتوانرێت وشەی پرس لە ئاستی لۆژیکدا بگوازرێتەوە [1].

ئەو بەرکارەی ببێت بە ڕستەی شوێنکەوتوو، ئەوا دەتوانرێت بگوازرێتەوە، بڕوانە (37–ب).

37–ب: چیشت وات؟　　　　　　چیت وت؟

واتت چیش ؟　　　　　　وتت چی؟

---

1 کاروان عومەر (26:2006)

### 2-2-1/2) یاسای گواستنەوەی ڕستەی سەرجێناوی

یاسای گواستنەوە لە ڕستە سەرجێناوییەکانی ئەم زارەدا نییە[1]. ڕستەی سەرجێناوی و ڕستە تەواوکەرەکەی لە ئاستی قووڵدا بەرهەم دەهێنرێن[2].بڕوانە ( 38).

38– ئا کناچی،کە pro ئامائیگە، pro واڵێمەنە.        ئەو کچەی، کە pro هاتە ئێرە، pro خوشکمە.

لە ڕستەی(38)دا بەرکاری ڕستە تەواوکەرەکەی لەسەر کردارەکە وەك کلیتیکی بەرکاری دەرکەوتووە، واژۆگۆکەری (کە)ش هەر لە ئاستی قووڵەوە جێکەوتەکە پڕدەکاتەوە.
دەرکەوتنی ئەو کلیتیکانە لە ڕستەدا لەگەڵ سەرجێناوەکەدا هاوئاماژەن، ئەوە نیشان دەدەن کە گواستنەوە ڕێسایەکی جیهانییە، بەڵام شێوەزاری هەورامی بە دانانی ئەو کلیتیکانە خۆی لەو گواستنەوەیە ڕزگار دەکات.

### 3-2-1/2) یاسای گواستنەوەی نەرێکردن

نەرێکردن بەکردارەوە وابەستەیە، یەکێکە لە کەرەستە فەرهەنگییەکان، کەلە ئاستی قووڵی رستەدا دێت[3]، لەگەڵ مۆرفێمەکانی تری کرداردا، بەشداری دارشتنی کردار دەکەن. گواستنەوەی نەرێکردن لە شێوەزاری هەورامیدا نییە. بڕوانە(39).

39– [کورەکە] [نامەکەش [نە [نویس[ت [Ø ]]]].        کورەکە نامەکەی نەنووسی.

بەڵام هەندێکجار دەکرێت بە پێی پێویست، واتە لۆژیکییانە دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەند، بەشی کردار بهێنرێتە سەرەتای ڕستەوە. بڕوانە (40).

40– من [نەواردەم]، ئا چاشتی کە تو کەردەت.        من [نەمخوارد]، ئەو چێشتەی کە تۆ کردت.

---

1 محەمەدی مەحویی (246:2001)

2 سەرچاوەی پێشوو ل 66

3 کاروان عومەر (29:2006)

له ڕستەی(40)دا، (نەواردم) لەبەشە کرداری ڕستەکەدا، کە واتای نەرێکردنی ڕستەکە دەگەیەنێت، لۆژیکییانە بۆ دروستکردنی ڕستەی باسمەند هێنراوەتە پێشەوە.

**4-2-1/2) یاسای گواستنەوەی باسمەند**

بە پێی یاسایەکی گواستنەوە، پێکهاتەیەك لە ناو بەشی کردارەوە بۆ سەرەتای ڕستە دەگوێزرێتەوە[1]، بڕوانە(41 –أ،ب).

41–أ : ئازاد /ئازادی نامەکەش نویست. ئازاد نامەکەی نووسی.

41–ب: نامەکە، ئازادی نویست. نامەکە، ئازاد نووسیی.

ڕستەی (41–أ،ب) ڕیزبوونێکی ئاسایی، واتا یاسای خۆی هەیە، کە یاساکانی زمانی کوردی ڕێگەی پێدەدەن، بەڵام بە پێی یاسای گواستنەوە و بۆ دروستکردنی ڕستەی باسەمەند، پێکهاتەیەك لە بەشە کرداری ڕستەکە بۆ سەرەتای ڕستەکە دەگوێزرێتەوە، پاش گواستنەوەکە بەخورتی (ئازاد) مۆرفێمی دۆخ وەردەگرێت لەبەرئەوەی جێگۆرگێکان ڕێگە بەمە دەدەن. لە کاتێکدا لە حاڵەتی بکەری ئاساییدا دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفێمە سەرپشکییە.

**5-2-1/2)– یاسای قرتاندن[2]**

**ئاستی ڕووکەشی ڕستەکان تەنها بە یاساکانی گواستنەوە بەرهەم ناهێنرێن، بەڵکو یاسای قرتاندنیش بەشداری هێنانەکایەی ئەم ئاستە دەکات. کە لە ئاستی سیمانتیکدا بوونی هەیە، لە ئاستی ڕووکەشدا دەقرتێنرێت.**

1 دیار علی کمال (75:2002)

2 بڕوانە بەشی سێیەم پاری یەکەم ل 107–111

## 2/2) ڕیزبوونی کەرەستەکانی فرێز

سادەترین ڕستە لە فرێزی ناوی و فرێزی کرداری پێکدێت[1]. لێرەوە ڕیزبوونی کەرەستەکانی هەریەك لەو فرێزانەی کەدەبنە پێکهێنەری ڕستە لەگەڵ ( فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری)دا دەخەینەڕوو. هەرچی فرێزی ئاوەڵکردارییە وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە دەرناکەوێت، چونکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی کردارەکەیە و بە واتای کردارەکەوە بەندە[2].

### 1-2/2) فرێزی ناوی

هەموو فرێزێکی ناوی سەرێکی حوکمکەری هەیە، لە جێکەوتەی فرێزی ناوییدایە، کە بریتییە لە ناوێك یان جێناوێك و چەند کەرەستەیەکی تریش لە فراوانکردنی فرێزی ناوییدا ڕۆڵیان سەرپشکییە.
دەرخەرەکانی فرێزی ناوی، هەندێکیان پێش دەرخراوەکە دەکەون (ژمارە، ڕادە، جێناوی نیشانە، نازناوی زانستی و کۆمەلآیەتی، ناوی ئاوەڵکرداری ) و هەندێکی تریشیان دەکەونە پاش دەرخراوەکەوە ( ئەمانە لەشێوەی فرێزی خستنەپاڵی و ئاوەڵناویدا دەردەکەون).
ژمارە و ڕادە چەندێتی فرێزە ناوییەکە پیشان دەدەن، دەبنە دەرخەری ئەو فرێزە ناوییانەی، کە لە ناوێکی گشتی و ژمێردراو پێکهاتوون. واتە نابنە دەرخەری فرێزی ناوی کەسی تایبەتی[3]. بڕوانە(42،43).

| | |
|---|---|
| 42- [ف.ن. [ژمارە دووی ْ[ناو کوڕی ْ ]]] | دوو کوڕ |
| 43- [ف.ن. [ڕادە گرد[ناو کوڕ[م.ناسراوی ەك[م.کۆ یْ]]]]] | هەموو کوڕەکان |

هەروەها لە هەندێك باردا دەشێت ژمارە ببێتە دەرخەری ناوە تایبەتیەکانیش. بڕوانە ڕستەی (44،45).

| | |
|---|---|
| 44- دوویْ نەسرینیْ وتیْ | دوو نەسرین نووستن |
| 45- کەمێو سیروانی ئامیْ | کەمێك سیروان هاتن |

---

1 بەشی یەکەم–پاری سێیەم ل 26
2 محمد معروف فتاح (197:1999)
3 عەبدولجەبار مستەفا (40:2005)

هەرچەندە لە ئاستی قووڵدا دەشێت ڕستەی (44) هەبێت بە واتای دوو کەس لە نەسرین ناوەکان نووستن، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم ڕستانە بوونیان نییە.
نازناوە زانستی و کۆمەڵایەتییەکانیش کە پێش دەرخراوەکان دێن، سەرەو ڕیزبوونییان پەیوەندیی بە کاتی ڕوودان و وەرگرتنی پلە و پایەوەیە، بڕوانە(46–أ،ب).

46–أ: [ف.ن[دەرخەرئۆسا[دەرخراوئاری]]]　　وەستا ئاری

46–ب: [ف.ن[دەرخەری1حاجی [دەرخەری2شێخ [دەرخراوعەلی]]]]　　حاجی شێخ عەلی

هەروەها ناوی ئاوەڵکرداریش دەبێتە دەرخەری فرێزی ناوی[1]، بڕوانە(47–أ،ب).

47–أ: [ف.ناوی[ئاوەڵکرداری شوێنچیرو[ناو تەوەنی ]]]　　ژێر بەرد

47–ب: [ف.ناوی[ئاوەڵکرداری شوێنسەرو [ناوزەمینی ]]]　　سەر زەوی

ئەم ناوە ئاوەڵکردارییانە (چیر، سەر) بە یارمەتی ( و)ی خستنەسەر فرێزێکی ناوی گەورەتر دروست دەکەن[2].

**ڕیزبوونی سەرەکی ئەو کەرەستانەی کەلە پێش دەرخراوەکەوە دێن بەم شێوەیەی خوارەوەیە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕادە | + جێناوی نیشانە | + ژمارە | + سەر(دەرخراو) |
| هەر | + ئا | + یەرە | + کناچی□. |
| هەر | + ئی | +پەنج | + بەری□. |

ڕیزبوونی ئەم کەرەستانە لەسەر بنەمای لە دیارەوە بۆ نادیار. واتە ئەو کەرەستانەی کە سەرە دەستنیشان دەکەن، ژمارە و ڕادە ڕووندەکەنەوە و دەکەونە پێش سەرەوە. کاتێك کە ئەو کەرەستانە پێکەوە دێن و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەبێت، هەریەکێك لەو کەرەستانە ئەگەر پێش ئەوەی تر هات ئەوا خاڵی دەستپێکردنی ڕستەکەیە[3].

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (41،2005)

2 بڕوانە بەشی یەکەم–پاری سێیەم ل 34

Fattah M.M(1997:22)3

هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت کە ڕادە بکەوێتە دوای دەرخراوەکەوەو فرێزێکی ئاوەڵناوی دروست دەکات. چونکە ڕادە لە جێکەوتەی ئاوەڵناودایە. بڕوانە(48).

48- [خەڵکیۆ][ی [فرێ [ئامێ]]].                    خەڵکێکی زۆر هاتن.

ئەو کەرەستانەی کە پاش سەرە دێن، بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەری ( و، ۆ، ی، یێ، ە) لەگەڵ سەرەدا لێکدەدرێن، کە ناو یان ئاوەڵناو یاخود کلیتیکە کەسییەکان پاش سەرە دێن. بڕوانە (49،50،51).

49- ناو                    [[یانە [و [ئازاد [ی]]]]                    خانووی ئازاد

ناو   ئامرازی خستنەسەر   ناو   م.دۆخ

50-ئاوەڵناو                    [[کوری/کناچ[ی [ گولانی]]] ]                    کوڕ/کچی بچووک

ناو   ئامرازی خستنەسەر   ئاوەڵناو

51- جێناوی کەسی   [ [کتیب [و [ئادَ [ی]]]]                    کتێبی ئەو

ناو   ئامرازی خستنەسەر   جێناوی کەسی   م.دۆخ

ئەگەر پاش سەر (ناو، جێناوی کەسی) بێت، ئەوا بە ئامرازی خستنەسەری ( و/ ۆ) لێکدەدرێن. کاتێك سەر بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو ئەوا ئامرازی بەستنەکە ( و ) دەبێت، بەڵام ئەگەر سەر بە کۆنستانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا ئامرازی بەستن لەم شێوەزارەدا ( ۆ ) دەبێت ، وەك ڕستەی (49و51)، بەڵام ئەگەر پاش سەر(ئاوەڵناو) بوو، ئەوا بە ئامرازی بەستنی (ی بۆ نێر، ێ بۆ مێ) لێکدەدرێن، وەك لەڕستەی (50)دا دیارە.

وەك لە نموونەکانی (49،51)دا دیارە ئەم فرێزانە مۆرفێمی دۆخیان وەرگرتووە، کە لە کۆتایی فرێزەکەدا دەرکەوتووە، بەڵام ئەو فرێزە ناوییانەی بە ئاوەڵناو فراوان دەکرێن، مۆرفێمی دۆخ وەرناگرن، وەك لە ڕستەی (50)دا دیارە. لە یاسای ژمارە (2)دا ڕیزبوونی کەرەستەکان دەخەینە ڕوو.

| |
|---|
| دەرخراو + ئامرازی خستنەسەر + ناو<br>ئاوەڵناو<br>جێناوی کەسی |

ڕستەی شوێنکەوتووش کە بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری/کە/، ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو پێکەوە دەبەستێت پاش دەرخراو دەکەوێت و دەشکرێت تەنها بە کۆماوە(،) دوو ڕستەکە لێکبدرێت[1]. بڕوانە (52،53).

52- [[ئا کوڕە ، [ کە pro [ هیزی دیت [ pro براما]]]]]. ئەو کوڕەی،کە دوێنێ بینیت، برامە.

جێناوی ڕستەی سەرجێناوی ئامرازی لێکدەر ڕستەی شوێنکەوتوو تەواوکەری ڕستەی سەرەکی

53- [[ ئا کوڕە،[ pro هیزی دیت[ pro براما]]]. ئەو کوڕەی، دوێنێ بینیت، برامە.

ڕستەی سەرکی ڕستەی شوێنکەوتوو تەواوکەری ڕستەی سەرەکی

لە ڕیزبوونی کەرەستەکاندا سەرەتادا ڕستەی سەرەکی دێت و بە ئامرازی لێکدەری /کە/ لەگەڵ ڕستەی شوێن کەوتوودا لێکدەدەرێن و تەواوکەری ڕستە سەرەکییەکەش لە کۆتایی ڕستەکەدایە. ڕیزبوونەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| |
|---|
| ڕستەی سەرەکی + ئامرازی لێکدەر/ کۆما + ڕستەی شوێنکەوتوو+ تەواوکەری ڕستەی سەرەکی |

هەندێکجار فرێزی خستنەپاڵیش لە پاش دەرخراوەوە دێت[2].بڕوانە( 54).

54- [ف.ن[ناوی ناسراو**شەقامەك**[م.خستنەسەر ۆ [ف.ئاوەڵکرداری شوێنی **وەرودەموو**[جێناوی کەسی سەربەخۆ**ئێمە**.

**شەقامەکەی بەردەم ئێمە.**

ڕیزبوونەکەشی:

| |
|---|
| سەر + فرێزی خستنەپاڵی |

---

1 ئاواز حمە صدیق (21:1996)

2 سامی سعید ( 2009 :65)

## 2-2/2)- فرێزی ئاوەڵناوی

ئەم جۆرە فرێزە ئاوەڵناوێك دەبێتە بنچینە بۆی، فرێزی ئاوەڵناوی لە پێكهاتنیدا سادەیە، واتە فراوان ناكرێت. بەیارمەتی هەندێك لە ئاوەڵكردارەكان دروست دەبێت، كە دەكەونە پێش ئاوەڵناوەكەوە، پلە بە فرێزە ئاوەڵناوەییەكە دەدەن، وەك (فرە، گرد، هەندێك...هتد). دەشكرێت ئەم ئاوەڵكردارانە دووبارە بكرێنەوە، وەك (فرەفرە، گردگرد[1]....هتد).

واتە فرێزە ئاوەڵناوییەكان پلەدار دەكرێن لە سەرەتاوە بە ئاوەڵكردارەكان، بە دوای ئاوەڵناوەكانیشدا بە پلەی بەراورد و بالآ فراوان دەكرێن، چونكە ئاوەڵناو توانای وەرگرتنی پلەی هەیە، بەڵام لەیەك كاتدا ناتوانێت هەردوو پلەكە وەربگرێت.

( فرە، تەر، تەرین) كە دەرخەری ئاوەڵناون، بەڵام بەبێ ئاوەڵناوەكان هیچ گۆكردنێكیان نییە. بڕوانە( 55- أ،ب).

55-أ: [ف.ئاوەڵناوی[ن.ئاو[م.خستنەسەری [ف.ئاوەڵناوی [ڕادەی پلەییفرە [ئاوەڵناوسەردە]]]]]] ئاوی زۆر سارد

55-ب: [ف.ئاوەڵناوی2[ ن.ئاو[م.خستنەسەری [ ف.ئاوەڵناوی1[ڕادەی پلەییفرە[ئاوەڵناوسەرد[م.ئاوەڵناوی پلەیبەراوردیتەرە]]]]]]

ئاوی زۆر ساردتر

لەڕستەكانی (55-أ،ب،پ)دا فرێزە ئاوەڵناوییەكان خۆشیان بوون بەدەرخەری فرێزی ناویی ( ئاو)، فرێزە ئاوەڵناوییەكەش خۆی لە (55-أ)دا بە پلە لە پێشیەوە فراوان كراوە، لە (55-ب)دا لە دوای ئاوەڵناوەكەوە بە پلەی بالآ فراوان كراوە[2].

دەتوانین ڕستەكانی(55-أ،ب) لەم ڕیزبوونەی خوارەوەدا بنوێنین:

| |
|---|
| (پلە )+ ئاوەڵناو + ( پلەی بەراورد) + (پلەی بالآ) |

1 ئاواز حمە صدیق (40:1996)

2 عەبدولجەبار مستەفا(56:2005) ، ئەو ئاوەڵكردارانەی كە لەگەڵ ئاوەڵناودا دێن بەپلەی پێش ئاوەڵناوەكان ناودەبات.

فرێزە ئاوەڵناوییەکان زۆرجار لە زمانی کوردیدا دەبن بە پریدیکەیت ( کردار بەندی). واتە لە دوای ناوێك یان پێش کرداری (بییەی) دێن. بڕوانە(58،59).

فرێزی ئاوەڵناوی بە یارمەتی(ی)ی ئامرازی بەستن دەخرێتە سەرناوی پێش خۆی. بڕوانە(56) بەڵام هەندێکجار لە وشەی لێکدراودا دەچنە پێش ناوەکەوە. بڕوانە(57).

56–شاری گۆرە. شاری گەورە.

57–گێلە پیا. گێلە پیاو.

وەك وتمان زۆرجار پێش کرداری (بییەی) دەکەوێت، بەڵام لە داڕشتنی فرێزی ئاوەڵناوییشدا بەشداری دەکات. بڕوانە (58،59).

58– [ملّکەکە] [ سۆز [ بی [ Ø]]] . باخەکە سەوز بوو.

ف.ناوی ئاوەڵناو کرداری ناتەواو کلیتیکی بکەری

59– [پیاکە] [ڕەزیل[ بی [ Ø ] ] ]. پیاوەکە ڕەزیل بوو.

ف.ناوی ئاوەڵناو کرداری ناتەواو کلیتیکی بکەری

فرێزی ئاوەڵناوی زۆرجار دەتوانیت راستەوخۆ دوای فرێزی ناوی بێت و بخرێتە ناوەراستی ڕستەکەوە[1].

60– [ تەلەبە [زیرەك[ەکیْ ]]] [ئام[ا ]]. خوێندکارە زیرەکەکە هات.

ف.ناوی ئاوەڵناو م.ناساندنی مێ ڕەگ کلیتیکی بکەری

فرێزی ناوی(بکەر) فرێزی کرداری

61– [[کناچە[کیْ]] [ زەریفە [ ن [ە]]]]. کچەکە جوانە.

ف.ناوی م.ناساندنی مێ ئاوەڵناو کرداری ناتەواو کلیتیکی بکەری

فرێزی ناوی(بکەر) فرێزی کرداری

لە ڕستەی(60)دا فرێزە ناویەکە بە ئاوەڵناو فراوانکراوە، ڕۆڵی بکەری بینیوە، بەڵام لە ڕستەی(61)دا ئاوەڵناو وەکو کردار بەندی لە فرێزی کرداریدا بەشداری کردووە.

هەرچەندە لە زۆر شوێندا ئاوەڵناوەکان دەتوانن جێگۆرکێ بکەن، بەڵام ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان بەپێی یاسایە و لە خۆوەنییە، چونکە [2]:

---

1 سامی سعید (68،69:2009)

2 محمدمعروف فتاح (30:1990)

1- هەندێك لە ئاوەڵناوەكان بە پێی زنجیرەیی واتە لە گەورەوە بۆ بچووك یان لە گشتەوە بۆ تایبەت یاخود بەپیّ ی مەنتیقی قسەكردن ڕیزدەبن. بڕوانە (62،63،64).

62– گۆرەو گولانە گەورە و بچوك

63– سیاو چەرمە ڕەش و سپی

64– راست و چەپ راست وچەپ

2- ئاوەڵناوەكانی پلەی بەراورد دەكرێت لە دوای ئاوەڵناوی تری ڕستەكەوە بێن. بڕوانە(ڕ65).

65– بەرەكەشا گۆرە و پانتەركەرد. دەرگەكەیان گەورەو پانتر كرد.

لە ڕستەی (65)دا (گۆرە ، پان) دوو ئاوەڵناون پلەی بەراورد دەكەوێتە دوای ئاوەڵناوی دووەمەوە.

دەشكرێت هەردووكیان لە پلەی بەراوردبن[1]. بڕوانە(66).

66– بەرەكەشا گۆرەتەرو پانتەركەرد. دەرگاكەیان گەورەتر وپانتر كرد.

3- كورت ودرێژیی برگەكانی ئاوەڵناو رۆڵ لە ڕیزبووندا دەبینێت، ئاوەڵناوە برگە كورتەكان پێش برگە درێژەكان دەكەون. بڕوانە(67).

67– پییوی ئازاو چنە ئامان. پیاوێكی ئازاو لێهاتووە.

4- سەرەڕای ئەم خالأنەش مەبەستی قسەكەر گرنگە، كە كامەی بە لاوە گرنگ بوو دەیخاتە پێش ئەوەی ترەوە. بڕوانە(68).

68– تەلەبە بالا بەرزە زیرەكەكە ئاما. خوێندكارە بالا بەرزە زیرەكەكە هات.

لە زمانی كوردیدا هەندێك وشە دەتوانن ئاوەڵناو یاخود ئاوەڵكرداربن. گۆڕینی جێكەوتەكان ڕۆڵی لە دیاریكردنی فرێزەكاندا هەیە[2]. بڕوانە (69،70)

69– [پیا [ئازاكە]] [ئاما]. پیاوە ئازاكە هات. ئاوەڵناو

---

1 ئاواز حمە صدیق (43:1996)

2 بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ( محەمەد مەعروف فەتاح (316:2010)

ناو ئاوەڵناو
ف.ناویی–بکەری– ف.کرداری
70– [پیاکە] [[ئازا] ئاما].  پیاوەکە ئازا هات.  ئاوەڵکردار
ف.ناویی ئاوەڵکردار کردار
بەشی بکەری بەشی کردار

## 3-2/2)– فرێزی پێشناوی

لە دروستەی فرێزی پێشناویدا، پێشناو حوکمکەرەو لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزی ناوی دەکات. هەمیشە تەواوکەرێکی هەیە و بەبێ ئەو تەواوکەرە هیچ گۆکردنێکی نییە. ئەم فرێزە لەناو بەشی کرداردایە، چونکە لە ڕووی سینتاکسییەوە پەیوەندیی بە کردارەوە هەیە[1]. لە فرێزی پێشناوییدا سەرە بریتییە لە پرێپۆزشنێك لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا، هەندێکجار تەواوکار فرێزی ناوی دەبێت[2].
فرێزی پێشناوی زۆرجار لەم شێوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت[3].

1)– پرێپۆزیشن + فرێزی ناوی
71– جە یانەنەبی. لە ماڵەوەبوو.
2)– پرێپۆزیشن + فرێزی پێشناوی
72– تا دمای نیمەرۆ تا دوای نیوەرۆ
3)– پرێپۆزیشن + فرێزی ئاوەڵناوی
73– بەزەریفەم زانا. بە جوانم زانی.

پرێپۆزیشنی(بە–) تاکە پرێپۆزیشنە کە ئاوەڵناو وەردەگرێت[4]، وەك لە ڕستەی(73)دا پرێپۆزیشنی(بە) چووەتە پێش (زەریفە) کە ئاوەڵناوە، فرێزێکی پێشناوی دروست کردووە.

---

1 عەبدولجەبار مستەفا (100:2005)
2 Fattah M.M.(1997:11-12)
3 سامی سعید (72:2009)
4 Fattah M.M.(1997:11-12)
5 ئاواز حمە صدیق (45:1996)

**4-2/2)- فرێزی ئاوەڵکرداری**

کەرتێکی فرێزی ئاوەڵکردارییەکە ئاوەڵکردارە، بەڵام ئاوەڵکردارەکان لەم شێوەزارەدا ژمارەیان دیاریکراوە، جگە لەوانەی کە بە ئامادەکراوی لە زارەکەدا هەن[1]، لە ڕستەدا ئەم ئاوەڵکردارانە لە هەر کەتیگۆرییەکی سینتاکسیەوە نزیکبن بەوەوە دەبەسترێنەوە. جێگۆرکێپێکردنیان واتای سینتاکسی نوێ دێننە ئاراوە[2]. بڕوانە( 74-أ،ب،پ).

74-أ: ئادَ ئیسە کناچەکیْ وینوْ. ئەو ئێستا کچەکە دەبینێت.
74-ب: ئادَ کناچەکیْ ئیسە وینوْ. ئەو کچەکە ئێستا دەبینێت.
74-پ: ئادَ کناچەکیْ ئیسە وینوْ. ئەو کچەکە ئێستا دەبینێت.

جێکەوتەی بنەڕەتی (ئیسە) لە ڕستەی(74-أ)دا، واتە ڕیزبوونەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

| |
|---|
| بکەر + ئاوەڵکردار + بەرکار + کردار |

وەك ( ئیگە، ئۆسا، ئیسە، هەرگیز، هەمیشە، هیْشتا)، لەفرێزی ئاوەڵکرداریدا زۆرجار واڕێکدەکەوێت، کە زیاتر لە دەرخەرێکمان هەبێت. بڕوانە( 75).

75- فرەفرە زوو جەوەرمەنە هۆرست. زۆر زۆر زوو لە خەو هەستا.

ئاوەڵکرداری (فرە) دەتوانرێت چەندجارێك دووبارە بکرێتەوە بەپێی مەبەستی قسەکەر، وەك لە ڕستەی(75)دا دیارە.
فرێزی ئاوەڵکرداری دەبێتە بەشێك لە فرێزی ناوی و دوای ناوەکە دەکەوێت، یاخود دەبێتە بەشێك لە فرێزی کرداری و پێش فرێزی کرداری دەکەوێت. بڕوانە (76،77).
76- یانۆ سەرو کوْڵانەکەی خانووی‌سەرووکۆلانەکە
77- یانۆ سەرو کوْڵانەکەی گۆرەن. خانووی سەرو کۆلانەکە گەورەیە.

1 عەبدولجەبار مستەفا (72:2005)
2 Fattah M.M.(1997:13)

جێکەوتەی فرێزی پێشناوی چەسپاوە، پابەندی کردارە بەجێگۆرگێکردن دروستەی ناڕێزمانی دێنێتە ئاراوە، لە ڕستەی (77)دا ئەگەر جێگۆرکی بە فرێزە پێشناوییەکە بکرێت دروستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت بڕوانە (78).

78*– سەرو کوْلاْنەکەی یانۆ گۆرەن *سەرکۆلاْنەکە خانووی گەورەیە

ئاوەڵکردایش دەتوانێت بۆ ئەمانەی خوارەوە ببێت بە دەرخەر[1]:

أ- دەرخەر بۆ ڕستە، بڕوانە( 79)

79– خاس نەوت. باش نەنووست.

ب- دەرخەر بۆ ناوێك، بڕوانە(80)

80– ژوورو واری تاریکا. ژووری خواری تاریکە.

پ– دەرخەر بۆ ئاوەڵکردار خۆی، بڕوانە(81)

81– کوریْوی فرە زیرەکا. کوڕێکی زۆر زیرەکە.

ت– دیارخەر بۆ ئاوەڵکردار خۆی، بڕوانە(82)

82– فرە دیْر گیلاْوە. زۆر درەنگ گەڕایەوە.

**فرێزی ئاوەڵکرداری چەند جۆرێکن:–**

فرێزە ئاوەڵکردارییەکان ئەگەر ژمارەیان لە ڕستەدا زۆربوو، ئەوا لە گشتەوە بۆ بەش یاخود لە گەورەوە بۆ بچووك ڕیزدەبن[2]. بڕوانە(83).

83– میْمانەکیْ، جە سلیْمانییەنە، جە میْمانخانە و مەولەوییەنە وتیْ.

گشتی بەش

میوانەکان، لە سلێمانی، لە میوانخانەی مەولەوی نووستن.

1 سامی سعید(72:2009)

2 ئازاد احمد (61:2001)

1)– **ئاوەڵکرداری کات**: لەسەرەتای ڕستەوە دێت،پاش وپێشخستنی چەند ئاوەڵکردارێکی کات لە ڕستەدا، پەیوەندی بەئارەزووی قسەکەرەوە هەیە. بڕوانە(84)

84– چادمای دوی پیی ئامیٚ.          دوایی دوو پیاو هاتن.

هەندێکجار ئاوەڵکردارەکان شوێنیان دەگۆڕن ودوای بکەر دەکەون[1].

85– براکەم ئارۆ مووچەش هۆرگرت.          براکەم ئەمڕۆ مووچەی وەرگرت.

86– ئارۆ براکەم مووچەش هۆرگرت.          ئەمڕۆ براکەم مووچەی وەرگرت.

ڕیزبوونی سەرەکی، ڕستەی(85)دا، بەڵام ڕێگە بە ڕستەی(86)یش دەدرێت.

ئەگەر زیاتر لە ئاوەڵکردارێکی کات هەبوو، ئەوا لە تایبەتەوە بۆ گشت ڕیزدەبن، بڕوانە(87).

87– گلارە روو یەکشەمە 24 و شوباتی و 2002 ی جە ئەدَیٚ بییە.
گلارە ڕۆژی یەکشەممە 24ی شوباتی 2002 لە دایك بوو.

2)–**ئاوەڵکرداری شوێن**: ئەم ئاوەڵکردارانە لە سەرەتاو کۆتایدا دێن، بڕوانە(89،88 )، بەڵام هەندێکجار دەتوانن لە شوێنی تریشدا دەربکەون، واتە لە ناوەڕاستدا. هەرچەندە ئەم ئاوەڵکردارانە لە ڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵکرداری پێشناوین، بەڵام لە ڕووی واتاوە ئاوەڵکرداری شوێنن، وەك لە ڕستەی(90)دا.

88–جە هەولیٚرەنە ئوتۆمبیلش ئەسا.          لەهەولێر ئۆتۆمبیلی کڕی.

89– ئوتۆمبیلش ئەسا جە هەولیٚرەنە.          ئۆتۆمبیلی لە هەولێر کڕی.

ئاوەڵکردارییە شوێنیەکان هەمیشە وەڵامن بۆ (کویٚ)[2]. دەشتوانرێت بخرێنە نێوانی بکەر و کردارەوە، بڕوانە (90 ).

90– زاوڵەکە جە جولانەکێنە وت.          مناڵەکە لە جۆلانەکەدا خەوت.

1 سامی سعید (72:2009)
Fattah M.M.(1997:173) 2

3)–**ئاوەڵکرداری چۆنیەتی**: ئاوەڵکرداری چۆنیەتی وەڵامە بۆ پرسیاری چۆن، کە لە سەرەتاو ناوەڕاستی ڕستەدا دێن، هەروەها زوربەی ئەم ئاوەڵکردارانەش لە ڕووی فۆڕمەوە فرێزی پێشناوین، بەڵام لە ڕووی واتاوە فرێزی ئاوەڵکردارین. بڕوانە( 91).

91– سەما بە یەواشی پەنجەرەکەش ژا.     سەما بە هێواشی پەنجەرەکەی داخست.

هەروەها لە ڕستەیەکدا زیاتر لە ئاوەڵکردارێکی چۆنیەتی دێت، کە بە ئامرازی لێکدان لێکدەدرێن. بڕوانە(92).

92– پیاکە بەتوڕەبییەی و دەنگە دەنگۆ ئاما چوەر.

پیاوەکە بەتوڕەبوون و دەنگە دەنگەوە هاتە ژوورەوە.

ئەگەر لەڕستەیەکدا ئاوەڵکرداری ( کات، شوێن، چۆنیەتی) پێکەوە هاتن، ئەوا بەم شێوەیە ڕیزدەبن، بڕوانە(93) [1].

| |
|---|
| یەکەم ڕیزبوون     کات + شوێن + چۆنیەتی |

93– ئارۆ جەیانەنە بە نەوەشی نیشتەرە.     ئەمڕۆ لەماڵەوە بە نەخۆشی دانیشت.

| |
|---|
| دووەم ڕیزبوون     کات + چۆنیەتی + شوێن |

94– ئادَی هیزی وردەوردە بەرەو لا من ئامیٚ.   ئەوان دوێنێ وردەوردە بەرەولای من هاتن.

4)–**ئاوەڵکرداری ڕادەیی**: ئەم ئاوەڵکردارانە وەسفی فرێزی ئاوەڵناوی یاخود وەسفی ئاوەڵکردار دەکەن، وەك ( فرە، کەمێو، تەمامی). بڕوانە(96،95).

95– فرە قەڵەو     زۆر قەڵەو

96– کەمێو بەیەواشی     کەمێك بەهێواشی

ئەم ئاوەڵکردارانە لەسەرەتاو ناوەڕاستی ڕستەدا دێن و دەبنە دەرخەری فرێزی ناوی. بڕوانە(98،97).

97– کەمێو ئاویم پەی بارە.     کەمێك ئاوم بۆ بهێنە.

---

1 سامی سعید (75:2009)

98– ئادَ بەتەمامی مانیان.　　　ئەو بەتەواوی ماندووبووە.

ئەگەر لەناوەڕاستدا هاتن[1]، ئەوا دەکەونە پێش کردارو دوای بەرکارەوە. بڕوانە(99).

99– ئایا هەرمانەکێت بەخاسی کەردە.　　　ئایا کارەکەت بە باشی کرد.

5)– **ئاوەڵکرداری مەرج:** ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە لە ڕستەی شوێنکەوتوودا بەکاردێت، وەك (ئەگەرنا، ئەگینا، ئەگەر). بڕوانە(100).

100– ئەگەر سەما بووسۆ من کتیب موانوۆ.　　　ئەگەر سەما بخەوێت من کتێب دەخوێنمەوە.

(ئەگەرنا، ئەگینا) تەنها لەناوەڕاستدا دێن. بڕوانە(101).

101– بۆچوەر ئەگینا بەرەکەی مژەنوو.　　　وەرە ژوورەوە ئەگینا دەرگاکە دادەخەم.

**6)–ئاوەڵکرداری هۆیی**: ئاوەڵکرداری هۆیی ئاوەڵکردارئاسان، واتە لە فرێزی پێشناوی و فرێزی تر پێکدێن، وەك (جەوەشینە، تەرسایەنە) وەك دەرخەری فرێزی کرداری لەڕستەدا دەردەکەون. بڕوانە(102).

102– جەتەرسایەنە وەرمش نەکۆت پۆرە.　　　لەترساندا خەوی لێنەکەوت.

7)– **ئاوەڵکرداری ئەنجام:** لە سەرەتا و کۆتایی ڕستەدا دێن. بڕوانە(103).

103– خێرا ئامایمێ، تا واران نەدو□ما وونە.　　　خێرا هاتین، تا باران لێمان نەدا.

8)– **ئاوەڵکرداری دژبەیەك:** ئەم ئاوەڵکردارانە پێش ڕستەی سەرەکی دەکەون و لە ڕستەی ئاوێتەدان. بڕوانە (104).

104– هەرچەن زوو ئاما، بەڵام فریانەکۆتە.　　　هەرچەندە زووهات، بەڵام فریانەکەوت.

---

1 سەرچاوەی پێشوو ل 76،77.

9- **ئاوەڵکرداری دووبارەبوونەوە:** ئاوەڵکرداری دووبارەبوونەوە وەڵامی پرسیاری چەندجار دەداتەوە، کەلەناوەڕاست و سەرەتادا دێن وەك (فرەجاری، بەعزیوجاری). بڕوانە(105).

105- ئادَ فره جاری دماگنو. ئەو زۆرجار دوادەکەوێت.

106- بەعزێو جاری ئادَ دماگنو. هەندێکجار ئەو دوادەکەوێت.

هەریەك لە ئاوەڵکرداری هۆیی و ئەنجام و دژبەیەك و دووبارەبوونەوە ناسینەوەیان زیاتر پەیوەندیی بە واتاوە هەیە نەك بە دروستەی سینتاکسیەوە[1].

## 5-2/2) فرێزی کرداری

بەشێکی سەرەکییە لە بەشە سەرەکییەکانی ڕستە[2]، لە بەشە کرداردا بوونی بە خورتییە، وەك سەر لەگەڵ فرێزی ناوییدا گۆدەکات، ڕیزبوونی کەرەستەکانی فرێزی کرداری بە پێی هێزی کردارەکە، واتە تێپەڕە یاخود تێنەپەڕە و کاتی ڕوودانی کردارەکەو دروستەی کردارەکەش جیاواز و جۆراو جۆر دەبێت.
ڕیزبوونی فرێزی کرداری لەم شێوەزارەدا جیاوازە،چونکە پێنج کۆمەڵ لە کلیتیکە کەسییەکان و ڕۆڵ لە داڕشتنی فرێزە کردارییەکاندا دەبینن[3].
هێزی کردارەکان لە داواکردنی ئارگومێنتەکاندا ڕۆڵ دەبینن بۆ نموونە کرداری یەك هێزی(تێنەپەڕ) داوای یەك ئارگومێنت دەکات، کرداری دوو هێزی(تێپەڕ) داوای دوو ئارگومێنت دەکات. بڕوانە(108،107).

107- [ئازاد] [ئام [ا [[Ø] ] ]. ئازاد هات. کرداری 1 هێزی.

ف.ناویی ڕەگ م.کات کلیتیکی بکەری

108- [ئازاد] [نان [ م [وەر [ۆ]]]]. ئازاد نان دەخوات. کرداری 2 هێزی.

ف.ناویی ف.ناوی م.کات بناغە کلیتیکی بکەری

لە ڕستەی(107)دا (ئاما) کرداری یەك هێزییە و داوای یەك ئارگومێنتی کردووەو دۆخی ڕێزمانی ڕۆڵی بابەتانەی پێ بەخشیوە. لە ڕستەی(108)دا کرداری (واردەی) کردارێکی دوو هێزییە، داوای دوو ئارگومێنتی

---

1 بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جۆری ئاوەڵکردارەکان لە شێوەزاری هەورامیدا بڕوانە: ئازاد احمد (2001-73: 89)

2 بڕوانە بەشی یەکەم-پاری سێیەم ل 34

3 بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕووکارەکان بڕوانە: مهاباد کامل (1996:59-71) و فەرەیدوون عبدول(1999:60-65)

کردووە (ئازاد) وەك ئارگومێنتی دەرەکی و (نان) وەك ئارگومێنتێکی ناوەکی دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی بابەتانەی بە ئارگومێنتەکان بەخشیوە.
مۆرفێمی توخم لەم زارەدا مۆرفێمێکی چالاکە لە زووربەی ڕیزبوونەکاندا بەشداری دەکات، بۆیە ناچارین دروستە و ڕیزبوونی هەریەکە لەو کردارانە بە جیا بخەینە ڕوو.

ئەومۆرفێمانەی کە بەشداری دارشتنی فرێزی کرداری دەکەن دوو جۆرن:

**جۆری یەکەمیان:** ئەوانەی لە کرداری تێپەڕدا پێش ڕەگ دەکەون.
(ف،ن)، پێشگر، نەرێ، ڕەگ، بڕوانە (109).

109– [ئادَیْ] [[جلێشا][ هور [نە [وس [ت [ی]]]]] ]. ئەوان جلیان هەڵنەخست.

ف.ناوی ف.ناوی پێشگر نەرێ ڕەگ م.کات م.کەس
ب.بکەریی ب.کرداری

کرداری کات و کەسی زەنگین دۆخی ڕێزمانی بەتەواوکەرەکانی خۆی دەدات.
( هورنەوستی) کە کردارێکی دارێژراوی تێپەڕی ڕابردووی سادەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە کەرەستەکانی ڕیزدەبن:

| |
|---|
| ف.ناویی+ پێشگر + نەرێ + ڕەگ+ م.کات+ م.کۆ |
| جلێشا+ هۆر + نە + وس + ت + ی |

کەواتە پێشگرو و مۆرفێمی نەرێ پێش بناغە (ڕەگ + م.کات) دەکەوێت،لەم جۆرە کردارانەدا بەرکاریش مۆرفێمی خۆی(نێر/مێ/کۆ) بەکردار دەبەخشێت کەلە ڕستەی (109)دا (جلێشا ) کە فرێزێکی ناوی کۆیە مۆرفێمی (ی) بە کردارەکە بەخشیوە، بەڵام ڕیزبوونەکە بۆ کرداری ڕانەبردوو و جیاوازە، چونکە کردارەکە لە بناغەوە وەردەگیرێت. بڕوانە( 110).

110– [من] [[جلەکا] [هور [مە [وز [وو]]]]]. من جلەکان هەڵناخەم.

ف.ناوی ف.ناوی پێشگر نەرێ ڕانەبردوو بناغە م.کەس
ب.بکەریی ب.کرداری

فرێزی کرداری پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، بەهەر سێ مۆرفێمی ( ڕەگ و کات و کەس) بنیاتی دروستەی فرێزی کرداری لە کرداری تێنەپەڕدا دەست دەخەن، بەڵام بۆ کرداری تێپەڕ فرێزی ناوییش بەشداری لە بەشەکرداردا دەکات، لەڕستەی(110)دا (هورمەوزوو) کە کرداری ڕستەکەیە، کردارێکی ڕانەبردووی تێپەڕە.

**ڕیزبوونەکەی** :

| |
|---|
| ف.ناویی+ پێشگر + م.نەرێ +ڕەگ + جێناوی بکەری(ک)<br>جلەکا + هور + مە + وز + وو |

وەك لە رستەی (109 و 110) دا تێبینی دەکرێت مۆرفێمی نەرێ بۆ ڕابردوو( نە)یە، بۆ ڕانەبردوو(مە)یە، لە کرداری ڕانەبردوودا، بەرکار مۆڕفێمی (نێر/مێ/کۆ) بە کردار نابەخشێت لە ڕانەبردوودا.

**جۆری دووەمیان:** ئەو مۆرفێمانەن کە دەکەونە پاش ڕەگی کردارەکە، ژمارەیان لە جۆری یەکەم زیاترە، وەك پێشتریش وتمان بە پێی هێزی کردارەکەو کاتی ڕوودانی کردارەکە مۆڕفێمەکان جیاوازدەبن، ئەوانیش مۆڕفێمی (کات، توخم، ڕووکار، نادیاری، ئینشائی، دووبارەکردنەوە)ن، بەڵام مەرجیش نییە هەموو ئەم مۆڕفێمانە لە کردارێکدا بوونیان هەبێت.

لێرەدا ئەو مۆرفێمانە لە کردارەکاندا دەخەینە ڕوو. هەردوو کرداری ( واردەی، وتەی) دەکەینە بناغە بۆ نموونەکانمان.

**1– کرداری ڕابووردی سادەی تێپەڕ** 

111– [من] [[نانەکەم] [وار[د[ [Ø]]]] . من نانەکەم خوارد.

ف.ناوی ف.ناوی ڕەگ م.کات م.توخم کلیتیکی بەرکاری

112– من ساوەکیْم واردە. من سێوەکەم خوارد.

لە ڕستەی(111)دا جگە لە فرێزی ناوی، مۆڕفێمی توخم و کلیتیکی بەرکاری بە کردارەکەوە دەلکێت. لەم زارەدا مۆڕفێمی توخم جێکەوتەکەی چەسپاوە، کە دەکەوێتەپاش مۆڕفێمی کات. کات و کەسی زەنگینیش دۆخی ڕێزمانی بە کردارەکە دەبەخشێت.

ڕستەی (112،111 ) جیاوازیان لە بوونی کلیتیکی بەرکاریدایە (111) بەرکارەکەی (نان) ناوێکی نێرە، بەڵام (112) بەرکارەکەی ناوێکی مێ یە(ساوی) هەریەکەیان کلیتیکی بەرکاری تایبەت بەخۆیان بەکردارەکە بەخشیوە.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ف.ناوی + ڕەگ + مۆرفێمی کات + جێناویی کەسی بەرکاری (ک.5)** |
| **نانەکەم + وار + د + Ø/ە** |

**2– أ** کرداری ڕابردووی دووری تێپەڕ: لە کرداری دووری تێپەڕدا ڕووکاری (بی□)ش بەشداری داڕشتنی کردارەکە دەکات. بەرکاریش مۆرفێمی توخم بەکردارەکە دەبەخشێت، جگەلە کلیتیکی بەرکاری کە بۆ نێر(Ø) بۆ مێش (ی□)یە، بەڵام لەم جۆرە کردارەدا لەبەرئەوەی ڕووکاری (بی□) بەڤاوڵ کۆتایی هاتووە، بۆیە کلیتیکە بەرکاریەکە لە کۆتایی کردارەکەدا دەرناکەوێت.

113– [من ] [[نانم ][وار[د[ە[بی□ ] Ø ]]]] من نانم خواردبوو. کەبەرکار تاکی نێر بێت.

114– [من] [[ساویم ][وار[د[ی□[بی□ ] Ø ]]]] من سێوم خواردبوو. کە بەرکار تاکی مێ بێت.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| ف.ناویی + **ڕەگ +م.کات + م.توخم+ڕووکار+ جێناوی (ک.3)** |
| **نانم/ساویم + وار+ د + ە/ ی□ + بی□ + Ø/ە** |

وەك لە نموونەکانی(113،114)دا دیارە، بەرکار مۆرفێمی کەس و توخم بە کردار دەبەخشێت.

**2–ب** کرداری ڕابردووی دووری تێنەپەڕ

لەم جۆرە کردارانەدا (تێنەپەڕ)، کردار تەنها یەك ئارگومێنتی دەرەکی پێویستە، بەڵام لە کردارەکەدا کۆمەڵێك مۆرفێم کەهەریەکەیان ئەرکێکی تایبەتیان هەیە، لە داڕشتنی کرداردا بەشداریدەکەن. وەك لە ڕستەی(115،116)دا دیارە.

115– [من] [ و[ت[ە[بیْ[نی□]]]]]. من نوستبووم.

116– [من] [و[ت[ی[بیْ[نی□]]]]]. من نوستبووم.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ڕەگ + م.کات + م.توخم + ڕووکار + کلیتیکی بکەری (ک.3)** |
| **و +ت + ە/ی□ + بی □ + نی□** |

**3**– کرداری ڕابردووی نزیکی تێپەڕ

ڕووکاری تایبەت بە ڕابردووی نزیك (ن)ە، کە بەدوای مۆرفێمی توخمدا دێت. کرداری کات وکەسی زەنگینیش دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانی دەدات. بڕوانە(117،118).

117– [من] [[نانەکەم] [وار[د[ە[ن[ Ø ]]]]] من نانەکەم خواردووە.

118– [من ] [[ئاوەکێم][ وار[د[یْ[ن[ە]]]]] من ئاوەکەم خواردووە.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| ف.ناویی + ڕەگ + م.کات+ م.توخم + ڕووکار + جێناو(ک.3) |
| نانەکەم/ئاوەکیم + وار + د + ە/ی + ن + Ø/ە |

**4**– کرداری ڕابردووی نزیکی تێنەپەڕ

بەهەمان شێوە ڕووکاری(ن) لەگەڵ (ڕەگ و کات)دا بەشداری دارشتنی کردارەکە دەکات، کردارەکەش داوای یەك ئارگومێنتی دەرەکی دەکات بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی، بڕوانە(119،120).

119– [من] [و[ت[ە[ن[ا]]]]] من نووستووم.

120– [من] [و[ت[یْ[ن[ا]]]]] من نووستووم.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| ڕەگ + م.کات+ م.توخم + ڕووکار+ کلیتیکی بکەری (ک.3) |
| و+ ت + ە/ی + ن + ا |

5– کرداری ڕابردووی ئینشائی تێپەڕ

ڕووکاری تایبەت بە ئینشائی (بییْ)ە، کە ئاماژە بۆ کردارێك دەکات خۆزگەی تیدابێت، جگە لە ڕەگ و کات و توخم و ڕابردووی دوور کلیتیکی بەرکاریش بەمەبەستی ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکان بە کردارەکەوە دەلکێت.

121– [وەشڵەی] [من] [نانم] [وار[د[ە[بییْ]]]]]] خۆزگە من نانم بخواردایە.

122– [وەشڵەی] [من] [ئاویم] [وار[د[یْ[بییْ]]]] خۆزگە من ئاوم بخواردایە.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ف.ناویی + ڕەگ + م.کات+ م.توخم + م.ئینشائی+ جێناو(ك.3)** |
| **نانم/ئاویم+ وار + د + ە/یـ□ + بیی□ + Ø** |

6- کرداری ڕابردووی ئینشائی تێنەپەڕ

تاکە جیاوازی لەگەڵ کرداری ڕابردووی ئینشائی تێپەڕدا ئەوەیە، کە ئەم کردارە تەنها داوای بکەر دەکات.

123- وەشڵەی من وتەبیێنی□.　　　خۆزگە من بنووستمایە.

124- وەشڵەی من وتێبییێنی□.　　　خۆزگە من بنووستمایە.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ڕەگ + م.کات + م.توخم + م.ئینشائی+ جێناو (ك.3)** |
| **و +ت + ە/یـ□ + بیی□ + نی□** |

7- کرداری ڕابردووی بەردەوام- تێپەڕ

لە کرداری ڕابردووی بەردەوامدا، بناغەی کردار بۆ داڕشتنی کردارەکە لەگەڵ مۆرفێمی کات و کەسدا وەردەگیرێت بۆ پێدای دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکان[1].

125- [من] [[نانەکەی] [وەر[یْ[نی□]]].　　　من نانەکەم دەخوارد.

126- [من] [[ئاوەکی□] [وەر[ یْ[نی□]]].　　　من ئاوەکەم دەخوارد.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ف.ناویی + ڕەگ + ڕووکار + جێناو (ك.3)** |
| **نان/ئاوەکی□+ وەر + یـ□ + نی□** |

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، بکەر کەس و ژمارە بەکردار دەبەخشێت نەك بەرکار. مۆرفێمی توخمیش بە مۆرفۆلۆژی لەسەر کردار دەرناکەوێت، واتای توخمەکە لە بەرکارەکە خۆیدایە، کە بە مۆرفێمی ناساندنەکەدا دەناسرێتەوە.

---

1 کردارەکان وەك یەك دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی بابەتانە دەدەن، بەڵام کردارە تێپەڕەکان دوو ئارگومێنتیان پێویستە، کردارە تێنە پەڕەکایش یەك ئارگومێنتیان پێویستە بەخورتی هەرچەندە هەندێکجار کەرەستەی تریش سەرپ شکیانە بە شداری داڕشتنی ڕستە دە کەن. بۆ یە لەنموونەکا ندا تەنها یا ساکان دەخەیـنە ڕوو بەمەبە ستی دووبارەنەبوو نەوەی مەبە ستەکان، چونکە لە نموو نە هێنراوەکا ندا کەوا نەی شکاو شیکردنەوەی پێویستیان بۆکراوە.

8- کرداری ڕابردووی سادەی- تێنەپەڕ

127-کوڕەکە وت.                    کوڕەکە نووست.

128- کناچەکی وتە.             کچەکە نووست.

**ڕیزبوونەکەی**

( ڕەگ +م.کات) +جێناوی کەسی ک-5-

بناغە

وەك لە ڕستەی (129)دا دیارە بکەر جێناوی لکاوی بەپێی کەس و ژمارەی خۆی بەکردار دەبەخشێت.

9- کرداری ڕابردووی نزیك- تێپەڕ

129- کناچەکی نانش واردەن. Ø Ø          کچەکە نانی خواردووە.

130-کناچەکی ئاویش واردێنە. Ø              کچەکە ئاوی خواردووە.

**ڕیزبوونەکەی**

**ف.ناویی+ ڕەگ +م.کات +م.توخم+ ڕووکار +جێناو (ك.3)**

**نان/ئاوی+ وار + د + ە/ی + ن + Ø**

لە ڕستەی(130)دا، بەرکار مۆرفێمی توخم وکلیتیکی بەرکاری به کردار دەبەخشێت.

10- کرداری ڕابردووی نزیك- تێنەپەڕ

131- کوڕەکە وتەن. Ø Ø              کوڕەکە نووستووە.

132- کناچەکی وتێنە. Ø              کچەکە نووستووە.

**ڕیزبوونەکەی**

**ڕەگ +م.کات +م.توخم+ ڕووکار +جێناو (ك.5)**

**و +ت + ە/ی + ن + Ø/ە**

لە ڕستەی (132)دا، بکەر مۆرفێم و توخم و کەس بە کردار دەبەخشێت.

11– کرداری ڕابردووی بەردەوام– تێنەپەڕ

133– من وسێنیی. من دەخەوتم.

134– تۆ وسێنی . تۆ دەخەوتیت.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **بناغە + ڕووکار +جێناو (ک.3)** |
| **وس + ی + نی** |

بەهەمان شێوە بکەر لەگەڵ کردار لە کەس وژمارەدا ڕێککەوتووە، بەڵام مۆرفێمی توخمی بە مۆرفۆلۆژی دەرنەکەوتووە، چونکە دوو ڤاوڵ پێکەوە نایەن.

12– کرداری ڕانەبردوو

لە شێوەزاری هەورامیدا، کرداری ڕانەبردوو دابەش دەبێت بۆ (کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن، کرداری ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتن)، لەم جۆرە کردارانەدا تەنها کلیتیکی بکەری لەسەر کردارەکە دەردەکەوێت، بەرکار کلیتیکی بەرکاری بە کردارەکە نابەخشێت.

13–أ کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن–تێپەڕ

کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن لە کاتی ئاخاوتندا ڕوودەدات. واتە لە کاتی ئاخاوتندا ڕوودانەکە بەردەوامە.

135– [من] [[نامە] [م [ کیان[ای ] م[ کیان[وو]]]]]. من نامەکە دەنێرم.

ف.ناویی (بکەر) ف.ناویی م.ڕانەبردوو ڕەگ م.دوبارەکردنەوە م.ڕانەبردوو ڕەگ کلیتیکی بکەری

136– [من] [[قاڵیەکیی] [م [چن [ای ] م [چن [وو]]]]]. من فەرشەکە دەچنم.

ف.ناویی(بکەر) ف.ناویی م.ڕانەبردوو ڕەگ م.دوبارەکردنەوە م.ڕانەبردوو ڕەگ کلیتیکی بکەری

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ف.ناویی +م. ڕانەبردوو+ ڕەگ+م.دووبارەکردنەوەی ڕەگ + م.ڕانەبردوو +ڕەگ+ کلیتیکی بکەری (ک.2)** |
| **نامە/قاڵی+ م + وەر + ای + م + وەر + وو** |

13–ب  کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن–تێنەپەڕ

137– من مووسای مووسوو.    من دەخەوم.

137– ئادَ مووسای مووسو.    ئەو دەخەوێت.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **م. ڕانەبردوو+ ڕەگ+م.دووبارەکردنەوەی ڕەگ + م.ڕانەبردوو+ڕەگ + کلیتیکی بکەری (ک.2)** |
| **م + وس + ای + م + وس + وو** |

لە کرداری ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتندا بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕیش، ڕیزبوونێکی تایبەتی هەیە، وەك لە ڕستەی (134–138) دا دیارە، بکەر ڕاناو بە کردار دەبەخشێت، مۆرفێمی توخم دەرناکەوێت. بەو پێیەی ئەگەر کردارێك لە ڕەگەوە وەربگیرێت نەك لە بناغەوە، مۆرفێمی توخم وەرناگرێت[1].

14– کرداری ڕانەبردووی دەمی  پاش ئاخاوتن–تێپەر

ئەم جۆرە کردارە پاش ئاخاوتن ڕوودەدات. واتە لەکاتی ئاخاوتندا هێشتا کردارەکە دەستی پێنەکردووە.

139– من نان مەروو.    من نان دەخۆم

140– من ئاوی مەروو.    من ئاو دەخۆم.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **م. بەردەوامی+ ڕەگ+ کلیتیکی بکەری(ک.2)** |
| **م + وەر + وو** |

15– کرداری ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتن–تێنەپەڕ

141– نەسرینە مووسو.    نەسرین دەخەوێت.

142– ئازاد مووسو.    ئازاد دەخەوێت.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **م. بەردەوامی+ ڕەگ+ کلیتیکی بکەری(ک.2)** |
| **م + وس + و** |

---

1 باسێکی بڵاونەکراوەی فەرەیدون عبدول ( جێکەوتەی مۆرفێمی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا)

له کرداری ڕانەبردوو دەمی پاش ئاخاوتندا بۆ تێپەڕو تێنەپەڕیش، کردار تەنها مۆرفیمی کەس وەردەگرێت، مۆرفیمی توخمەکە بە فرێزە ناوییەکان خۆیانەوە دەلکێت و بە کردارەکە نایبەخشن.
لە سەرجەم نموونەکانماندا کرداری ( واردەی، وتەی)مان بۆ ڕستەکان کردووە بە بناغە، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان بە ئاسانی ببینرێن و درکیان پێ بکرێت.
جگە لە جۆری کردارەکان بە پێی کات و هێز( تێپەڕ /تێنەپەڕ)، چەند جۆرێکی تر لە ڕیزبوونی کردارەکاندا بەرچاو دەکەون. لێرەدا هەندێك لەو کردارانە دەخەینە بەرچاو:

1) **کردارە تێپەڕێنراوەکان:** ئەو کردارانەن کە خۆیان لە بنجدا تێنەپەڕن[1]، بەڵام بە مۆرفیمی(–ن، اندن) دەکرێن بە تێپەڕ لە ڕابردوودا(ا) دەچێتە سەر ڕەگ لە ڕانەبردوودا–م– دەچێتە سەرەتای کردارەکە، وەك :

خزای –––––□ خزنای

خزان –––––□ خزاندن

143–ئادَ توْش خزنای. ئەو تۆی خزاند.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ڕەگ + م. تێپەڕاندن+م.ڕابردوو +کلیتیکی بەرکاری(ك.4)** |
| **خز + ن + ا + ی** |

144– من تۆ مخزنوو. من تۆ دەخزێنم.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **م.ڕانەبردوو +ڕەگ+ م. تێپەڕاندن+ کلیتیکی بکەری (ك.2)** |
| **( م ) + خز + ن + وو** |

لە ڕستەی (144)دا تەنیا بکەر جێناوی کەسی بەکردار بەخشیوە.

2) **کرداری بکەر نادیار:** ئەو کردارانەن کە بکەری ڕێزمانیان تێدا نادیارە، مۆرفێمی تایبەت بە نادیاری لەم شێوەزارەدا (□ی– ) یە، کە بە ڕەگی کردارە تێپەڕەکانەوە دەلکێت،بە دوایدا مۆرفێمی(–ا–) بۆ کاتی ڕابردوو، بۆ کاتی ڕانەبردووش (□یە ) دێت[2]. بڕوانە ( 146،145).

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (مهاباد کامل1996:47،48) و فەرەیدون عبدول(1998 :78و79)

2 لەکەسی سێیەمی تاك وسێیەمی کۆدا، مۆرفێمی(–یە) تافی ڕانەبردووی بکەر نادیار تیا دەچێت لەبەرئەوەی خۆی بزوێنەو بەدوایدا بزوێندێت.

145– [نامەکە] [نویس[ی [ ا] [ Ø]]]. نامەکە نووسرا.

ف.ناوی ڕەگ م.نادیاری م.ڕابردووی نادیاری کلتیکی بکەری

146– [نامەکە] [م [نویس [ي [وْ]]]]. نامەکە دەنووسرێت.

ف.ناوی م.ڕانەبردوی نادیاری ڕەگ م.نادیاری کلتیکی بکەری لۆژیکی

**ڕیزبوونی ڕابردوو**

| |
|---|
| **ڕەگ + م.نادیاری + م.ڕابردووی نادیاری + کلیتیکی بکەری+ م.توخم** |
| **نویس + ی +ا + نی + Ø** |

**ڕیزبوونی ڕانەبردوو**

| |
|---|
| **م.دەمی ڕانەبردوو+ ڕەگ + م.نادیاری +م.کاتی ڕانەبردوو بۆ نادیاری(ـە) +کلیتیکی بکەری** |
| **(م ) + نویس + ی +ـە + و** |

3) **دووبارەکردنەوە** : ئەو مۆرفێمانەن کەواتای دووبارەکردنەوە دەگەیەنن و دەکەونە کۆتایی کردارەکەوە، ئەگەر کۆتایی ڕەگەکە ڤاولٚ بوو، ئەوا لە شێوەی ( –وە) دەردەکەوێت، بەلاٚم ئەگەر کۆتایی ڕەگەکە کۆنسنانت بوو، ئەوا لە شێوەی (–ۆ) دەردەکەوێت. بڕوانە (147)

147– من وتاوە. من نووستمەوە.

148– ئادَ وتۆ. ئەو نووستەوە.

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| **ڕەگ +م.کات + کلیتیکی بکەری (ک.5)+ م.دووبارەکردنەوە** |
| **و + ت +ا + وە/ ۆ** |

## 3/2) ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەو قاڵبەکانی

لێرەدا باس لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە شێوەزاری هەورامیدا دەکەین، کەبەهۆی لێکدانی دەنگەکانەوە کەرەستەکانی پاش دەنگمان دەست دەکەوێت تا دەگاتە ئاڵۆزترین کەرەستەی زمانیی، کە ئەویش ڕستەیە. لە هەر زارو زمانێکدا کەرەستەکان بە پێی جێکەوتە ڕیزدەکرێن و بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی بابەتانە لەم زارەدا گرنگی بە مەرجی هاوسێیەتی نادرێت ، واتە مەرج نییە کەرەستەکان بۆ وەرگرتنی دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی بابەتانە بە تەنیشت کردارەوەبن[1].

وەك ئاماژەمان پێکرد، ڕستە سێ جۆرە ( سادە، لێکدراو، ئاوێتە) لێرەشدا باس لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ئەو ڕستانە دەکەین[2]:

1- **ڕستەی سادە:** زۆرجار وارپیککدەوێت کەڕستە تەنها وشەیەك بێت، بەڵام لەم شێوەزارەدا ڕستە لە سادەترین پێکهاتنیدا سادە نییە، چونکە لە ڕەگ و کلیتیکی بکەری پێکدێت، کەبکەری ڕستەکە بەڕەگی کردارەکەوە دەلکێت. بڕوانە(149).

149– pro وت.      pro نووست.      نێر

pro وتە.      pro نووست.      مێ

ئەم دەربڕاوە لە ئاستی ڕووکەشدا تەنها کەرەستەیەکە، بەڵام لە ئاستی قووڵدا لەڕەگ و کلیتیکی بکەری و مۆرفێمی توخم وکات پێکهاتووە. ڕیزبوونەکەشی بکەر کردار SV لە کردارە تێنەپەڕەکاندا ڕستەی سادە، کە لە دوو بەش پێکدێت بەشی بکەری و پریدیکەیت، بکەر بە فرێزی ناوییدا دەناسرێتەوە پریدیکەیتیش بە فرێزی کرداری، کە کردارێکی هەیە وەك سەرێك ڕەگەزەکانی تری ڕستەی پێوە پەیوەستە. بڕوانە(150).

150– [ژەنەکی ] [[چاشتەکی]  [م[نیوسەر[Ø]]] .      ژنەکە چێشت لێدەنێت.

ب.بکەری      پریدیکەیت

---

1 محەمەدی مەحویی (119:2001)

2 بڕوانە بەشی یەکەم– پاری دووەم ل 39

| |
|---|
| بکەر +بەرکار + کردار |

ڕستەیەك کە یەك بەشی بکەری و پریدیکەیتێکی تێدا بێت، ئەوا بەڕستەیەکی سادە دادەنرێت. بڕوانە(151–أ ، 151–ب).

151–أ : [لالو و لاوە] [وتیْبیْنیْ]. لالۆ و لاوە نوستوون.

151–ب: [پیاکە] [کۆت ومەرد]. پیاوەکە کەوت و مرد.


لەڕستەی(151–أ) دا هەرچەندە بکەر دووکەسی جیاوازن، بەڕستەیەکی سادە دادەنرێت، چونکە لەلایەن هەمان پریدیکەیتەوە کۆنترۆڵی بکەرەکە کراوە[1]، (لالو و لاوە) پێکەوە یەك گۆکردنی بکەریان هەیە.

وەك لە نموونەکاندا دیارە، سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێکدێت، کە فرێزی ناوی و فرێزی کردارییە، کە لە کەس و ژمارەدا ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە. فرێزی کرداری ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی بە فرێزە ناوییەکە دەدات.

## 1–3/2) ڕیزبوون لە ڕستە هەواڵییەکاندا

لەو ڕستە هەواڵییە سادانەی، کە کردارەکانیان تێپەڕن، چەند کەرەستەیەکی سەرەکی بەشداری داڕشتنیان دەکات، ئەوانیش (بکەر + بەرکار + کردار) ، بکەر و بەرکاری فرێزی ناوین و کرداریش فرێزی کردارییە.

152– [ئالان ][یانە] [مسانو]]. ئالان خانوو دەکڕێت.




1 سامی سعید (50:2009)

ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ڕستە هەواڵییەکاندا جێگیرنییە، بەڵکو کەرەستەی تریش دەکەوێتە نێوان(بکەر + بەرکار + کردار) یەوە. بڕوانە(154،153).

153- [سەما ][[نامە] [منویسو]]. سەما نامە دەنووسێت.

154- [سەما][[ نامە][[ خێرا] منویسو]]]. سەما نامە خێرا دەنووسێت.

لە ڕستەی(153)دا، ڕیزبوونی ڕستەکە ئاساییە، بەڵام لە ڕستەی(154)دا ئاوەڵکرداری ( خێرا ) بەشداری داڕشتنی فرێزەکردارییەکە دەکات.
ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی (154)

| |
|---|
| بکەر +بەرکار + (ئاوەڵکردار ) + کردار<br>سەما + نامە + خێرا + منویسو |

کاتێك بکەر لەشێوەی مۆرفێمی سفردا لەسەر کردارەکە دەربکەوێت، بەمەرجێك ڕێککەوتنی بکەر و کردار هەبێت، ڕیزبوونی کەرەستەکانی(بکەر+کردار)، کردار داوای بەرکار ناکات، چونکە کردارێکی تێنەپەڕە. بڕوانە(155) [1].

155- pro لوا pro ڕۆشت.

156- ئادَ لوا. ئەو ڕۆشت.

لە ڕستەی(157)دا، کردارەکە داوای دووبەرکار دەکات، بەرکارێکی ڕاستەوخۆو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ. بڕوانە (157).

لە ڕابردوودا، بەرکاری ڕاستەوخۆ پێش کردارەکە دەکەوێت. واتە ڕیزبوونێکی جێگیری هەیە، بەڵام بەرکارە ناڕاستەوخۆکان ڕیزبوونەکانیان جێگیرنییە، دەتوانرێت پێش یان پاش کردارەکە بکەون. بڕوانە (158، 159).

157- ئازاد کتێبێوش پەی من ئەسا. ئازاد کتێبێکی بۆ من کڕی.

---

1 سامی سعید (51:2009)

158– ئازاد قەڵەمێوش ئەسا پەی واڵەکێش. ئازاد قەڵەمێکی کڕی بۆ خوشکەکەی.

159– ئازاد پەی واڵەکێش قەڵەمێوش ئەسا. ئازاد بۆ خوشکەکەی قەڵەمێکی کڕی.

وەك لەڕستەی(158،159)دا بەرکارە ناڕاستەوخۆکان دەتوانن لە پاش و پێشی کردارەوە دەربکەون، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ لە پێش کردارەوە دەردەکەوێت و دۆخی ڕێزمانی بەرکاری وەردەگرێت[1].

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| بکەر +(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ کردار |
| ئازاد + پەی واڵەکیش + قەڵەمێوش + ئەسا |

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| بکەر +بەرکاری ڕاستەوخۆ+ کردار+ (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) |
| ئازاد + قەڵەمێوش + ئەسا + پەی واڵەکیش |

هەروەها دەشکرێت ( پەی واڵەکێش ) بکەوێتە پێش کردارەکەوە، بەکارهێنانێکی ئاسایشی هەیە.

ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئامرازێکی پەیوەندی و ڕاناوییکی کەسی سەربەخۆ بوو ئەوا بەرکارە ناڕاستەوخۆکە پێش کردار دەکەوێت[2] . بڕوانە(160).

**ڕیزبوونەکەی**

| |
|---|
| بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)+ کردار |

160– من نامەکەم پەی ئادَی کیاست. من نامەکەم بۆ ئەو نارد.

هەندێك پێکهاتە لە ڕستەدا هەن، کە نیشانە واتاییەکانی کردار لە فەرهەنگدا داوایان ناکات، بەڵام وەك سەربار بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕستەکە دێنە ئاراوە وەك فرێزی پێشناوی دەردەکەون. وەك:

1- ئەو فرێزەپێشناوییانەی کە لە پێش کردارەکەوە دەردەکەون.بڕوانە(161،162).

---

1 محەمەدی مەحویی (125:2001)

2 سامی سعید (55:2009)

161– ئازاد بەگەرمی نانەکە موەرو.                ئازاد بە گەرمی نانەکە دەخوات.

162– ئازاد نانەکە بەگەرمی موەرو.                ئازاد نانەکە بە گەرمی دەخوات.

2– ئەو فرێزە پێشناوییانەی کە ئاوەڵکرداری شوێنن لە پێش کردارەکەیانەوە دەردەکەون. بڕوانە(163).

163– ئادَ جە بازاڕنە پیاسەکەرو.                ئەو لە بازاڕدا پیاسە دەکات.

3– فرێزی پێشناوی ئامێرەکان لە پێش کردارەکەوە دەردەکەون. بڕوانە(164).

164– ئەدَام بەکاردی دەسش بڕی.                دایکم بە چەقۆ دەستی بڕی.

بەڵام ئەو فرێزە پێشناوییانەی کە لەلایەن کردارەوە داوا دەکرێن توانای جێگۆرکێ پێکردنیان هەیە. بڕوانە (165،166).

165– من کاسەکەم سەرومێزەکێوە نیارە.                من قاپەکەم لەسەر مێزەکە دانا.

166– من سەرومێزەکێوە کاسەکەم نیارە.                من لەسەر مێزەکە قاپەکەم دانا.

کەواتە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕیزبوونی ڕستە لەم زارەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

| | |
|---|---|
| تێپەڕ : | بکەر + بەرکار+ فرێزی پێشناوی+ کردار |
| تێنەپەڕ: | بکەر + فرێزی پێشناوی + کردار |

گشت کەرەستەکان لەپێش کردارەکەوە ڕیزدەبن، کە لەدروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتییانە وەردەگرن. لە دروستەی ڕووکەشیشدا دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن[1].

کردار لە دروستەی ڕستەدا سەرێکی حوکمکەرە و لە زمانی کوردیدا لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکم دەکات و ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکان دەدات.

1 محەمەدی مەحویی (132:2001)

2 سامی سعید (53:2009)

## 2-3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستە بکەر نادیارەکاندا

بکەر، کە لە ڕستەدا فرێزێکی ناوییە، بۆ کەسێك یان شتێك دەگەڕێتەوە، کە کردار داوای دەکات و لە سەرەتای ڕستەوە دێت. بڕوانە(167).

| بکەر + بەرکار + کردار |
|---|

167- واکە دارەکەش مەرد.            باکە دارەکەی شکاند.

لە ڕستەی بکەر نادیاردا، بکەر لە لایەن کەسێکەوە یان شتێکەوە کارتێکراوە و هەمان سەر و ڕیزبوونی ڕستەی بکەر دیاری هەیە. بڕوانە (168).

168-   Ø   نانەکە   وریا.            نانەکە خورا.

کاتی ڕوودانی کرداری ڕابردوو، یان ڕانەبردوو، کارناکەتە سەر ڕیزبوونی کەرەستەکان، بەڵکو جۆری کردارەکە و ئەوکەرەستانەی کە داوای دەکات، ڕیزبوونی کەرەستەکان دیاریدەکات. هەر گۆرانکارییەکیش لە کەرەستەکاندا رووبدات، ڕیزبوونی کەرەستەکان دەگۆرێت.

## 3-3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی پرسیاریدا

بە شێوەیەکی گشتی ڕستەی پرسیارکردن بۆ دووجۆر دابەش دەبێت:

**أ-** ڕستەی پرسیارکردن تەنها پێویستییان بەوەڵامی ( بەڵێ، نەخێر)ە. لەم جۆرانەدا پرسیارکەر داوای زانیاری ناکات، تەنها پێویستی بە زانینی وەڵامەکەیە بە( بەڵێ، نەخێر). ڕیزبوونی کەرەستە لەم جۆرە ڕستانەدا بە جۆری کردارەکەوە بەندە،ئەگەر کردارەکە تێپەڕبوو،بەپێی هەمان یاسای پێشووە.بڕوانە (169).

169- تو ساوەکێت واردە؟          ساوەکێت واردە؟          واردەت؟
بکەر   بەرکار   کردار          بەرکار   کردار          کردار

**ب-** ڕیزبوونی کەرەستە لەو پرسیارانەی کە داوای زانیاری دەکەن:

پرسیار بەوشەی پرس دەکرێت، وەك ( چیش، کەی، چکۆ، کی، پەیچیشی، کامە) شوێنی ئەم کەرەستانە جێگیرنین. ئەرکی ڕێزمانی داوای ئەم وشانە دەکات، شوێنیشیان بە ئەرکەکانیانەوە پەیوەستە، وەك ( بکەر، بەرکار، ئاوەڵکردار).بڕوانە(170–172).

170– کی ئاما؟ کێ هات؟ بکەر کردار

171– ئادَ چیشش وارد؟ ئەو چی خوارد؟ بکەر بەرکار کردار

172– تو نامەکەت پیێ کی کیاست؟ تۆ نامەکەت بۆ کێ نارد؟

| بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کردار |
|---|

## 3–3/2) ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەکانی فەرماندا

بەکارهێنانی بکەر و بەرکار لە ڕستەکانی فەرماندا سەرپشکییە، بەڵام کلیتیکەکە بەخورتی تەنها بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ دەبێت. بڕوانە( 174،173).

173– (تو) بوسە. (تۆ) بخەوە.

174–(شمە)(نانەکێتا) بوەردیْ. (ئێوە)(نانەکەتان) بخۆن.

| (بکەر) + (بەرکار) + نیشانەی فەرمان+ ڕەگ + کلیتیك |
|---|

## 4/2)– ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی لێکدراودا

ڕستەی لێکدراو بەپێی لۆژیك، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت و بە یارمەتی ئامرازی لێکدان لێکدەدرێن[1]. بڕوانە (175).

175– ئێمە لوایمی و بەرەکەما ژا. ئێمە ڕۆشتین و دەرگاکەمان داخست.

1 بڕوانە بەشی یەکەم– پاری سێیەم ل 42

| ڕ1 + ئامرازی بەستن + ڕ2 |
| --- |

ئاڵوگۆڕکردنی ڕ1 و ڕ2 مەبەستی ڕستەکە و واتاکەشی تێك دەدات. لە ڕستەی(176)دا بەتەواوی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بەگۆڕینی شوێنی ڕستەکان و پاش و پێشخستنیان، واتاکە تێك دەچێت.

176– ئادَە زاوڵەکەش بی و نامێش نیا.      ئەو مناڵەکەی بوو ناویی نا.

هەریەك لە ڕستەی یەکەم و ڕستەی دووەم بە ئامرازی بەستن(و) لێکدراون، هەمان ڕیزبوونی ڕستەی سادەیان هەیە.

## 5/2)– ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی ئاوێتەدا

لە ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی تەواوکەر پێکدێت، کە ئامرازی بەستن هەردوو ڕستەکە پێکەوە دەبەستێت، وەك ( کە، ئەگەر، مەگەر،...هتد).

ڕستەی تەواوکەر لەسەرەتا و ناوەڕاست وکۆتایشدا دێت. بڕوانە( 177–179).


177– سەرەتا :      ئەگەر بلوو، کتێبەکەی ماروو.      ئەگەر بڕۆم، کتێبەکە دەهێنم.

178– ناوەڕاست:      ئادَی، کە منشا دیا، ئامێ پەی لام.      ئەوان، کەمنیان بینی، هاتن بۆلام.

179– کۆتایی:      وەشتەرا، کە وینیش.      خۆشترە، کە بیبینیت.

بەڵام لەڕیزبوونی ئاسایی ڕستەی ئاوێتەدا، ڕستەی تەواوکەر بە دوای ڕستەی سەرەکیدا دێت. دەشگونجێت ڕستەی تەواوکەر لە ڕستەیەك زیاتربێت. بڕوانە(180).

180– من ماچوو، ئادَی واتش کە دارا میوە مەوەرو.      من دەڵێم، ئەو وتی کەدارا میوە ناخوات.




ڕیزبوونی کەرەستە لە دروستەی ڕستەدا سەرکۆتاییەو کردار بە پێی تێپەڕی و تێنەپەڕی داوای ئارگومێنتەکان دەکات[1]. ڕیزبوونی جێکەوتەکان جیاوازە، کردار لە ڕیزبوونی ئاساییدا لە کۆتایی ڕستەدایەو سەرێکی حوکمکەرەو ڕۆڵی بابەتانەش بە ئارگومێنتەکان دەدات.

1 ڤیان سلێمان (133:2007)

به شێوەیەکی سەرەکی کەرەستەکان لە ڕستەدا ئەم ڕیزبوونانەیان هەیە[1]:

| |
|---|
| بکەر + بەرکار +( ف.پێشناوی ) + کردار<br>S + O + PP + V |

واتە بکەر و کردار لە ڕستەدا بە خورتی بوونیان هەیە، بەڵام کەرەستەکانی تر بە پێ ی داواکاری کردار ئامادەبیان لە ڕستەدا دەبێت، بێجگە لەو ڕیزبوونەی کە لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین ئەم قاڵبانەش دەستنیشان بکەین[2]:–

| | |
|---|---|
| 1)– بکەر + کردار | S = N' + V°<br>S = [[N'] [V°]] |
| کوڕەکە وت. | کوڕەکە نووست. |

| | |
|---|---|
| 2)– بکەر + بەرکار + کردار | S = [[N1][ N2+ V°]]<br>S = N1+ [ N2 + V° ] |
| مامو ساکە کتێبە کەش کیاست. | مامۆستاکە کتێبەکەی نارد. |

| | |
|---|---|
| 3)– بکەر + تەواوکەر + کردار | S = [[N1][ Co+ V°]]<br>S = N1+ Co + V° |
| ئادَ نەوەشـــــــــا . | ئەو نەخۆشە. |

| | |
|---|---|
| 4)– بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر | S = [[N1][ N2[V°]]]PP]<br>S = N1+ N2 + V° +PP |
| ژەنەکی کەرگەکێش کەردەنە کولانەکی . | ژنەکە مریشکەکەی کردە کولانەکەوە. |

| | |
|---|---|
| 5)– بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار | S = [[N1][ N2[PP] V°]]]<br>S = N1+ N2+[PP] + V° |
| ئادَە منش بەواڵەکێش زانا. | ئەو منی بە خوشکەکەی زانی. |

---

1 محەمەدی مەحویی (132:2001)

Fattah M.M.(1997:246)2

| | |
|---|---|
| 6)– بکەر + کردار + تەواوکەر | S = [[N1][ V.to be]] PP] |
| پیاکە بی بە پێشمەرگە. | پیاوەکە بوو بە پێشمەرگە. |

زۆرجار ئەم ڕیزبوونانە قسەکەر بەمەبەستی جەختکردن لەسەر بەرکار دەگۆڕێت و ئەو کەرەستەیەی کە بەلایەوە گرنگە دەیهێنێتە سەرەتای ڕستەکەوە. بڕوانە (181–أ ، ب ).

181–أ: زاوڵەکە توتەکەش بەرکەرد. منداڵەکە سەگەکەی دەرکرد.

181–ب: توتەکە، زاوڵەکە بەرش کەرد. سەگەکە، منداڵەکە دەریکرد.

بەرکار کە سەر تۆپی لاوەکییە، لە جێکەوتەی سەرەکیی خۆیەوە، کە بەشی کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپییە، دەتوانرێت ڕستەکە بەمەبەستی هێنانە بەرهەمی ڕستەی باسمەند بهێنرێتە سەرەتا[1]. بڕوانە( 182–أ،ب).

182–أ[ سەرتۆپی سەرەکیمن] ، [کۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەکی بەرەکەم [ پرۆسە ژا.]]]

[سەرتۆپی سەرەکیمن] ، [کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی دەرگاکەم [پرۆسە داخست.]]]

ڕستەی سەرتۆپییەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:–

182–ب[سەرتۆپی هێنراوە پێش بەرەکە] [ سەرتۆپی لاوەکی من] [کۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەکی t] پرۆسە [ژام [ کلیتیکی باسمەندی Ø.]]]

[سەرتۆپی هێنراوە پێش دەرگاکە]، [سەرتۆپی لاوەکی من] [کۆمێنت [ سەرتۆپی لاوەکی t] پرۆسە [دامخست [کلیتیکی باسمەندی Ø.]]]

لە ڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا سەرتۆپی لاوەکی بەمەبەستی جەختکردن دەهێنرێتە سەرەتای ڕستە بۆ جێکەوتەی ( س.هـ) بەمەش سەرتۆپی سەرەکی ( بکەر ) دەبێتە سەرتۆپی لاوەکی، لە جێکەوتەی سەرتۆپی لاوەکیشدا شوێنپێیەك بەجێدەمێنێت، کە لەگەڵ سەرتۆپی هێنراوەپێشدا هاونیشانە دەکرێت. هەروەك لە ڕستەی(182 –ب)دا دیارە[2].

---

1 کاروان عومەر (77:2006).

2 سەرچاوەی پێشوو ل 77.

# بەشی سێیەم

## دیاردەی قرتاندن و ئەرگەتیڤی

## لە شێوەزاری هەورامیدا

## 1/3) قرتاندن و دەرنەبڕین

دەستەواژە دەرنەبڕاوەکان ئەو کەرەستانەن، کەلەڕستەدا بوونیان بە خورتییەو خۆمان جێکەوتەکانیان دەزانین [2] ،بەڵام دەربڕینێکی فۆنەتیکیانەیان نییە[1]. بڕوانە( 1).

1- ئادَ جە تاقیکردنەوەو بیرکاریەنە نمرێوی بەرزش ئاورد، ئاراس کەمتەر Ø.

ئەو لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا نمرەیەکی بەرزی هێنا، ئاراس کەمتر Ø.

دەرنەبڕین سیفەتێکی جیهانی هەموو زمانەکانە، جۆرەکانی لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەڵام دەبێت ناوەڕۆکی کەرەستە دەرنەبڕاوەکە گەیشتوو(مفهوم)بێت و زمان ڕێگە بەو دەرنەبڕینە بدات. هەندێکجار لە ئاخاوتن و نووسیندا هەست بە بوونی کەرەستەیەك دەکرێت، کە لە دیووی شاراوەدا واتاکەی دیارە، بەڵام بەدەنگ واتە بە فۆنەتیکی ئەو دەنگە نابیسترێت[3] ،(وەك مۆرفێمی Ø ).

لە زماندا وەك پێشتریش باسمان کرد دوو ئاستی زمان هەیە، کە ئاستی قووڵ و ئاستی ڕووکەشن، کە ڕێزمانی گواستنەوە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دروستە لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش دەخاتەڕوو. یاساکانی قرتاندن یەکێکە لەو یاسایانەی، کەدەشێت یەکێك لە کەرەستەکانی ئاستی قووڵ لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ ئاستی ڕووکەش لەبیربکرێت، چ بەهۆی یەکسانی بێت لەواتادا یاخود یەکسانی لە فۆرمدا, هەرچەندە ئەم کەرەستانە لەئاستی سیمانتیکدا بوونی خۆیان هەیە، بەڵام لەئاستی ڕووکەشدا دەقرتێنرێن. وەك کەرەستەیەکی بێشێوەی فۆنەتیکی دەناسرێن[4].

لەکاتی گواستنەوەدا دەتوانین کەرەستەیەك بگوێزینەوە، بەمەرجێك کەرەستەیەك هەبێت، کە لەگەڵ کەرەستە لابراوەکەدا هاونیشانە بێت و پێکەوە پۆلێك بن، وەك لابردنی( بکەر) یاخود ئەوکەرەستەیەی لەزنجیرەکەی خۆی بچێت وەك لابردنی فرێزی ناوی[5].

---

[1] Marjorie j.Mc SHAEE(2005:3)

2 قرتاندن لە چوارچێوەی (قوتابخانەی ڕێزمانی گواستنەوە)دا باسی لێوەکراوە کە چۆن بکەر و(Aux) لە ئاستی قووڵدا هەن، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا دەرنابڕێن، هەرچی دەرنەبڕینە تێرمێکی گراماتیکیە کەلە بەر هەندێك هۆکاری ئابووری، جەختکردنەوەی شێواز هەندێك لە ستراکچەرەکانی دەرنابڕێن و بەهۆی کۆنتێکستەوە(دەوروبەر)ەوە پڕدەکرێتەوە کەواتە دەتوانین بڵێین دەرنەبڕین جۆرێکە لە قرتاندن (David Crystal (2003:128.

3 ڤیان سلێمان (127:2007)

4 Chomsky (1986:34)

5 ڤیان سلێمان (128:2007)

هەروەها لەڕستەدا دەتوانین چەندین کەرەستەی تر بقرتێنین بەتایبەتی لە ڕستەی لێکدراودا،لەژێرمەرجی وەکیەکبووندا وەك لابردنی کرداری ڕستەی تەواوکەر، یاخود ڕستە تەواوکەرەکە هەمووی، یاخود لابردنی فرێزی ناویی. بڕوانە( 2–أ،ب).

2–أ: ئادَ قاچش مەڕیا، بەلاَم دەسش نەمەڕیا. ئەو قاچی شکا، بەلاَم دەستی نەشکا.

2–ب: ئادَ قاچش مەڕیا، بەلاَم دەسش نا. ئەو قاچی شکا، بەلاَم دەستی نا.

ئەم ڕستانە،واتە ڕستە سەرەکییەکان لەئاستی سیمانتیکدا بوونیان هەیە، بەلاَم لە ئاستی دەربڕیندا بوونیان نامێنێت [1]، وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لەئاستی سینتاکسدا جێکەوتەی تایبەتی خۆیان هەیە و بەهای تایبەتی خۆیان دەپارێزێن.

**بۆ قرتاندن و لابردنی کەرەستەکان مەرجی تایبەت هەیە لەوانە :**

1- تەنها ئەو وەچە پێکهاتانەی ناو ڕستە و دەق دەتوانرێت لابرێت، کەلەگەڵ وەچەپێکهاتەی تردا وەك یەکبن.

2- بە پێی ڕێسای سەرکۆتایی، تەنها دەرخەرەکانی ناوەوەی ڕستە، دەشێت لابرێن. بەپێی ئەم یاسایە سەری ڕێزمانیی سەری حوکمکەری دۆخی ڕێزمانییەو لەگەڵ سەری واتاییدا لەدوای تەواوکەرەکانیانەوە دێن و دەکەونە کۆتایی دروستەکانیانەوە [2]. بڕوانە( 3–أ،ب).

3–أ: پیای ئازاو سەربازی ئازا پارێزەرو ولاَتییەنی.

پیاوی ئازاو سەربازی ئازا پارێزەری ولاَتن.

3–ب: پیاو سەربازی ئازا پارێزەری ولاَتییەنی.

پیاو و سەربازی ئازا پارێزەری ولاَتن.

لەڕستەی( 3–ب ) دا کە ڕێگە بەلابردنی دەرخەری دووەم نادرێت، چونکە سەری گشتی فرێزەکەیە، بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی سەری ڕێزمانی و سەری واتایی ناتوانرێت لابرێت، بڕوانە(4*).

*4– پیای ئازاو سەرباز پارێزەرو ولاَتییەنی.

لە ژێرمەرجی خستنە تەکیەك و پێکەوەبەستندا تەنها ئەو کەرەستانە دەخرێنە تەکیەك و پێکەوە دەبەسترێنەوە [3]، کەبەیارمەتی /و/ی لێکدەر، وەك ( ناو و ناو ، ئاوەڵناوو ئاوەڵناو ، ڕستە و ڕستە)، یەکێك لەو کەرەستە هاوئەرکە لەیەکچووانە لە ڕستەدا بەمەبەستی ئابوریکردن لە زماندا لادەبرێت [4].بڕوانە( 5،6).

---

1 کاروان عومەر (31:2006)

2 محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر(55:2004)

3 سەرچاوەی پێشوو ل 40

4 وریا عومەرئەمین(1989:72–75)

5- ئادَ کتێبو دەفتەر ورەشو□.                ئەو کتێب و دەفتەر دەفرۆشێت.
6- شیلانە بە بو□ڵەبو□ڵ و دەنگە دەنگۆ ئیگەشە ئاستجیا.
شیلان بە بۆڵە بۆڵ و دەنگە دەنگەوە ئێرەی بەجێهێشت.

لەبەستنی دوو ڕستە یان زیاتردا زۆرجار کەرەستەی هاوئەرك دێنەئاراوە، بەمەبەستی دووبارەنەبوونەوەیان ئەم کەرەستانە دەقرتێنرێن ، واتە هەندێك لەکەرەستە هاونیشانەکان دەقرتێنرێن .
دەرنەبڕین یاخود قرتاندنی ئەوکەرەستانەی کە بەلای مرۆڤەوە زیادەن نابێتەهۆی واتا نادروستی و ڕێزمان نادروستی، زۆرجار دەبێتەهۆی زیادبوونی گومان لای گوێگر و ڕێژەی زانیاری زیاتر دەبێت و دڵنیایی کەمتر دەبێتەوە، کاتێك بە کەسێك دەڵێین ( فەرموو) گوێگر لەواتاکەی تێدەگات، بەڵام ڕوون نییە، کە ئایا قسەکەر تەنها مەبەستی هاتنەژوورەوەیە یاخود هاتنەژوورەوەو دانیشتن[1].

## 1-1/3) کەرەستە بەتاڵەکان[2]

کەرەستەی بەتاڵ لە تێۆری GB دا ئەو پێکهاتانەی ڕستەن، کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە بەتاڵن، بەڵام لە سینتاکسدا چالاکن[3]، چۆمسکیش بە فۆرمێکی ناراستەقینەی دادەنێت[4]. بڕوانە ( 7).

7- من ملوو، بەڵام تو□ نا.                من دەڕۆم، بەڵام تۆ نا.

ڕستەی(7) لە ئاستی قووڵدا (من ملوو، بەڵام توْ مەلی) بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا لەڕستە تەواوکەرەکەدا هەندێك لە کەرەستەکان نادیارن (من ملوو، بەڵام توْنا) کە لە ئاستی قووڵدا ئەم ڕستەیە تایبەتمەندی سینتاکسی و سیمانتیکیی هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا (کردارەکە) فۆنەتیکێکی بیستراوی نییە. کەواتە شوێنە بەتاڵەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لە نواندنی سینتاکسیدا بوو بە خاوەنی بەهای تایبەتی خۆی، هەرچەندە کەرەستەکە نەماوە، بەڵام شوێنی دیارە و بەهاکەی پارێزراوە.

---

1 ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە بواری پراگماتیگەوە هەیە لە کارەکەی ئێمەوە دوورە بۆیە باس لەم لایەنە ناکەین و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.
2 ئەم زاراوەیە لای(محمد محوی) بە ئارگومێنتە بەتاڵەکان و لای (حاتەم ولیا) کاتیگۆریە بەتاڵەکان و لای (ڤیان سلێمان) کەرەستە بەتاڵەکانە هاتووە.
3 حاتەم ولیا (131:2006).
4 Chomsky (1986:51)
5 David Crystal (2003:159)

### 1–1–1/3) بنەماكانی كەرەستەی بەتاڵ

( لە تیۆری GB دا ڕێسای كەرەستەی بەتاڵ یەكێكە لە داواكارییەكانی تیۆری حوكمكردن، داوای شوێنپێیەك دەكات كە بە توندی لەلایەن كەرەستەیەكی فەرهەنگیەوە حوكمكرابێت یاخود لەلایەن كەرەستەیەكەوە كە هاونیشانەبن لە گەڵ شوێنپێكەدا)[1].

### 2–1–1/3) جۆرەكانی كەرەستەی بەتاڵ و ڕۆڵییان لە تیۆری GB دا

لە تیۆری GB دا كەرەستەی بەتاڵ كەرەستەیەكی ئەبستراكتە، داڕشتەیەكی فۆنەتیكیی نییە، بەڵام لە ڕستەدا شوێنی فرێزە ناوییە دیاریكراوەكان پڕدەكەنەوە.كە چوارجۆرن[2]:

1- شوێنی فرێزی ناوی .
2- شوێنی ڕستەی پرسیار.
3- PRO .
4- pro.

بە پێی سیماكانی(±ئەنافۆری) و (± جێناوی) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن.

1- شوێنی فرێزی ناوی ( + ئەنافۆری، – جێناوی).
2- شوێنی وشەی پرسیار( – ئەنافۆری ، –جێناو).
3- PRO ( + ئەنافۆری، + جێناوی).
4- pro ( - ئەنافۆری، + جێناوی).

شوێنی فرێزە ناوییەكان ئەنافۆرن، دەبێت لەناو كاتیگۆرییە حوكمكەرەكەیاندا بەستراوەبن[3]، ئەو فرێزە ناوییە دەبێت هاونیشانە بێت لەگەڵ ئەوكەرەستەیەی كە بۆی دەگەرێتەوە. بڕوانە(8).

8– ئادَ وێش كوشت. ئەو خۆی كوشت.

لە ڕستەی(8)دا (وێش) كە فرێزێكی ئەنافۆرییە لەلایەن كردارەكەوە حوكمكراوەو لەگەڵ فرێزەناویەكە(ئادَ)دا هاونیشانەیە.

شوێنی وشەی پرسیار، بە دەربڕاوە ئاماژەدەرەكان دادەنرێن، كە هەمیشە لەناو كاتیگۆرییە حوكمكەرەكەیاندا ئازادن و ئاماژەیەكی سەربەخۆیان هەیە.

---

1 حاتەم ولیا (131:2006)
2 بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ل 132
3 سەرچاوەی پێشوو ل 130

PRO ی گەورەش، هەم ئەنافۆرە و هەم جێناویشە، کە دەتوانێت لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بەستراوە و ئازادیش بێت.
بەپێی هەندێك لەو بەڵگانەی کەلەبەردەستدان لە شوێنی وشەی پرسیار و PRO لە کوردیدا نین ، یەکێك لەو بەڵگانەی کە لەزمانی کوردیدا گواستنەوە نییەو تەنها pro بچووك لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەوەیە کە لەڕاستیدا ئاماژە بۆکراوێکی شوێنی نییە و لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەی خۆیدا سەربەستە، بەڵام لەلایەن پێکهاتەی کات و کەسەوە بەتوندی حوکم دەکرێت و دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەیتیڤی پێدەدرێت. بڕوانە(9–أ،ب):

9–أ: ئادۆ ئامیٚ . ئەو هات.

9–ب: pro ئامیٚ . pro هات.

بە پێی ئەم تیۆرە، شوێنی بکەری(ب)، دەبێت بە کاتیگۆرییەکی بەتاڵ پڕبکرێتەوە، کە بە (pro ) ناسراوە، بەم شێوەیە دەنوێنرێت(pro() ئامیٚ.
لەبەرئەوەی pro ی بچووك لە شێوازاری هەورامیدا شوێنپێی هەیە، بۆیە لێرەدا باس لەم کەرەستەیە دەکەین[1].

**pro (پرۆی بچووك):** نیشانەی {+جێناوی }و {–ئەنافۆری }هەیە. لەزمانە بکەرخراوەکاندا، کەلەشوێنی بکەری ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) یان بکەری ڕستەی تەواوکەر(پاڕستە)دا دەردەکەوێت، وەك زمانی کوردی کە زمانێکی بکەرخراوە، کە کەرەستەی بەتاڵی (pro) پرۆی بچووکی هەیە و کەرەستە بەتاڵەکانی تری نییە، چونکە هەموو ڕستە تەواوکەرەکانی کات و کەسداری فەرهەنگی زەنگینن[2].

## 3–1–1/3) چەشنەکانی pro

pro دەتوانێت جێکەوتەی بەتاڵی بکەر پڕبکاتەوە، بۆیە هەمیشە لە جێکەوتەی حوکمکراودایە و لەلایەن سەرێکی حوکمکەریشەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، بەڵام مەرج نییە سەرە حوکمکەرەکە نیشانە تایبەتییەکانی (کەس و ژمارە) ی هەڵگرتبێت.
بەم شێوەیە دەرکەوتنی بکەری (pro)ی خاوەن نیشانەو بیٚ نیشانەی دیار و نادیار، ڕێگەپێدراوە[3].

---

1 حاتەم ولیا (133:2006)

2 محەمەدی مەحویی (164:2001)

3 محەمەدی مەحویی (208:2001) و حاتەم ولیا (134:2006)

**چەشنەکانی pro ئەمانەن :**

أ- pro ی ئاماژەدەر : ئەم نیشانانەی هەن +کەس+ژمارە+دیاریکراو
pro ئامێ pro هاتن

ب- pro ی ئاماژەنەدەر، ئەم نیشانانەی هەن+کەس+ژمارە
pro متاویۆ،... pro دەتوانرێت،...

pro پرۆی ئاماژەنەدەر، نیشانە تایبەتییەکانی کەسی سێەمی تاك و نادیاری هەیە.

پ- pro ی ئارگومێنت، ئەو پرۆیەیە کە دەتوانێ نیشانە تایبەتییەکانی بناسینەوە، یاخود نەتوانێ هیچ نیشانەیەکی تایبەتی کەرەستە بەتاڵەکە بناسینەوە، کاتێك فرێزێك ئارگومێنتە کە نیشانەی تایبەتی و ژمارەی هەبێت[1]، بڕوانە (10).

10- EXPL وا دیارە،....

بوونی ئەم چەشنانەی بکەری سفر لە زمانی کوردیدا لە خۆوەنییە، بەڵکو pro ی بکەر لەو زمانانەدا بوونیان هەیە، کە ڕێککەوتنی بکەر و کرداری بە هێزیان هەیە[2]. بڕوانە (11).

11- ئەگەر پیا بتاوۆ،هەر pro یارمەتی خەڵکی مدَوْ. ئەگەرپیاو بتوانێ،هەر pro یارمەتی خەڵکی دەدات.

## 4-1-1/3) نیشانە تایبەتیەکانی pro

ناسینەوەو دیاریکردنی pro بە دەقە سینتاکسییەکەوە وابەستەیە. دەرکەوتنی pro جۆرێك لە پەیوەندی و حوکمکردن و پەیوەندیی بەستنەوەی تێدایە، کە لە ڕێیەوە نیشانە تایبەتییە ڕێزمانییەکان دەستنیشاندەکرێن[3].

---

1 محەمەدی مەحویی (207:2001) و حاتەم ولیا (135:2006)
2 محەمەدی مەحویی (209:2001)
3 سەرچاوەی پێشوو ل208

### pro(5–1–1/3 و تیۆری کۆنترۆڵ کردن

pro و ڕ ستەی تەواو کەر لەلا یەن کاتیگۆرێ یەکی ڕستە سەرەکییەکەوە کۆنترۆڵی لێکدا نەوەیی و لێکدەرەوەی دەبێت. لە ڕاستییدا پەیوەندیی نێوان pro و تیۆری کۆنترۆڵکردن دەتوانرێت لەڕێی پەیوەندییە ڕۆنانەکانی وەک ئاراستەکردنەوە بە ڕەوانی پەسەنبکرێت و ڕوون بکرێتەوە. بڕوانە(12).

12– pro گەرەکشانا pro بلا پەی یانەو ئادَیشا pro بواناوە.
i i i i
pro دەیانەوێت pro بچن بۆ ماڵی ئەوان pro بخوێننەوە.

هەردوو pro3،pro2 لەمەودای ڕکێفی (pro) دان. کەواتە دەکەونە مەودای ڕکێفی رستەی سەرەکییەوە. جێناوە سفرەکەی بکەر سەر بە کاتیگۆری فەرهەنگی {+ جێناو } ە، بۆیە pro2 وpro3 وابەستەی pro ن. بوونی بکەری هەر ڕستەیەکی ڕستە سەرەکییەکە، کاتێك دانانی فەرهەنگی بکەری ڕستەی تەواوکەر دیاریدەکات، کە ئەم بکەرانە لەگەڵ بکەری ڕستەکانی پێشوودا لە نیشانە تایبەتییەکانی (کەس و ژمارەو دیار و نادیار)دا ڕێککەوتووبن و یەکبگرنەوە، کە پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکەیە.

### 5–1–1/3) چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەستەی بەتاڵ لە شێوەزاری هەورامیدا

### 1–5–1–1/3) قرتاندنی بکەر

بکەری ڕستە دەتوانرێت بقرتێنرێت و دەرنەبڕیت و بە فۆنەتیکی بەرجەستە نەکرێت، پەیوەیست بەمەرجی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن کردارەوە، بەوپێیەی کە شێوازی هەورامی زارێکی بکەرخراوە، دەتوانرێت لە شوێنی کەرەستە لابراوەکە pro دابنرێت. یەکێکە لەکەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە، لەگەڵ کرداردا بەو پێیەی کە کردار بەبێ بکەر نابێت، بکەریش چەند جۆرێکە، کە لە ڕووی واتاو داڕشتنەوە، وەك بەشێکی فۆنەتیکی لە ڕستەدا دەرناکەوێت[1]. ئەو کاتەی کە بکەر لای قسەکەرو گوێگر ناسراوبێت و پێویست بە ناوهێنان ناکات، جۆری ڕستەکە ڕۆڵی لە دەرنەکەوتنی بکەر دا هەیە، وەك:

1)– ئەوڕستانەی کەباروحاڵەتی مرۆڤ رادەگەیەنێن، بکەر کە دەقرتێندرێت چەند مۆڕفێمێك بەکردارەکەوە بەجێدەهێڵێت، وەك کلیتیکی بکەری(ـا) و مۆڕفێمی توخم(ە) ، کە وەك لە ڕستەی (13–أ،ب) دا دیارە.

---

1 احمد حسن (41:1990)

13-أ: خاسەنا      من خاسەنا      چاکــم      من چــاکم

13-ب: خراپەنا      من خراپەنا      خراپــم      من خراپــم

2)- لەو ڕستانەی کە باری ئاووهەوا دەردەخەن. بڕوانە(14-أ،ب).

14-أ: سەردا      دنیا سەردا      ساردە      دنیا ساردە

14-ب: گەرما      دنیا گەرما      گەرمە      دنیا گەرمە

هەرچەندە دنیا لە ڕستەی (14-أ،ب) دا بکەری لۆجیکین، بەڵام دەتوانرێت بقرتێنرێت.

3)- لە ڕستەی فەرمان و داخوازیدا، بڕوانە ( 15-أ ،ب).

15-أ: بوری□.      تو□ بوری□ .      وەرە      تۆ وەرە

15-ب: بوەردی□.      شمە بوەردی□.      بخۆن      ئێوە بخۆن

لە ڕستەی ( 15-أ)دا، بکەری ڕستەکە کە (تو□) یە قرتێندراوەو لە ڕستەی(15-ب)دا بکەری ڕستەکە کە (شمە)یە قرتێندراوە.

ئەم دیاردەیە تەنها لەو زمانانەدا هەیە، کە کرداروبکەر ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە. بکەر و کردار لە کەس و ژمارەدا هاونیشانەن، ئەم یاسایە (یاسای قرتاندن) یەکێکە لە یاساکانی ڕێزمانی گواستنەوەو بۆ کورتکردنەوە و ئابوریکردن ئاسانترین ڕێگایە.

بەپێی ئەم یاسایە لە جێکەوتەی بکەرە قرتاوەکەدا، pro دادەنرێت، بڕوانە(16-أتاد).

16-أ: ئادَ وتەن.      pro وتەن.      ئەو نووست      pro نووست.

16-ب: ئادَە وتێنە.      pro وتێنە.      ئەو نووستووە      pro نووستووە.

16-پ: من نامەم کیاست.      pro نامەم کیاست.      من نامەم نارد      pro نامەم نارد.

16-ت: تو□ یانەت شت .      pro یانەت شت.      تو ماڵەکەت شت      pro ماڵەکەت شت.

### 2-5-1-1/3) قرتاندنی بەرکار

لە ڕستەدا دووجۆر بەرکار هەیە، کەبە پێی داواکاری کردار لە ڕستەدا بوونیان دەبێت، ئەگەر کردارەکە تێپەڕبێت ئەوا داوای دوو تەواوکەر دەکات، کە تەواوکەرێکی دەرەکی و (بکەر) تەواوکەرێکی

ناوەکی(بەرکارە)، بەلأم کردارە تێپەڕەکان تەنها داوای تەواوکەری دەرەکی (بکەر) دەکەن.واتە بە پێی هێزی کردارەکە بەرکارەکان لە ڕستەدا بوونیان دەبێت. قرتاندنی بەرکاریش لە شێوەزاری هەورامیدا دیاردەیەکی ئاساییە.

قرتاندنی بەرکار لە ڕستەدا، دەرنەبڕینی ئەو کەرەستانەیە کە لە ڕستەدا بوونیان بە خورتییە و لەو ڕستانەدا بەکاردەهێنرێن، کە واتاکانیان ئاشکرایە. هەندێك بەرکار لە ڕستەدا بوونیان هەیە، بەلأم بە دەرنەبڕینیان واتای ڕستەکە ناگۆڕێت[1]. بڕوانە(17-أ،ب).

17-أ : ئادَ موانۆوە.                    ئەو دەخوێنێتەوە.

17-ب : ئادَ دەرس موانۆوە.              ئەو دەرس دەخوێنێتەوە.

## 1-2-5-1-1/3) جۆرەکانی قرتاندنی بەرکار

**أ) قرتاندنی بەرکاری ڕاستەوخۆ**: کاتێك کە بەرکار کەسی سەربەخۆبێت، قرتاندنی ئاساییە، بەلأم لە شێوەی کلیتیکی بەرکاریدا بەکردارەکەوە دەلکێت.

بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەو بەرکارەیە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی بکەردایە، وەلأمی پرسیاری ( کێ، چیش)ە، هەرچەندە بەرکاری ڕاستەوخۆ دەقرتێنرێت. هەندێکجاریش لەگەڵ کرداردا دەقرتێنرێت[2]. بڕوانە(18،19 ).

18- تو نانت ئەسا یا ئاراس ØØ ؟               تۆ نانت کڕی یان ئاراس ØØ ؟

19- تاتەت یانەکەش ورەت یان مامو ت ØØ ؟     باوکت خانوەکەی فرۆشت یان مامت ØØ ؟

لە کاتێکدا کەبەرکار ناوێکی تایبەتی بێت یاخود بەرکار کلیتیکی کەسی سێیەم بێت، دەتوانرێت بقرتێنرێت. بڕوانە(20).

20- ئادَ شیعرە منویسوْ.--- ئادْ منویسوْ.       ئەو هۆنراوە دەنووسێت.--- ئەو دەنووسێت.

بۆ هەموو کەسەکانیش ئەم قرتاندنە ئاساییە، بڕوانە(21-26).

---

1 MARJORIE J.Mc SHANE(2004:14)

2 بەکر عومەر عەلی (55:1992)

21– ئادَ منش نویستانیْ. ---□ ئادَ نویستانێش. ئەو منی نووسی ---□ ئەو نووسیمی.
22– ئادَ تو□ش نویستی.----□ ئادَ نویستیش. ئەو تۆی نووسی---□ ئەو نووسیتی.
23– ئادَ ئازادش نویست----□ ئادَ نویستش. ئەو ئازادی نووسی---□ ئەو نووسی.
24– ئادَ ئێمەش نویستێمیْ---□ ئادَ نویستێمێش ئەو ئێمەی نووسی---□ ئەو نووسینی.
25– ئادَ شمە ش نویستیدیْ---□ ئادَ نویستیدێش ئەو ئێوەی نووسی---□ ئەو نووسینی.
26– ئادَ ئادَێش نویستیْ ---□ ئادَ نویستێش. ئەو ئەوانی نووسی ---□ ئەو نووسینی.

**ب) قرتاندنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

ئەو بەرکارەیە کە بە یارمەتیی پێشناو دروست دەکرێت، پێشی دەوترێت فرێزی پێشناوی و بەپێی داواکاریی کردار لە ڕستەدا بوونی دەبێت، وەلامی پرسیارێك دەداتەوە کەبە {(بە، چی، جە، چنی) +کیْ } یاخود {(بە، جە، چنی)+ چیش}بکرێت لە ڕستەی سادەدا ناکرێت شوێنی بەرکاری ناڕستەوخۆ بەتاڵ بێت. واتە بە لابردنی واتاکەی بەهۆی کەرەستەکانی ڕستەوە نادروست دەبێت، چونکە لە ڕستەدا کەرەستەیەك نییە کە لەگەڵیدا هاونیشانە بێت، کە لە کاتی نەهاتنی دا هەست بە بوونی جێکەوتەویەکیی بەتاڵ دەکرێت. واتە کەرەستەی کۆنترۆڵکەری نییە، چونکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ فرێزێکی نائارگۆمێنتیە[1]و کردار اوای ناکات. بڕوانە (27–31).

27– نامەکەت پەی کیْ کیاست. نامەکەت بۆ کێ نارد.
28– تو□ بەچیش لوای پەی بازاڕی. تۆ بەچی ڕۆشتیت بۆ بازاڕ.
29– ئادَ چنی کیْ قسێش کەردە. ئەو قسەی لەگەڵ کێ کرد.
30– نەسرینە بە چیش ئاماوە. نەسرین بە چی هاتەوە.
31– کورەکە جە چیشەنە ئاویش واردە. کوڕەکە لە چیدا ئاوی خواردەوە.

وەك لە ڕستەکانی(27–31)دا دیارە، بە قرتاندنی هەریەك لە بەرکارە ناڕاستەوخۆکان واتای ڕستەکان نادروست و نا ڕێزمانیی دەبێت. بەو واتایەی کە قسەکەر مەبەستیەتی بیگەیەنێت، لەوانەیە واتای تری ڕاست بدەن بە دەستەوە، بەلام بەو مەبەستە نییە کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت.

---

1 ڤیان سلێمان (2006:153).

### 3-5-1-1/3) کۆپیکردن

کۆپیکردنی ئەو حاڵەتانەیە کە توخمێکی ڕێزمانی لەکاتی گواستنەوەکاندا دادەنرێت، کە کۆپیکردنی ئەو توخمەیە کە بەیەکێك لە یاساکانی گواستنەوە گوێزراوەتەوە[1]. کۆپیکردنیش کردەیەکی گواستنەوەیە کە پێویستیی سەرەکیی ڕستەنییە. واتە بە شێوەیەکی سەرپشکی ئەو گواستنەوەیە ئەنجام دەدرێت، بەبێ گواستنەوەکەش ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم دەهێنرێت[2]. بڕوانە (32تا34-أ،ب).

32-أ: توی ساوەکیی وەرێنی. — تۆ سێوەکەت دەخوارد.

32-ب: ساوەکیی، توی..t.. وەرێنیش. — سێوەکە، تۆ..t .. دەتخوارد.

i i → i — i i → i

33-أ: تۆ نانەکەی موەری. — تۆ نانەکە دەخۆیت.

33-ب: نانەکە، تۆ ..t .. موەریش. — نانەکە، تۆ..t .. دەیخۆیت.

i i → i — i i → i

34- أ: کوڕەکە کتێبە کێش ئەسیی. — کوڕەکە کتێبەکانی کڕی.

34-ب: کتێبە کیْ، کوڕەکەی ..t .. ئەسیی. — کتێبەکان، کوڕەکە..t .. کڕینی.

i i → i — i i → i

دانانی ئەو جێناوانە لە ڕستەی(32-ب، 33-ب، 34-ب)دا ( ش،ش، ی) لە سەر کردارەکان بە کۆپیکردن دادەنرێت.

### 4-5-1-1/3) قرتاندنی کەرەستە لە ڕستەی نادەسادا

#### أ) کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕستەی لێکدراودا

هەموو کەرەستە بەتاڵەکانی ڕستەی لێکدراو بە pro ی بچووك ئاماژەیان پێدەکرێت، کەلەمەودای دەسەلآتەکەیاندا ئازادن، ئەگەر بکەر بێت یان هەرکەرەستەیەکی تری ڕستە، دەبێت هاونیشانە بێت لەگەڵ کەرەستەیەکی تری ڕستەکەدا[3].

---

1 چاوپێکەوتنی محەمەد مەحویی 2010/6/27.

2 دیار علی (67:2002).

3 ڤیان سلێمان (165:2006)

له ڕستەی لێکدراویشدا چەند کەرەستەیەك دەقرتێنرێت لەوانە :

**1)– قرتاندنی بکەر :** واتە لابردنی فرێزی ناوی بەمەرجێك لەگەڵ ڕستەی پێش خۆیدا هاویشانە بێت، ئەم کەرەستەیە لە ئاستی قووڵدا بوونی هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا دەرناکەوێت و لەکەس و ژمارەدا لەگەڵ بکەری ڕستەکەی تردا ڕێککەوتووە، (لەڕستەی لێکدراودا کەتیگۆریە دووبارەکان دەقرتێنرێن. جێکەوتە بە تاڵەکان لەلایەن سەرە ڕێزمانیەکانی خۆیانەوە حوکمدەکرێن. دەرنەبڕینی بکەری دووبارە لە ڕستەی لێکدراودا بەدانانی pro چارەسەردەکرێت)[1].بڕوانە(35–37).

35– ئازاد حەزش جەماساوێنەو pro قینیش جەگۆشتییەنە. SS

ئازاد حەزی لەماسییە و pro رقی لە گۆشتە. SS

36– ئازاد حەزش جە ماساوێنەو ئازاد قینیش جە گۆشتییەنە. DS

ئازاد حەزی لەماسییە و ئازاد رقی لە گۆشتە. DS

37– گلارە حەزش جە وێنە کێشتەیاوpro حەزش جە گۆرانیێ نیا. SS

گلارە حەزی لە وێنەکێشانە و pro حەزی لە گۆرانی نییە. SS

**3)– قرتاندنی بەرکار**

قرتاندنی بەرکار لە ڕستەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکەدا، دروستەکە بەرەو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دەبات، چونکە بەرکارەکە لە ناو دروستەی کرداردایەو نیشانەکان لەبەرکاری ڕستەی یەکەمەوە وەردەگرێت. بڕوانە(ڕ38).

38– ئادَ هەنارەکێش ئەسێو pro واردێش. ئەو هەنارەکانی کڕی و pro خواردنی.

لە ڕستەی (38)دا ( واردێش) وەك دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دەرکەوتووە، کە کلیتیکی بکەری (–ش) و بەرکاری (–ێ–) بە کردارەکەوە لکاون.

بەرکارە دەرنەبڕاوەکە لە ڕستەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکەدا دۆخی ڕێزمانیی لە ئاستی قووڵدا وەرگرتووە، پاشان بۆ ئاستی ڕووکەش گوازراوەتەوە [2].

1 عەبدولجەبار مستەفا (2009:83)

2 سەرچاوەی پێشوو ل 83

**4)- قرتاندنی کردار**

لە ڕستەی لێکدراودا یاسایەکی تر هەیە بەناوی یاسای ( شەق/کەلێن) جێبەجێدەکرێت، کە لە بەشی دووەمی ڕستە لێکدراوەکەدا کرداروئەو مۆرفێمانەی کە پێویستی پێیەتی دەقرتێنرێن[1]. بڕوانە ( 40،39).

39- من حەزم جە دارستانیاو ئادَیچ جە کەشوکۆی. SS

من حەزم لەدارستانەو ئەویش لە شاخ وداخ.

40- من حەزم جەدارستانیاو ئادَیچ حەزش جە کەشوکۆی. DS

من حەزم لە دارستانە و ئەویش حەزی لە شاخ وداخە.

بەڵام بۆ خۆلادان لە دووبارەکردنەوە، کردارێك دادەنرێت و ئەویتر دەقرتێنرێت، چونکە سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکان (بکەر بەرکار کردار)ە، تەنها ئەوەی کۆتایی دەمێنێتەوە، بەڵام کلیتیکی کەسی ڕستەکان بۆ کەسە کۆکان دەگۆڕێت، بەمەبەستی ڕێککەوتنی بکەر و کردار لەڕستەدا.

هەروەها ئەگەر بەرکاریش لە چەند ناوێك پێکهاتبوو، ئەوا بەهەمان پێڕەو ئەو ناوانە یەك کردار پێکیانەوە دەبەستێت، هەمان کرداریان بەسەردا جێبەجێکراوە[2]. بڕوانە(41).

41- من سەردار و سیروانی مشناسوو. من سەردار و سیروان دەناسم.

لە بناغەدا (1) من سەرداری مشناسوو. من سەردار دەناسم.

(2) من سیروانی مشناسوو. من سیروان دەناسم.

بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا ئەم دوو ڕستەیە یەکدەگرن بەمەبەستی ئابووریکردن لە زماندا. ئەوەی لە جێکەوتەی یەکەمدایە بۆ ئەوەیە لە ڕستەی تازەدا لە جێکەوتەی بنجی خۆیدا بێت، هەروەها کرداری کۆتاییش دەمێنێتەوە لەبەر هەمان هۆ، کە ڕستەی ئەم زارە لە (بکەر بەرکار کردار) پێکهاتووەو زارێکی سەرکۆتاییە. بڕوانە(42).

(ناو، ناو) (ڕستە وڕستە) کە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) لێکدەدرێن. دەتوانرێت هەمان کرداریان هەبێت، چونکە هەمان ئەرکیان لە ڕستەدا هەیە[3].

---

1 کاروان عومەر (33:2006)

2 وریا عومەر (147:1989)

3 وریا عومەر (1989:72-75)

42– سەما و گلارە وتيْ.                    سەما و گلارە نووستن.

لە بناغەدا ئەمە دوو ڕستەیە:

(1) سەما وتە.                    سەما نووست.

(2) گلارە وتە.                    گلارە نووست.

**ب) قرتاندن لە ڕستەی ئاوێتەدا[3]**

**1) قرتاندنی پارتیکڵی تەواوکەرانەی (کە) و (ئەگەر)ی مەرجی لە ڕستەی سەرجێناویدا**

لەم زارەدا لەبەر ئەوەی جێکەو تەی (comp) بە هەردوو پارتیکڵی تەواو کەر و مەرجی(کە/ئە گەر) پڕدەبێتەوە، کە ناوەڕۆکێکی سیمانتیکییان هە یە، دەتوانرێت بنووسرێت یان بقرتێنرێت، چونکە یا ساکە پێشێل ناکات[2] و پێکدادانی دۆخی ڕێزمانی ڕوونادات. بڕوانە(43–47).

43– ئاپیا [کە/comp] pro تو دیت،pro براما.

ئەو پیاوەی [کە/comp] pro تۆ بینیت،pro برامە.

44– ئاشارە [کە/comp] pro گو؟رەن، pro قەرەباڵغا.

ئەو شارە [کە/comp] pro گەورەیە، pro قەرەباڵغە.

45– ئاولاتیْ [کە/comp] pro وەشبێنی؟،pro فێنکینی؟.

ئەوولاتە [کە/comp] pro خۆشە، pro فێنکە.

46– [ئەگەر/comp] بووسی، pro بەرووت چنویْم.

[ئەگەر/comp] بخەوی، pro دەتبەم لەگەڵ خۆم.

47– [ئەگەر/comp] ئی هەرمانیْ تەمامنوو، pro ملووبەر.

[ئەگەر/comp] ئەم کارە تەواوکەم، pro دەچمە دەرەوە.

2 بڕوانە بەشی دووەم پاری دووەم ل 96

3 کاروان عومەر (35:2006)

## 2) ئامرازی لێکدەر

زۆرجار ئامرازە لێکدەرەکانی وەك ( چونکە،هەرپاسە، ئینجا، جگەچانەیە، تەنانەت، تومەز، پەی ئانەیە) لە ڕستەدا بوونیان هەیە دەشتوانرێت ئەم کەرەستانە بقرتێنرێن[1]. بڕوانە(48–55).
بکەری ڕستەی تەواوکەر قرتێنراوە.

48– من کتێبەکەی موانوٚ (ئینجا) pro مووسوو.
من کتێبەکە دەخوێنمەوە ئینجا pro دەخەوم.
49– ئادَ نامائێگە (چونکە) pro نەوەش بیْ.
ئەو نەهات بۆ ئێرە چونکەpro نەخۆش بوو.
50– تو نانت نەوارد (هەرپاسە) pro ئادْیچ.
تۆ نانت نەخوارد هەروەها pro ئەویش.
51– زاوڵەکە هیچ مەوەرو (جگە)جە pro شۆتی.
مناڵەکە هیچ ناخوات جگە لە pro شیر.
52– ئادَە هیچ مەکەرو (جگەچانەیە) pro کەهەرقسیْ کەرۆ.
ئەو هیچ ناکات جگە لەوەی pro کە هەر قسە دەکات.
53– ئازاد هیچ گۆشتیْو مەوەرو (تەنانەت) pro کەرگێچ.
ئازاد هیچ گۆشتێك ناخوات تەنانەت proمریشکیش.
54– نەسرینە ملوْ پەی ملْکی (پەی ئانەیە) pro وەزی بارو.
نەسرین ئەروات بۆ باخ بۆ ئەوەی pro گوێز بێنێت.
55– ئادَە نیْوچنیم (تومەز) pro نەوەشەنە.
ئەو نەدەهات لەگەڵم تومەز نەخۆشە.

هەریەك لە ڕستەکانی(48–55) نەك هەر تەنها دەتوانین ئامرازە لێکدەرەکە بقرتێنین، بەڵکو دەتوانین بکەری ڕستە سەرەکییەکەو بکەری ڕستە تەواوکەرەکەش بقرتێنین. واتای ڕستەکەش واتا دروست دەبێت، چونکە زمانی کوردی لە زمانە بکەر خراوەکانە، کە کلیتیکی بکەری بە کردارەوە دەلکێت. بڕوانە(56–58).

56– pro کتێبەکەی موانوٚ، pro مووسو . pro کتێبەکە دەخوێنێتەوە، pro دەخەوێت.

1 بەکر عومەر عەلی (1992:36–44)

57- pro  نامائیگە، pro نەوەش بی.          pro نەهات بۆ ئێرە، pro نەخۆش بوو.

58- pro  نانت نەوارد، pro ئادَیچ.          pro نانت نەخوارد، pro ئەویش.

قرتاندنی بکەر لە هەریەك لە ڕستەکانی(56- 58) دا ڕێگەپێدراوە، چونکە زارەکە زارێکی بکەر خراوەو، بکەر و کرداریش هاو نیشانەن.

### 3) بوونی جووتە ئامراز

ئەو ئامرازانەن کە بەیەك جۆر لە ڕستەی ئاوێتەدا دووبارە دەبنەوە، وەك (یا...یا، نە...نە، هەم..هەم، ....هتد) لەگەڵ ئەم ئامرازانەدا قرتاندن دێتە ئاراوە. بڕوانە(59-61).

کردار لە ڕستەی تەواوکەردا قرتێندراوە

59- یا ئیسە ملوو پەی زانکو□ی یا سەعبێو∅.          یا ئێستا دەچم بۆ زانکۆ یا بەیانی∅.

60- نە ئادَامش ئاوردە نە مەتییەم∅.          نە دایکمی هێنا و نە پوورم∅.

61- هەم زەریفەبیْ هەم زیرەکە∅.          هەم جوان بوو هەم زیرەك∅.

لە ڕستەی(59-61)دا کە جووتە ئامرازەکانی تێدایە، ڕێگە بە قرتاندنی کردارەکان لە ڕستەی دووەمدا دەدرێت.

ئەم قرتاندنانە بۆ پۆلە ئەرکییەکانی تریش گونجاوە، وەك قرتاندنی بکەر[1]. بڕوانە( 63،62)

62- یا ئاوی موەروو یا ساردی∅.          یا ئاو دەخۆمەوە یا ساردی∅.

63- نە هیزی یانەم پاکەردەنۆ نە ئارۆچ∅∅.          نە دوێنێ ماڵم پاککردۆتەوە نە ئەمڕۆش ∅∅.

لە ڕستەی (62)دا بکەر و کردار قرتێندراون، بەلاّم لە ڕستەی(63)دا بکەروبەرکاروکرداریش قرتێندراون.

### 4) قرتاندن لە ڕستەی سەرجێناویدا

قرتاندن لەم جۆرە ڕستانەدا دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە ڕستەی سەرجێناوی لە چەشنی (بەستراوەیە). واتە گواستنەوە تیایدا ڕوونادات. بەپێی یاسای گێڕانەوە و کورتکردنەوەی ڕستەی سەرجێناوی، ئەمجۆرە ڕستەیە دەتوانرێت کورت بکرێتەوەو بکرێتە فرێز[1]. بڕوانە( 64-67).

---

1 بەکر عومەر عەلی (1992:18)

64– ئا کەسیْ، کە pro ئازێنی،pro جەمەردەی مەتەرسا.　　　DS
i　　　i　　　i　　　i
ئەو کەسانەی، کە pro ئازان، pro لە مردن ناترسن.

65– کەسی ئازا، جەمەردەی مەتەرسو.　　　SS
کەسی ئازا، لە مردن ناترسێت.

66– ئا کوڕە، کە pro زیرەکە، pro هامسامانا.　　　DS
i　　　i　　　i　　　i
ئەو کوڕەی، کە pro زیرەکە، pro دراوسێمانە.

67– کوڕی زیرەك هامسامانا.　　　SS
کوڕی زیرەك دراوسێمانە.

هەر یەك لە ڕستەی(64 ، 66) کورتکراوەی هەریەك لە ڕستەکانی (65 ، 67)ن لە شێوەی فرێزدا ناوەکان کورتکراونەتەوە.

---

2 کاروان عومەر (34:2006)

## 2/3) ئەرگەتیڤی

ئەرگەتیڤی زاراوەیەکی زمانەوانی و وشەیەکی یۆنانیە[1] ( ergatës ) واتەی ئەوەی کاردەکات، کە لە کوردیدا وشەی کارای بۆ دانراوە. ئەو باروحاڵەتە سیمانتیکییەیە، کە بکەر دەبێتە جێبەجێبکەری کردەی کردار بەمەش (کارا) دەبێتە سەرناوی ئەمجۆرە گۆکردنە، کە ئەو دۆخە زیندووەیە کە ئەم( animate )ە کە بەکردارێك هەڵدەسێت یان ڕووداوێك بە ئەنجام دەگەیەنێت[2]. بڕوانە( 68).

68- سیروانی بەرەکەش کەردۆ. سیروان دەرگاکەی کردەوە.

لە ڕستەی(68)دا (سیروان) هەم بکەرە هەم جێبەجێکەری کردەی کردارەکەیە، بەمەش رۆڵی(کارا) وەردەگرێت.

جیاوازی بکەر و کارا بەگشتی لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:-

1-بکەر زیاتر مەبەست لێی ئەو پێکهاتەیەیە،کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەگەڵ کردار دا لە ( کەس و ژمارە و توخمدا) ڕێکدەکەوێت. بڕوانە(69).

69- ئادَە وتــە . ئادَی وتی.

ڕێککەوتن لەکەس وژمارەوتوخمدا ڕێککەوتن لەکەس وژمارەدا

2- هەموو کارایەك بکەرە، بەڵام مەرج نییە هەموو بکەرێك کارابێت، چونکە بکەر زیاتر شیکردنەوە بۆ گۆکردنە ڕێزمانییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەکات، بەڵام (کارا) زیاتر شیکردنەوە بۆ گۆکردنە واتاییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەکات.

3- بنەمای هەرە گرنگ لە کارادا ئەوەیە کە دەبێت زیندووبێت و توانای کارکردنی هەبێت، بەڵام مەرج نییە بکەر زیندووبێت و توانای کارکردنی هەبێت. بڕوانە(70-أ،ب).

---

1 مزگێن عبدالرحمن (5:2006).

2 یوسف شریف سعید (9:1990)

70–أ: کاوە ئاما.                    کاوە هات.
کارا
70–ب: پەنجەرەکە مەڕیا.                    پەنجەرەکە شکا.
بکەر

بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵێك لە زمانە هندوئەوروپییەکان، ئەوانەی کە سەر بە زمانە هندوئێرانییەکانن، پێکهاتەی ئەرگەتیڤییان هەبووە و پەرەیان پێداوە، کە لە هەندێك تاق کرداردا بکەری کرداری تێنەپەڕو بەرکار و کارای کرداری تێپەڕ نیشانەی جیاوازیان وەرگرتووە[1].

هەرچەندە تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە، کە ئایا چ زمانێك ئەرگەتیڤی ڕەهای هەبێت، جگە لە زمانی باسك، بەڵام (مۆراڤیسك) دەڵێت: (کە هەموو زمانەکان هەندێك شێوازو چەشنی ئەرگەتیڤی بکەر و بەرکارییان تێدایە)[2].

(Trask) زمانە ئەرگەتیڤییەکان بە پێی چەند خاسییەتێك، بۆ دوو گرووپ جیادەکاتەوە، وەك:

گرووپی یەکەم:– ئەگەر ڕێککەوتنی کردار هەبێت، واتە کردارەکە لەگەڵ بەرکاردا لە کەس و ژمارەدا ڕێکبکەوێت، بەهەمان شێوەی گونجاندنی لەگەڵ بکەری کرداری تێنەپەڕدا، بەڵام لەگەڵ بکەری کردارێکی تێپەڕدا ڕێکەوتنەکە جیاوازە.
ئەرگەتیڤەکە لەگەڵ هەموو تاف و ڕووکارەکاندا بەیەکسانی بەکاردێت، واتە کاتێك زمانێك ئەرگەتیڤ دەبێت لە ژێر ڕکێفی بەرکاردابێت وەك لە زمانەکانی (ئوستڕالیا، زۆربەی زمانەکانی باشووری ئەفەریقا..هتد).

گرووپی دووەم:– ئەگەر کردارو بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبێت، تەنها لە ژمارەدا نەك کەس کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەردا دەگونجێت وەك زمانەکانی ( کوردی، فارسی کۆن، ئەرمەنی کۆن...هتد)[3].
بۆ گەیشتن بەو ڕاستییەی کە ئایا شێوەزاری هەورامی خاوەنی دۆخی ئێرگاتیڤییە یاخود نا، دەبێت چەند تاقیکردنەوەیەك بخەینە بەرچاو وەك ئاماژە پێکراوێك نەك وەك دەرئەنجامێك، چونکە ئەم تاقی کردنەوانە هەلی یەکسانبوونیان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان نییە ، تەنانەت لەو زمانانەشدا کە ئێرگەتیڤی تەواون.

**چەند ڕێسایەك دەخەینەڕوو بۆ سەلماندنی تاقیکردنەوەکانمان ئەوانیش:**

---

Theodora Bynon (1979:211) 1
Robyn C. Friend (1985:1) 2
B.George Hewitt (1995:222) 3

1)- ئەرگەتیڤی پێکهاتەیەکی سینتاکسییە کە تیایدا بکەری کردارێکی تێنەپەڕو بەرکاری کردارێکی تێپەڕ بەهەمان شێوە مامەڵە دەکرێن ( واتە هاونیشانەن)، هەردوکیان لە بکەری کردارێکی تێپەڕ جیاوازن[1].

2)- ڕێککەوتنی بکەری کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ کرداردا.

3)- ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار لە کرداری تێپەڕی رابردوودا.

4)- ڕێککەوتنی بەرکار و کردار لە کرداری تێپەڕی رابردوودا.

5)- ڕێککەوتنی بکەر و کردار لە کرداری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا.

6)- ڕێککەوتنی بکەر و کردار لە ڕستە فەرمانییەکاندا.

7)- ڕێککەوتنی بکەری ڕێزمانی و کردار لە ڕستە بکەر نادیارەکاندا.

8)- لە هەر زار و زمانێکدا بەرکار توانی جێگەی بکەر پڕبکاتەوە، ئەگەر جێکەوتەی کردار لە نێوان بکەر و بەرکار دا بوو بۆ کردارە تێپەڕەکان، ئەوا ئەرگەتیڤین.

9)- ئەگەر کارا جێناوی سەربەخۆبوو، توانرا مارکە(نیشانە) بکرێت، بەڵگەی بوونی ئەرگەتیڤییە.

10)- ئەو کلیتیکانەی دەبنە بەرکار و بکەر جیاوازبن لە و کلیتیکانەی کە دەبنە کارا، ئەوا بوونی ئەرگەتیڤی دەسەلمێنێت.

## 1-2/3) ئەرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی

دۆخی بکەر لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە، وەك لە زمانی گورجیدا هەیە، کە دۆخی بکەری تێدایە، کە بکەری کرداری تێپەڕ لەگەڵ بەرکاردا ، بە پێی ڕێسای ژمارە (3) ڕێکدەکەوێت ، بڕوانە (71-أ،ب).

71-أ: من تو□م کیاستی .		من تۆم نارد.

71-ب: ئادَ منش کیاستانی□.		ئەو منی نارد.

لە ڕستەی (71-أ،ب) دا، بکەر و بەرکار ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها رێککەوتنی بەرکار و کرداریش بەرچاو دەکەوێت، کە بکەر لە ڕستەی (71-أ)دا بکەر کەسی یەکەمی تاکە، بەرکاریش کلیتیکی کەسی یەکەمی لەسەر دەرکەوتووە، کە (-م)ە، لە ڕستەی (71-ب)دا بکەر کەسی سێیەمی تاکە،

---

1 Andres Holmberg and david Odden (2004:152)

بەرکاریش کلیتیکی بکەری لەسەر دەرکەوتووە. د.وریاش ئەو زمانانە بە ئەرگەتیڤی دادەنێت، کە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کرداردا[1] بە پێی رێسای ژمارە(4) هەیە ، بڕوانە(72، 73).

72- من کورەکێم بەردیْ.
ڕێککەوتن لەکەس و ژمارەدا.
73- من ئادَیشا بەریْنیْ.
ڕێککەوتن لەکەس و ژمارەدا.

کەواتە ڕستەکانی (72،73) ڕێساکانی ژمارە( 3،4 ) یان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، کە لەلایەك بکەر و بەرکار ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها بەرکار و کرداریش ڕێککەوتن لە نێوانیاندا لە کەس و ژمارەدا هەیە.

(Keenan ) سێ خاسیەتی کۆدکردنی خستۆتەڕوو، فرێزە ناوییەکانیشی دەستنیشان کردووە، کە دەتوانرێت ئەو خاسیەتانە وەك بەلگەیەك بۆ بوون و دەستنیشانکردنی ئەرگاتیڤی مۆرفۆلۆژی، بەکاربهێنرێت ئەوانیش[2].

1- شوێن یاخود ڕیزبەندی کەرەستەکان.
2- مارکە لێدان.
3- ئەگریمێنت لەگەڵ کرداردا.

## 1-1-2/3) شوێن یاخود ڕیزبەندی کەرەستەکان Place or Word order :

ئەگەر ڕیزبەندی فرێزە ناوییەکان، چ وەك بکەر یاخود وەك بەرکار هەمان جێکەوتەیان هەبوو بە بەراورد لەگەڵ کرداردا بە پێی رێسای ژمارە (8)، هەروەها ئەگەر کارا لە جێکەوتەی تردا بوو، واتە (کارا کردار بەرکار ) بۆ کردارە تێپەڕەکان، (بکەر کردار ) بۆ کردارە تێنەپەڕەکان، ئەم ڕیزبوونەش بەلگەی بوونی ئەرگەتیڤییە لە زماندا، لە شێوەزاری هەورامیدا ڕێککەوتنی بکەر و کرداری تێنەپەڕ هەیە،بڕوانە( 74-أ ،ب).

---

[1] وریا عومەر (1982:16-19)

Robyn C. Friend (1985:1) 2

74–أ: زاوڵەکە وت.                    منداڵەکە نووست.

74–ب: تو وتی.                    تۆ نووستیت.

کاتێك کرداریش بکەوێتە نێوان (بکەر و بەرکار)ەوە ئەوا بەپێی ڕێسای (ژمارە 8) بەڵگەی بوونی ئەمجۆرە ئەرگەتیڤییە لە زماندا، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی کوردی ( شێوەزاری هەورامی) زمانێکی سەرکۆتاییە، واتە کردار سەری حوکمکەرە و لە کۆتایی ڕستەدا دەردەکەوێت( بکەر بەرکار کردار )، واتە ئەمجۆرە ئەرگەتیڤییەش لە زارەکەدا نییە.

## 2–1–2/3) مارکە لێدان Case Marking

سێ چەشن لە مارکە لێدان هەن:

أ- **دۆخی سەرکۆتاCase Ending**: لە سیستەمی ئەرگەتیڤی ڕەهادا ( بکەر و بەرکار ) هەمان دۆخییان هەیە ( کە بکەر نیشانەی نییە، بەڵام بەرکار و کارا نیشانەیان لە هەندێك باردا لەسەرە)[1]، بەڵام کارا نیشانەیەکی جیاوازی هەیە، کە ئەرگەتیڤییە[2].

لە شێوە زاری هەورامیدا، کرداری ڕانەبردوو کارا هیچ نیشانەیەکی دۆخی ئەرگەتیڤی بکەر/کارایی نییە، بەڵام لەکرداری ڕابردوودا دۆخی ئەرگەتیڤی لە ئێستای زارەکەدا دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی سەرپشکییە. بڕوانە(75،76)، بەڵام بەرکار ئەگەر ( ناوی تایبەتی، ناوێکی ناسراو، کەسی سێیەمی تاك) بوو،نیشانەی دۆخ وەردەگرێت. بڕوانە(77،78).

| | | |
|---|---|---|
| 75– ئازاد نامە منویسو. | ئازاد نامە دەنووسێت. | کرداری ڕانەبردوو. |
| 76– ئازاد/ئازادی نامەش نویست. | ئازاد نامەی نووسی. | کرداری ڕابردوو. |
| 77– ئەدَاش سیروانی بەروْ. | دایکی سیروان دەبات. | کرداری ڕانەبردوو. |
| 78– من کوڕەکەی ئەژناسێنیْ. | من کوڕەکەم دەناسی. | کرداری ڕابردوو. |

1 بڕوانە بەشی یەکەم پاری دووەم ل 18

2 Robyn C. Friend (1985:2)

له ڕستەی(77،78)دا، بەرکار نیشانەی دۆخ(–ی)ە وەردەگرێت. لەڕستەی(77)دا (سیروان) کە ناوێکی تایبەتییە نیشانەی دۆخی وەرگرتووە ،لە ڕستەی(78)دا (کوڕەکە) کە ناوێکە ناسراوە نیشانەی دۆخی وەرگرتووە.

هەرچەندە ئێستا ئەم دۆخە بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات، بەڵام دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ڕستەی واتا نادروست بەرهەم ناهێنێت، وەك لە رستەی (76) دا دیارە. بە پێی رێسای ژمارە(1)، لە ڕستەی(75)دا دیارە لە کرداری ڕانەبردوودا کارا هیچ جۆرە نیشانەیەکی لەسەر نییە، بەڵام لە ڕستەی(76)دا نیشانەی (ی) لەسەر کارا دەرکەوتووە، ئەمەش بەپێی رێسای ژمارە( 1 ) نیشانەی دۆخی ئەرگەتیڤییە لە زارەکەدا بۆ کرداری ڕابردوو (جگە لە ڕابردووی بەردەوام، کە کردارەکە بە هەمان شێوەی کرداری ڕانەبردوو گەردان دەکرێت).

## ب- **مارکەکردنی جێناو Markedness of Pronoun**:

لە سیستەمی ئەرگەتیڤ/ئەپسولوتیڤ(ergative/absolutive)دا جێناوی نیشانەکراویش هەیە، وەك لە زمانی تاتی(Tati) و زمانە ئێرانیەکانی تردا بەرچاو دەکەوێت[1]. لەم سیستەمەدا ئەگەر بکەر و بەرکار جێناوبن، ئەوا مارکەناکرێن، بەڵام ئەگەر کارا جێناوە کەسییەکان بوو، ئەوا مارکە دەکرێت[2].

لە شێوەزاری هەورامیدا کارا و بکەریش، ئەگەر جێناوبوون، ئەوا مارکە ناکرێن، تەنها کەسی سێیەمی تاك نەبێت بۆ نێر کە مارکە دەکرێت، لە کردارە ڕابردووە تێپەڕەکاندا، بە پێی ڕێسای ژمارە (9)، بڕوانە(79–84).

| | |
|---|---|
| 79– من نامەم نویست. | من نامەم نووسی. |
| 80– تۆ نامەت نویست. | تۆ نامەت نووسی. |
| 81– **ئادَێ نامەش نویست.** | ئەو نامەی نووسی. |
| 82– ئێمە نامەما نویست. | ئێمە نامەمان نووسی. |
| 83– شمە نامەتا نویست. | ئێوە نامەتان نووسی. |
| 84– ئادَێ نامەشا نویست. | ئەوان نامەیان نووسی. |

---
1 Mackenzie see www.kurdishacademy.org/?q=note/377
2 Robyn C. Friend (1985:2)

له ڕستەی (87)دا (ی) مارکەی جێناوی کەسی سێیەمی سەربەخۆیە بەپێی ڕێسای ژمارە(9) وەك ئەرگەتیڤی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام بۆ کەسەکانی تر ئەم دیاردەیە بەرچاوناکەوێت وەك لە نموونەکانی (79– 84 جگە لە( 87) کە نیشانەی دۆخی وەرگرتووە، چونکە کەسی سێیەم لەم بارەدا وەك ناوێکی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت).

## پ– کلیتیك Markedness of clitics :

کلیتیك ئەو پێکهاتانەن، کە بەتەنها بوونیان نییە، دەبێت بدرێنەپاڵ پێکهاتەی تر لە ڕستە، دەبنە کلیتیکی لکاو بەکردارەوە، کەئەرکی دەرخستنی پەیوەندی بکەر وکردار یاخود بەرکار وکردار یاخود کاراو کردار بەپێی ڕێسای ژمارە(10) وەردەگرن[1].

لەزمانێکدا ئەگەر ئەو کلیتیکانەی دەبنە بەرکار و بکەر جیاوازبن لەو کلیتیکانەی کە دەبنە کارا، ئەوا ئەو زمانانە ئەم جۆرە ئەرگەتیڤیەیان هەیە[2].

هەرچەندە لە شێوەزاری هەورامیدا پێنج کۆمەڵ لە کلیتیکەکان هەن، بڕوانە (1/2)، ئەم کلیتیکانە لە ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا ڕۆڵ دەبینن، هەمان ئەو کلیتیکانەی کە بکەرین دەبنە کلیتیکی کارایش،بڕوانە(ڕ 85–ا،ب)[3].

85– أ: ئادَیْ ئامیّ. ئەوان هاتن.

88–ب: پەنجەرەکیْ مەڕییّ. پەنجەرەکان شکان.

له ڕستەی (85–أ،ب)دا (یّ) کلیتیکی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، کە لەڕستەی (85–أ)دا بۆ کارا دەگەڕێتەوەو لە ڕستەی (85–ب)دا بۆ بکەر دەگەڕێتەوە، کەواتە هەمان کلیتیك ڕۆڵ لە بکەر و کاراشدا دەبینێت، ڕێسای ژمارە (10)ی بەسەردا جێبەجێنابێت، کە کلیتیکەکانی بکەری وکارایی جیاوازبن. ئەم زارە ئەم جۆرە ئەرگەتیڤییە نایگرێتەوە.

بۆ دەرخستنی جیاوازی کلیتیکەکان لە بکەر/ کارا و بەرکاریدا بەپێی تاف و هێزی کردارەکان، چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:–

---

1 تارا محسن (70:2004)

2 Robyn C. Friend (1985:3)

3 فەرەیدوون عبدول (15:1998)

**أ- کرداری ڕابردووی سادەی تێپەڕ.**

86- ئادَ منش کیاستا. ئەو منی نارد.

87- ئادَ توْش کیاستی. ئەو تۆی نارد.

88- ئادَ ئادَش کیاست. ئەو ئەوی نارد.

89- ئادَئێمه ش کیاستیمیْ. ئەو ئێمەی نارد.

90- ئادَ شمەش کیاستیدیْ. ئەو ئێوەی نارد.

91- ئادَ ئادَیْش کیاستیْ. ئەو ئەوانی نارد.

لە نموونەکانی (86-91)دا کلیتیکی کارایی (کۆمەڵەی یەکەم) بەبەرکارەکانەوە لکاوە، کلیتیکی بەرکاریی (کۆمەڵەی چوارەم)یش بەکردارەکانەوە لکاون.

**ب- کرداری ڕابردووی سادەی تێنەپەڕ.**

92- من وتا. من نووستم.

93- تو وتی. تۆ نووستی.

94- ئادَ وت. ئەو نووست.

95- ئێمه وتیمیْ. ئێمە نووستین.

96- شمه وتیدیْ. ئێوە نووستن.

97- ئادَ یْ وتیْ. ئەوان نووستن.

لەنموونەکانی (92-97)دا کلیتیکی کارایی (کۆمەڵەی چوارەم) بە کردارەکانەوە لکاون.

**پ- کرداری ڕابردووی نزیکی تێپەڕ.**

98- ئادَ منش کیاستەنا. ئەو منی ناردووە.

99- ئادَ توْش کیاستەنی. ئەو تۆی ناردووە.

100- ئادَ ئادَش کیاستەنØ. ئەو ئەوی ناردووە.

101- ئادَ ئێمه ش کیاستیْنمیْ. ئەو ئێمەی ناردووە.

102- ئادَ شمەش کیاستیْندیْ. ئەو ئێوەی ناردووە.

103- ئادَ ئادَیْش کیاستیْنیْ. ئەو ئەوی ناردووە.

له نموونەکانی (98–103)دا کلیتیکی کارایی (کۆمەڵەی یەکەم) بە بەرکارەوە لکاوە، بەڵام کلیتیکی بەرکاری ( کۆمەڵەی پێنجەم) بە کردارەوە لکاوە.

**ت – کرداری ڕابردووی نزیکی تێنەپەڕ.**

| | |
|---|---|
| 104– من وتەنا. | من نوستووم. |
| 105– تۆ وتەنی. | تۆ نوستوویت. |
| 106– ئادَ وتەنØ. | ئەو نوستووە. |
| 107– ئێمە وتێنمیْ. | ئێمە نوستووین. |
| 108– شمە وتێندیْ. | ئێوە نوستوون. |
| 109– ئادَی وتێنیْ. | ئەوان نوستوون. |

له نموونەکانی (104–109)دا کلیتیکی کارایی (کۆمەڵەی پێنجەم) بەکردارەوە لکاوە.

**ج– کرداری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ.**

| | |
|---|---|
| 110– من ئادَی کیانێنیْ. | من ئەوم دەنارد. |
| 111– تۆ ئادَی کیانێنی. | تۆ ئەوت دەنارد. |
| 112– ئادَ ئادَی کیانیØ. | ئەو ئەوی دەنارد. |
| 113– ئێمە ئادَی کیانێنمیْ. | ئێمە ئەومان دەنارد. |
| 114– شمە ئادَی کیانێندیْ. | ئێوە ئەوتان دەنارد. |
| 115– ئادَیْ ئادَی کیانێنیْ. | ئەوان ئەویان دەنارد. |

**چ– کرداری ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ.**

| | |
|---|---|
| 116– من وسێنیْ. | من دەنووستم. |
| 117– تۆ وسێنی. | تۆ دەنووستی. |
| 118– ئادَ وسیØ. | ئەو دەنووست. |
| 119– ئێمە وسێنمیْ. | ئێمە دەنووستین. |

120– شمە وسێندێ. ئێوە دەنووستن.

121– ئادَێ وسێنێ. ئەوان دەنووستن.

لە نموونەکانی (110–120)دا کلیتیکی کارایی (کۆمەڵەی سێیەم) بە کردارەوە دەلکێت، بەڵام وەک دیارە لە کرداری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕدا، بکەر کلیتیك بە بەرکار نابەخشێت، بەڵکو بە کرداری دەبەخشێت، چونکە بەرکار مۆرفیمی دۆخی لەسەرە[1]. بەرکار لەو بارانەدا مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، کە مۆرفیمی دۆخ و کلیتیکەکان بەپێی یاسای دابەشکردنی تەواوکەرانە، یەکێکیان بەکەرەستەکانەوە دەلکێت. واتە لە پەیوەندی هەمبەریدان.

ح– **کرداری ڕابردووی دووری تێپەڕ.**

121– ئادَ منش کیاستەبێنێ. ئەو منی ناردبوو.

122– ئادَ تۆش کیاستەبێنی. ئەو تۆی ناردبوو.

123– ئادَ ئادَش کیاستەبێ∅. ئەو ئەوی ناردبوو.

124– ئادَ ئێمە ش کیاستێبێنمێ. ئەو ئێمەی ناردبوو.

125– ئادَ شمەش کیاستێبێندێ. ئەو ئێوەی ناردبوو.

126– ئادَ ئادَێش کیاستێبێنێ. ئەو ئەوانی ناردبوو.

لە نموونەکانی (121–126)دا، کلیتیکی کارایی ( کۆمەڵەی یەکەم) بە بەرکاراوە لکاوە و هەروەها کلیتیکی بەرکاری (کۆمەڵەی سێیەم)یش بە کردارەوە لکاوە.

خ– **کرداری ڕابردووی دووری تێنەپەڕ.**

127– من وتەبێنێ. من نوستبووم.

128– تۆ وتەبێنی. تۆ نوستبوویت.

129– ئادَ وتەبێ∅. ئەو نوستبوو.

130– ئێمە وتێبێنمێ. ئێمە نوستبووین.

131– شمە وتێبێندێ. ئێوە نوستبوون.

132– ئادَێ وتێبێنێ. ئەوان نوستبوون.

1 بڕوانە بەشی یەکەم پاری دووەم ل 18–20

له نموونەکانی (127–132)دا کلیتیکی کارایی ( کۆمەڵەی سێیەم) بەکردارەوە لکاون.

**د– کرداری دەمی ئاخاوتن.**

لە شێوەزاری هەورامیدا دەمی ئاخاوتن تافێکی تایبەت بەم زارەیە، کەبەواتای ڕوودانی کردارەکەیە لەو دەمەی کە قسەکەر قسەی تێدا دەکات. بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕیش (کۆمەڵەی دووەم) وەك کلیتیکی کارایی بەکردارەوە دەلکێن. بڕوانە(133–138).

133– من ئادَی کیانای کیانوو.     من ئەو دەنێرم.

134– تۆ ئادَی کیانای کیانی.     تۆ ئەو دەنێریت.

135– ئادَ ئادَی کیانای کیانوْ.     ئەو ئەو دەنێرێت.

136– ئێمە ئادَی کیانای کیانمیْ.     ئێمە ئەو دەنێرین.

137– شمە ئادَی کیانای کیاندیْ.     ئێوە ئەو دەنێرن.

138– ئادَیْ ئادَی کیانای کیانا.     ئەوان ئەو دەنێرن.

**ر– کرداری دەمی پاش ئاخاوتن.**

بۆ کرداری دەمی پاش ئاخاوتنیش بەهەمان شێوە (کۆمەڵەی دووەم) وەك کلیتیکی کارایی بە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە دەلکێت، بەڵام بۆ دەمی پاش ئاخاوتن، ڕەگی کردارەکە(کیان) دووبارە ناکرێتەوە. بڕوانە(139)، بۆ کەسەکانی تریش بەهەمان شێوەی نموونەکانی (134–138).

139– من ئادَی کیانوو.     من ئەو دەنێرم.

| کلیتیکی بکەری/کارایی | کلیتیکی بەرکاری | تافی کردارەکان |
|---|---|---|
| کۆمەڵەی یەکەم | | ڕابردووی سادە، نزیك،دووری تێپەڕ |
| کۆمەڵەی دووەم | | ڕانەبردووی دەمی ئاخاوتن (تێپەڕوتێنەپەڕ)<br>ڕانەبردووی دەمی پاش ئاخاوتن (تێپەڕوتێنەپەڕ) |
| کۆمەڵەی سێیەم ← | ← | ڕابردووی بەردەوام تێپەڕو تێنەپەڕ، ڕابردووی دووری تێنەپەڕ |
| | کۆمەڵەی سێیەم ← | ڕابردووی دووری تێپەڕ |
| کۆمەڵەی چوارەم | | ڕابردووی سادەی تێنەپەڕ |
| کۆمەڵەی پێنجەم ← | ← | ڕابردووی نزیکی تێنەپەڕ |
| | کۆمەڵەی پێنجەم ← | ڕابردووی نزیکی تێپەڕ. |

بەپێی ئەو نەخشەیەی خستمانەڕوو، کە دەرئەنجامی ڕستەکانە، بۆمان دەردەکەوێت کە کلیتیکی بەرکاری و بکەر/کارایی جیاوازنین، هەندێك لە کۆمەڵەکان ڕۆڵی بکەر/کارایی و بەرکاریش دەبینن، جگە لە کۆمەڵەی یەکەم و چوارەم کە تەنها ڕۆڵی بکەر/کارایی دەبینن و نابنە کلیتیکی بەرکاریی، کۆمەڵی دووەمیش تەنها وەك کلیتیکی بکەر/کارایی دەردەکەوێت.

هەریەك لە کرداری ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو، بەهەردوو جۆرەکەیەوە بەرکارکارەکانیان مۆرفێمی دۆخیان دەچێتەسەر، چونکە ئەگەر بەرکار ( ناوێکی تایبەتی، ناوێکی ناسراو، کەسی سێیەمی تاك) بوو مۆرفێمی دۆخ وەردەگرێت. کەواتە ڕێسای (ژمارە 10) بەسەر شێوەزاری هەورامیدا جێبەجێ نابێت، چونکە کلیتیکەکان ڕۆڵی بکەری و کاراییش دەبینن.

## 3–1–2/3)– ڕێککەوتنی کرداری verb Agreement

دیاردەیەکی ترە کە ڕۆڵی لە دیاریکردنی ئەرگەتیڤیدا هەیە. ئەگەر کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەر/کارا دا ڕێکبکەوێت و کرداری تێپەڕیش لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا ڕێکبکەوێت، ئەوا بەپێی ڕێسای ژمارە(1) دەکرێت بە نیشانەیەکی ئەرگەتیڤی دابنرێت.

ئەمجۆرە ئەرگەتیڤییە بەوە دەناسرێتەوە کە ڕێککەوتنی کرداری هەیە، لێرەدا بەرکاری کرداری تێپەڕو بکەری کرداری تێنەپەڕ لەکەس و ژمارەدا لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەون[1].

بەلای ( Moravisc )ەوە ڕێککەوتن ( agreement ) بریتیە لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی(A) لەگەڵ پێکهاتەیەکی تردا ڕێککەوتنی لە خاسیەتی (C)دا لە زمانی (L)دا هەیە، ئەگەر C بریتی بێت لە چەند خاسیەتێکی پەیوەندیدار بەواتاوە وە پەیوەندی لە نێوان C و خاسیەتە فۆنۆلۆژییەکانی B[2]دا هەبێت.

بەواتایەکی تر: ڕێککەوتن لە نێوان فرێزێکی ناوی و کرداردا لە کەس و ژمارەدا هەیە، ئەو کەس و ژمارەیە خاسیەتی فرێزەناویەکەن و پەیوەندی لە نێوان خاسیەتەکانی فرێزە ناویەکە و خاسیەتە فۆنۆلۆژییەکانی کلیتیکی B دا هەیە، کە دەچێتە سەر کردارەکە.

بۆ دیاریکردنی ڕێککەوتنی کرداری لەم شێوەزارەدا دەبێت سێ خاڵ ڕەچاوبکەین:–

---

1 Robyn C. Friend (1985:3)

2 سەرچاوەی پێشوو ل 5

1)– جۆری کلیتیکەکە.

2)– کلیتیکەکە چووەتە سەر کردار یاخود نا.

3)– ئەوحاڵەتانەی کە تیایاندا بەکارهێنانی کلیتیک پێویستە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، دەتوانین بڵێین کە پێنج کۆمەڵ لە کلیتیکەکان هەن، کە هەندێکیان بەکردارەوە دەلکێن هەندێکی تریان بەبەرکارەوە دەلکێن، پەیوەندی نێوان کردار و فرێزە ناوییەکان دروست دەکەن. هەر پێنج کۆمەڵەکە رۆڵیان لە رێککەوتنی بکەر و کردار لە لایەك و بەرکارو کرداریش لە لایەکی ترەوە هەیە. هەر یەك لە کۆمەڵەی ( یەکەم ودووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش) وەك کلیتیکی بکەری/ کارایی رۆڵیان بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەرکار و کرداردا هەیە، بەلاّم کۆمەڵەکانی سێیەم و پێنجەم وەك کلیتیکی بەرکاریش دەردەکەون[1]:–

أ– لەتافی ڕانەبردوو( تێپەڕ و تێنەپەڕ)دا، کلیتیك لەسەر کردارەکەیەو رێککەوتنی کردار و کارا دروست دەکات. بڕوانە(133– 139)

ب– لەتافی ڕابردوودا ( ئەگەر کردار تێنەپەڕ )بێت، ئەوا کلیتیك رێککەوتنی کردارو بکەر دەردەخات. بڕوانە(103–108، 115–120 وە 127–132).

پ– لەتافی ڕابردوودا ( ئەگەر کردار تێپەڕ )بێت، ئەوا کلیتیك رێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردایە. بڕوانە(120–126).

سەبارەت بە خاڵی دووەم ( کە ئایا کلیتیك دەچێتە پاڵ کردار) لە شێوەزاری هەورامیدا کلیتیکی کارایی و بەرکاریش دەچێتە پاڵ کردار. لە تافی ڕانەبردوودا کلیتیکی بکەر دەچێتە سەر کردار. بڕوانە(137–143)، لە تافی ڕابردووشدا (جگە لە ڕابردووی بەردەوام) کلیتیکی بکەری بە بەرکارەوە دەلکێت و کلیتیکی بەرکاریش بە کردارەوە دەلکێت. بڕوانە(85–95، 97–102 وە121–126).

سەبارەت بە خاڵی سێیەمیش کلیتیکی بکەری دەچێتە سەر بەرکار بڕوانە(85–90، 91–124،96–126) بکەری/کاراییش دەچێتە سەر کردار(بڕوانە 103–108، 109–114، 85–120، 127–132، 133–138).

بەپێی ئەوخالاّنەی کەلەسەرەوە باسکران، لەم شێوەزارەدا رێککەوتنی کرداری و نیشانەکانی ئەرگەتیڤی بە پێی ڕێساکانی ژمارە (2،3،4 ،5،6)هەیە[1].


---

1 بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فەرەیدوون عبدول (1998:14–21)

Robyn C. Friend (1985:6) 1

دەکرێت ئەرگەتیڤی وەها بناسرێتەوە، کە نیشانەکردنی دۆخی فرێزی ناوی لەگەڵ ڕێککەوتنی کرداری تیایاندا بە ئەنجام بگەیەنری[2].

هەروەها دەبێت بە بەرکاری کرداری تێپەڕ، کە ئەمجۆرە ئەرگەتیڤییە لە تافی ڕابردوودا کلیتیکی کەسی لەکرداری تێنەپەڕدا ئەرکی بکەری دەبینێت، هەر ئەم کلیتیکەش لەکرداری تێپەڕدا ڕۆڵی بەرکاری لە ڕابردوودا دەبینێت[3]، وەك لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:




لە هێڵکارییەکەدا دیارە کە کاتێك دۆخی ئەرگەتیڤی دەبێت، کە بکەری کرداری تێنەپەڕ هەمان دۆخی بەرکاری کرداری تێپەڕیدەبێت. بڕوانە(139،140).

139– ئـــادە وتـــە. تێنەپەڕ

140– ئــەدَاش ئـــادَەش وســـنـــا. تێپەڕ

## 2-2/3) ئەرگەتیڤی لە سینتاکسدا

دیاریکردنی ئەرگەتیڤی لە سینتاکسی زمانێکدا، بەستراوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئەو زمانە بکەر و بەرکار لە کارا جیادەکاتەوە.

لەم پارەدا باس لە چوار یاسای سینتاکسی دەکەین، کە ڕادەی ئەرگەتیڤی لە زماندا دەردەخەن، ئەوانیش بریتین لە:

2 Amin W.O. (1979:153)

3 سەرچاوەی پێشوو ل 153.

### 1–2–2/3) بەرزكردنەوە Raising

بەپێی ئەم یاسایە، فرێزی ناوی لە ڕستەی تەواوکەردا بۆ ڕستەی سەرەکی دەگوێزرێتەوە، وەك لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە. بڕوانە(145–أ،ب).

141–أ : It seems Ali left      دیارە عەلی ڕۆشتووە.

141–ب: Ali seems to have left      عەلی دیارە ڕۆشتووە.

لە ڕستەی141–أ دا بکەر گوێزراوەتەوە.

بەرزکردنەوە لەم زارەدا نییە[1]، چونکە بەپێی یاساکەی چۆمسکی[2]، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا کرداری ڕستە تەواوکەرەکە دەبێت ببێت بە چاووگ، بەڵام لەم زارەدا ئەمە ناکرێت، چونکە چاووگ تەنها وەك ناوێك بەکاردەهێنرێت. بەم پێیە ئەم جۆرە ئەرگەتیڤیە لەم شێوەزارەدا نییە.

### 2–2–2/3) قرتاندنی فرێزی ناوی Equi-NP deletion

ئەگەر لە ڕستەیەکدا دووپارچە(clause) هەبن و فرێزێکی ناویی لە هەردووکیاندا هەبێت، ئەوا فرێزی ناوی ڕستە تەواوکەرەکە دەقرتێنرێت. بڕوانە(146).

146– سەیرانە گەرەکش بیْ، بلۆ.      سەیران ویستی، بڕوات.

(سەیران) کە فرێزێکی ناوییە لە ڕستەی تەواوکەردا قرتێنراوە.

ئەگەر لە زمانێکدا بکەر و بەرکار بقرتێنرێن، بەڵام کارا نەقرتێنرێت ئەوا ئەو زمانە بە زمانێکی ئەرگەتیڤی دادەنرێت، هەروەها لە زمانێکیشدا ئەگەر کاراش بقرتێنرێت و بکەر و بەرکار نەقرتێنرێت بەهەمان شێوە بەزمانێکی ئەرگەتیڤی دەناسرێت، بەڵام هەر حاڵەتێکی جیاواز لەمانە بە ئێرگەتیڤ دانانرێت[1]، بڕوانە (ڕ143، 144).

143– سازانە پاسە بە سۆزانیْ کەروْ، کەpro کتێبەکەی بووانۆوە.      ڕانەبردوو

سازان وا لە سۆزان دەکات، کەpro کتێبەکە بخوێنێتەوە.

144– سازانیْ پاسەشە بە سۆزانیْ کەرد، کەpro کتێبەکەی بووانۆوە.      ڕابردوو

---

1 بە شی دووەم پاری دووەم ل 60

2 Chomsky (1972:238)

1 Robyn C. Friend (1985:4)

سازان وای لە سۆزان کرد، کە pro کتێبەکە بخوێنێتەوە.

لە ڕستەی(143،144) دا (سازان) کە بکەر/کارا ی ڕستەکەیە و (سۆزان)یش کە بەرکاری ڕستەکەیە لە ڕستەی تەواوکەردا قرتێنراون، بۆیە ئەم یاسای ئەرگەتیڤییە لە زارەکەدا نییە[تر].

## 3-2-2/3) پێکهاتەی ڕستەی لێکدراوConjunction Formation

ئەگەر دوو ڕستە بە ئامرازی لێکدەر ببەسترێنەوە، فرێزێکی ناوی لە هەردووکیاندا دووبارەبکرێتەوە، بەڵام لە ڕستەیەکیاندا ئەم فرێزە بقرتێنرێت، بەمەرجێك ئەم دوو فرێزە هەمان واتایان هەبێت و لەهەردوو ڕستەکەدا هەمان ڕۆڵ ببینین. ئەوا وەك زمانێکی ئەرگەتیڤی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بڕوانە(145-149).

145- زاوڵەکە قیژناش و زاوڵەکە لوا. مناڵەکە قیژاندی و مناڵەکە ڕایکرد. DS
146- زاوڵەکە قیژناش و لوا. مناڵەکە قیژاندی و ڕایکرد. SS
147- زاوڵەکە قیژناش و زاوڵەکە ئۆدارایش دا. مناڵەکە قیژاندی و مناڵەکە لەدارای دا. DS
148- زاوڵەکە قیژناش و ئۆدارایش دا. مناڵەکە قیژاندی و لە دارای دا. SS

لە ڕستەی(147،148)دا، بکەری ڕستەی تەواوکەر قرتێندراوە، هەروەها دەشتوانرێت بەرکاریش بقرتێنرێت وەك لە (149-أ،ب) دا دیارە، کە بەڵگەیە بۆ بوونی ئەم جۆرە ئەرگەتیڤیە لە زارەدا، کە دەتوانرێت بەرکاریش بقرتێنرێت.

149-أ دارا قیژناشو زاوڵەکە ئۆ دارایش دا. داراقیژاندی و منداڵەکە لەدارای دا. DS
149-ب دارا قیژناشو زاوڵەکەpro داشونە. دارا قیژاندی و مناڵەکە pro لێیدا. SS

Anderson[2] یش پێی وایە ئەگەر توانرا بەرکاری ڕستەی دووەم کە هەمان دەلالەتی بکەری ڕستەی یەکەمی هەبێت قرتێندرا، ئەوا لێرەدا ئەم بکەر و بەرکارە هەمان ڕۆڵی سینتاکسیان هەیە و بەڵگەیە بۆ بوونی ئەرگەتیڤی. بڕوانە (150،151).

150- لالۆ گرەواو لاوەی داش ئۆلالۆی. لالۆ گریاو لاوە دای لە لالۆ. DS

---

1 سەرچاوەی پێشوو ل 4

151– لالۆ گرەواو لاوەی داونە.                لالۆ گریاو لاوە لێیدا.                SS

لە زمانێكدا كاتێك دوو ڕستە بەهۆی دوو وشەی لێكدەرەوە پێكەوە دەبەسترێنەوە، كە فرێزی ناوی لە هەردووكیاندا هاونیشانە بێت، واتە هەردووكیان بۆ هەمان كەس یان شت بگەرێنەوە، ئەگەر لەهەردوو ڕستەكەدا ئەم فرێزە ناوییە بكەر/كارا بن و لە ڕستەی تەواوكەردا بقرتێندرێن، بەلاَم لە ڕستەی یەكەمدا بكەر/كارا بێت و لە ڕستەی دووەمدا ببێت بە بەركار، ئەوا مەرج نییە بەركارەكە بقرتێنرێت. ئەمەش بەلگەیە بۆ نەبوونی ئەم جۆرە ئەرگەتیڤیە لە زارەكەدا[2]. بڕوانە (152–أ،ب و 153–أ،ب و 154–أ،ب).

152–أ : لەند گرەوو pro مڕەمو.    لەند ئەگری و pro رادەكات.    ڕانەبردوو

152–ب: لەند گرەوو pro ئۆباكۆی مدَو.    لەند ئەگری و pro لە بكۆ دەدات.    ڕانەبردوو

153–أ : لەند گرەوا و pro ڕەما.    لەند گریاو pro رایكرد.    ڕابردوو

153–ب: لەند ڕەماو pro ئۆ باكویش دا.    لەند رایكرد و pro لە باكۆی دا.    ڕابردوو

154–أ : لەند مڕەموو باكو ئۆ لەندی مدَو.    لەند رادەكات و باكۆ لە لەند دەدات.
ڕانەبردوو

154–ب: لەند مڕەموو باكو مدَۆش ونە.    لەند رادەكات و باكۆلێی دەدات.
ڕانەبردوو

بكەری ڕستەی(154–أ) لە ڕستەی تەواوكەردا ناتوانین بەركار بیقرتێنین، ئەگەر قرتێندراش ئەوا لە شێوەی كلیتیكی بەركاریدا لە ڕستەی تەواوكەردا دەردەكەوێتەوە، وەك لە ڕستەی(154–ب)دا دیارە.
ڕستەی (154) ئەوە دەردەخات كە بەركاری ڕستەی تەواوكەر ئەگەرچی هەمان نیشانەی بكەر/كارا ی ڕستەی یەكەمی هەیە، بەلاَم ناقرتێندرێت. واتە زارەكە ئەم یاسای ئەرگەتیڤیە نایگرێتەوە.

### 4–2–2/3) ڕستەی تەواوكەر Relative Clause Formation:

ئەو ڕستانەن كە بە (كە) دەست پێدەكەن، دووبارە دوو ڕستە بەهۆی ئامرازی لێكدەری (كە)ەوە لەیەكدەدرێن، بڕوانە(155،156).

155– من ئا پیایە وینوو، كە pro مڕەمۆ.    من ئەو پیاوە دەبینم، كەpro ڕادەكات.
ڕانەبردوو

156– من ئا پیامە دی، كە pro ڕەمای ڕەمیْ.    من ئەو پیاوەم بینی، كە pro ڕایدەكرد.    ڕابردوو

له ڕستەی (155،156)دا ئەگەر بکەر/کارا لە ڕستەی تەواوکەردا بقرتێنرێت، بەڵام بەرکار نەقرتێندرێت ئەوا ئەو زمانە ئەرگەتیڤی نییە[1]، کە بکەر/کارا و بەرکار دەقرتێنرێن یاخود بە کەرەستەیەکی تر جێیان دەگیرێتەوە.
هەرکاتێك نەتوانرا کارا بقرتێنرێت، ئەوا بەڵگەی بوونی ئەم جۆرە ئەرگەتیڤییە، کە لەم زارەدا ئەم جۆرە نابینرێت، دەتوانرێت کارا/بکەر بقرتێنرێت لەبەرئەوەی زارەکە زارێکی بکەرخراوە، بڕوانە(157–160).

| | |
|---|---|
| 157– ئا توتەیە وینوو، کە گازی ئۆ پیاکەی گیرۆ. | ئەو سەگە دەبینم،کە گاز لە پیاوەکە دەگرێت. |
| 158– ئا توتەمە دی، کە گازی ئۆ پیاکەی گیری□. | ئەو سەگەم دی، کە گازی لە پیاوەکە دەگرت. |
| 159– ئا پیایا وینوو، کە توتەکە گازیشا ونەگیرۆ. | ئەو پیاوانە دەبینم،کە سەگەکە گازییان لێدەگرێت. |
| 160– ئا پییمە دییێ، کە توتەکە گازیشا ونەگیرێ. | ئەوپیاوانەم بینی، کە سەگەکە گازی لێدەگرتن. |

لە ڕستەی( 157،158)دا (توتە) لە ڕستەی سەرەکی (یەکەم)دا بەرکارە، بەڵام لە ڕستەی تەواوکەردا (دووەم)دا بکەرە و لە شێوەی کلیتیکی لکاودا بە کردارەکەوە لکاوە.

لە ڕستەی (159،160)دا (پیایا و پیی□) لە ڕستەی سەرەکی(یەکەم)دا بەرکارن، بەڵام لە ڕستەی تەواوکەر(دووەم)دا بکەرن و لە شێوەی کلیتیکی لکاودا بە کردارەکەوە لکاون.

ئەم لێکدانەوە و جۆری ئێرگەتیڤیانە دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین شێوەزاری هەورامی هەندێك لە ڕێساکانی ئەرگەتیڤی دەیگرێتەوە، بەڵام ناتوانین وەك زارێکی ئەرگەتیڤی ڕەها مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو بە تەرزی جیاوازو تایبەت لەم زارەدا ئەرگەتیڤی دەردەکەوێت.

---

Robyn C. Friend,Ph.D.(1985:8) 1

# ئەنجامەکان

1- لە شێوەزاری هەورامیدا مۆرفیمی توخم مۆرفێمێکی چالاکە و زۆرجار ناو بە پێی توخم مۆرفیمەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها ئەم مۆرفێمەکە بە کردار دەبەخشرێت لە جێکەوتەی چەسپاودایە، کە دەکەوێتە پاش مۆرفیمی کات لە کرداری ڕابردوودا.

2- زاری هەورامی،وەك یەکێك لە زارەکانی زمانی کوردی بکەرخراوەو بکەری ڕستە جێناو بەکردار دەدات، بەهەمان شێوە بەرکاریش کلیتیکی تایبەت بە خۆی هەیە و زۆرجار دەیبەخشێت بەکرداره ڕابردووەکان(جگە لە کرداری ڕابردووی بەردەوام) بۆ هێنانەکایەی ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکان.

3- دۆخ لەم شێوەزارەدا، لە زۆربار‌دا مۆرفۆلۆژییانە لە سەر بکەر و بەرکار و دەرخەری فرێزی ناوی دەردەکەوێت، لە هەندێك باری تردا لە شێوەی دروستەیدا دەردەکەوێت.

4- شێوەزاری هەورامی شێوەزارێکی سەرکۆتاییە، لە فرێز و ڕستەکاندا، جگە لە فرێزی پێشناوی نەبێت، کە سەرسەرەتایە و حوکمکردن لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

5- گواستنەوە لەم شێوەزارەدا نییە، جگە لە لاگرگواستنەوە نەبێت، بەم پێیەش گواستنەوە لە ڕستەی پرس و نادیاری و فرێزی ناویدا نییە، بەڵکو هەندێ یاسای بەرایی وەك قرتاندن و لابردن و جێگۆرکێی هەندێك کەرەستە بەپێی ویستی قسەکەر و بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەند لە ئاخاوتنی زارەکەدا دەبینرێن.

6- pro ی بچووك لەم زارەدا وەك کاتیگۆرییەکی بەتاڵ هەیە، لە گەڵ کەرەستەکانی تری ڕستەدا، کە بە جێکەوتەبەیەکەوە دەبەسترێتەوە و حوکم دەکرێت و هاونیشانە دەکرێت.

7- هەردوو بکەر/کارا یەکیان گرتووە، دۆخی ئەرگەتیڤییان پێدراوە، بەرکار دۆخی ناڕاستەوخۆی پێدراوە، بۆیە ئەم شێوەزار زارێکی تاڕادەیەك ئێرگەتیڤییە واتە ڕیزبوونی کەرەستەکانی (بکەر/کارا–بەرکار–کردار)ە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## 1- بە زمانی کوردی:-

### أ- کتێب


1- ئازاد ئە حمەد حـ سەین، سینتاک سی کرداری لێ کدراو لە شێوەزاری هەورام یدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان، 2009ز.

2- ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بە شی سێیەم ئاوەڵناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغداد 1992ز.

3- جمال حبیب الله، لە بابەت رێزمانی هۆرامییەوە، بەرگی یەکەم ( ناو ، جێناو، ئاوەڵناو) چاپەمەنی پەیڤ، مەریوان،2007ز.

4- سامی سەعید هیرا نی، بەراوردکردنی ز مان، چاپخانەی وەزاره تی رۆ شنبیری هەولێر،2009ز.

5- سەلام ناوخۆش، پوختە یەك دەر بارەی زماننا سی، چاپخانەی چوار چرا، هەولێر،2005ز.

6- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستە لە زمانی کوردیدا، دار الحرية للطباعة، بە غداد 1986ز.

7- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، بغداد، 1981ز.

8- محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی،2001ز.

9- محەمەد مەحویی و نەرمیین عومەر، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، شارەوانی سلێمانی 2004ز.

10- محمد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، دار الحکمة، هەولێر،1990ز.

11- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر 2010.

12- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەلێر، 2004ز.

ب- نامەی زانکۆیی:-

1- ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەرکی ئەدڤێربلێ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی،2001ز.

2- ئاواز حمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1996ز.

3- ئەحمەد حسەن فەتحولآ، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1990ز.

4- بەکر عومەر عەلی، بەستن و قرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلآحەدین، هەولێر، 1992ز.

5- تارا محسن قادر، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2004ز.

6- تاڵیب حسین عەلی، چەند لایەنێك لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کورد یدا، نا مەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1998ز.

7- حاتەم ولیامحمد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کر مانجیی ژووروودا، نا مەی ما ستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2000ز.

8- حاتم ولیامحمد، پەیوەندی یە ڕۆنانی یەکانی نواند نە سینتاکسییەکان، نا مەی دک تۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2006ز.

9- دیار عەلی کمال کەریم، ڕیزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نا مەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر 2002ز.

10- سەباح رشید قادر، هەندێ لایەن لە ڕێزمانی دەسەلآت وبەستنەوە لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی،2007ز.

11- شلێر ر سول محە مەد بەرزنجی، یا ساکانی داڕ شتنی لاڕ ستەی دیار خەری لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، 2002ز.

12- شێرزاد سعیدصدیق، ڕستەی زمانی کوردی بەپێی ت یۆری ( کاتیگۆری و پێوا نە) ی هالیدەی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر 2008ز.

13– عبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کورد یدا، نا مەی ما ستەر، ، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2005ز.

14– عبدولجەبار مستەفا مەعروف، درو ستەی ڕ ستەی ئاڵۆز لە ز مانی کورد یدا، نا مەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2009ز.

15– عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 1991ز

16– عیرفان مستەفا حەمەڕەحیم، ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورام یدا، نا مەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2003ز.

17– فەرە یدوون عە بدول محە مەد، چەند لا یەنێکی ڕستە سازی زاری هەورامی، نا مەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 1998ز.

18– ڤیان سلێمان حاجی، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بە ستنەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2007ز.

19– مزگێن عبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤی لەزمانی کورد یدا، نا مەی ما ستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2006ز.

20– محمد عومەرعول، کردەی تەواوکردن، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2008ز.

21– مهاباد کامل عبدالله، کار له کرمانجی خوارو هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 1996ز.

22– یوسف شەریف سعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر– هەندێ لایەنی ڕستە سازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1990ز.

پ– ڕۆژنامە و گۆڤار:–

1– بەکر عومەر عەلی، ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام و ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشی(B) ژمارە (12)،2003ز.

2– بەکر عومەر و هۆگر محمود، بەدواداهاتنی کات لەکەڵە ڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B) ژمارە (9)،2002ز.

3–ساجدە عبدالله فرهادی و د.طالب حسین علی، گرێ و جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردی دا،الأستاذ، ،ژمارە56 ،جامعە بغداد، 2006 ز.

4– محەمەد مەعروف فەتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کورد یدا، 1990 ڕۆشنبیری نوێ ژمارە 125.

ت– باسی بلأونەکراوە:–

1– فەرەیدون عەبدول محەمەد، جێکەوتەی مۆرفێمی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا.

## 2- به زمانی ئینگلیزی

### أ- کتێب :-

**Amin W.O. (1976), <u>Some fundamental rules of Kurdish syntax structure</u>, London( unpublished Mlit thesis).**

**Amin W.O.(1979), <u>Aspects of verbal construction in Kurdish</u>, un Published thesis, university of London.**

**Andress Holmberg and David Odden(2004), <u>Ergativity and role-Marking in Hawrami</u>, University of Leipzig & Max plank institute of evolutionary Anthropology.**

**Andrew Sponcer and Arnold M.Zwicky(2001), <u>the Hand book of morphology</u>, Black well publishing.**

**Bekhal latif Muhedeen(2008), <u>A study of Parametric Variation in English and Kurdish</u>, unpublished thesis, university of Sulaimani.**

**Chomsky,N.(1973), <u>The logical structure of linguistic theory</u>, New York, Plenum.**

**Chomsky,N.(1986),<u>lectures of government and Biding, the pisa lecture</u>, 4th ed., forisi Holland, .**

**Crystal, D.(1992), <u>An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages</u>, Oxford: Black well.**

**Crystal, D.(2003), <u>A dictionary of linguistics and phonetics</u>, 5th ed.,Black well: Oxford.**

**David C. Bentt, Theodora Bynon and B.George Hewitt(1995), <u>Subject voice and ergativity</u> , School of Oriental and Africa Studies,University of London.**

**Fattah,M.M.(1997), A Generative Grammar of Kurdish, unpublished Ph.D. dissertation, university of Amsterdam.**

**George Davidson(2006), Phrases, Clauses and Sentences, B&Jo Enterprise Pte.Ltd.Singapore.**

**Marjori, J. Mcshane(2005), A theory of Ellipsis, Oxford university press.**

**Maggie Tallerman(1998), Understanding syntax, Arnold: London.**

**Nigel Fabb(2005), Sentences structure, Routledge:London.**

**ب- ماڵپەڕەکان :**

**1- MacKenzie, D.N., Kurdish dialect studies I and II, London, Oxford , university press, 1961. http://www.kurdishacademy.org/?q=node/377.**

**2- Robyn C. Friend, Ergativity in Sulaimaniye Kurdish, Annual Meeting of Middle East Studies Association, Ph.D. thesis, November 1985. http://home.earthlink.net/~rcfriend/ESK.htm**

**3- بە زمانی فەرەنسی:-**

**1- Noam Chomsky(1957), Structures syntaxique, Editions du Seuil, traduit par Michel Bradeau.**

# الخلاصة

هذه الدراسة تدرس ( بعض العمليات النحوية في اللهجة الهورامية ) في ضوء الدراسات التي أجريت على اللهجة الكرمانجية الوسطى من منطلق القواعد التحويلية و التوليدية، والتي كانت سندا في تطبيق منهج التحليل الوصفي على المواد اللغوية للهجة الهورامية من أجل الوصول الى التعرف على النقاط المشتركة بين لهجات لغتنا الكردية.

و تبعا لمنهج بحثنا المعتمد انقسمت فصول الدراسة الى ما يأتي:

الفصل الاول : عرض لبنية العبارة في اللهجة الهورامية التي تكونت بقانون نهاية التركيب.

الفصل الثاني: تم فيه التحليل المناسب بالأمثلة الوافية لقواعد التحويل و تسلسل مواد العبارة و الجملة.

الفصل الثالث : يتألف من مبحثين:

المبحث الاول: تم فيه توضيح حذف المواد التي أجيزت لها الحذف.

المبحث الثاني: بحث ظاهرة التفاعل بين الوحدات في اللهجة الهورامية، وقد حددت اللهجة كلهجة شبه الاركتيفية.

# Abstract

Analyses and investigation that have been conducted on the Kurdish Middle Dialect from the perspectives of Generative and Transformational Grammar provide a firm foundation for practicing descriptive analysis on Hawrami dialect materials. The reason was mainly to pin down mutual aspects of the different dialects of Kurdish language; from this perspective, the current research endeavor to introduce the phrasal structures in Hawrami dialect in the first chapter through rules of ending government structure.

The second chapter presents the transformational rules as well as categorical arrangement of phrases and sentences language materials supported by necessary examples analysis.

Meanwhile, the third chapter consists of two parts, the first part shows the possible and allowable ellipsis in the dialect and the second part describes the ergative side of the dialect and judges it as a semi (half) ergative dialect.